■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فوئاد سـدیق
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@yahoo.com
تەلەفون: ٢٢٣٢٣٨٥
مۆبایل: ٠٧٥٠٤٤٥٢٣٥٨

■ جێگری سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hussn
frhd_mhmd@yahoo.com
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
شوان تاڤینگ
Managing Editors
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ و دیزاین
لوقمان ڕەشیدی

■ بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان
ساڵح عومەر قادر
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com

■ فایلەکان
هاوژین عومەر: کۆمەڵایەتی
شەماڵ نووری: ئابووری
مەهدی حاجی ساڵح: ڕەنگاوڕەنگ
سەنگەر شنۆیی: IT
خەلیل بلەیی: هونەری
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری
تەنیشت مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (پ.د.ك)

ژمارە (٦٧٢) ٢٠٠٨/٢/١٨

پرۆفیسۆر چەیم کۆفمان لە زانکۆی لیهی
Lihigh بۆ گوڵان

## سوود لە دۆستایەتی ئەمەریکا وەربگرن، بەڵام سیاسەتەکانتان لەسەر بنەمای پشت بەستن بە ئەمەریکا دامەڕێژن




## ئەیوبی ٥ ساڵ بە دڕندانەترین شێوە

بە دەستی باوکی کوژرا ...



## کچێک

بە ماچ بازاڕ پەیدا دەکات



هونەرمەند حەسەن شەریف:

## لە باکووری کوردستان ڕاپەرینێکی گۆرانی دەستپێکردووە و لە باشوور بە پێچەوانەوەیە



## بۆ گۆڤار و ڕۆژنامە فرۆشەکان

ئەگەر ژمارەی نوێی (گوڵان)، لەلات نەما، پەیوەندی بە کۆشکی تەتەر لە هەولێر ژمارە ٠٦٦٢٥٩٢٩٣٨ بکە، بۆ ئەوەی بتوانی گوڵان وەربگری.

### لەسەروبەندی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا

# پرسە گرنگەکان

(٣-٤)



**سالار عوسمان**

Salar osman@yahoo.com

یەکێ لەو پرسە گرنگانەی کە پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەڵوەستەی لەبارەوە بکات پرسی راگەیاندنە لە کوردستاندا، ئەگەر کەمێك بگەڕێینەوە بۆ نێو مێژوو، مێژووییەکی زۆر دوورنا، بەڵکو نزیك دەبێ وەك سەرەتا باس لە راگەیاندن بکەین لەسەردەمی شۆڕشدا، ئەوکات راگەیاندن ئەرککگەلێکی وەئەستۆ گرتبوو لەسەرروویانەوە ناساندنی مەسەلەی سیاسیی کوردستان و هەقیانەتی کێشە رەواکە و لە پاڵیشدا کەم تا زۆر بایەخی بە لایەنە کلتووریی و کۆمەڵایەتی و هونەرییەکان دەدا، لێ زۆرتر راگەیاندن مژوولی ئەرکە سیاسیی و نەتەوەییەکان بوو، هەر دەبوا واش بێ، چونکە هەلومەرج و قۆناغەکە وای دەخواست و ئەو مێژووەش هەم مایەی حورمەتە و هەمیش دەبێ وەك سەرچاوە سوود و پەندی لێ وەرگرین، دیارە دوای ئەو قۆناغە قۆناغێکی دیکەی گرنگ دێت کە ئەمیش قۆناغی دوای راپەڕینە کە هەندێ لە رۆژنامەوانان بە زێڕینترین قۆناغی راگەیاندن و رۆژنامەگەریی هەژماری دەکەن لە مێژوودا، هەر واشە چونکە هەم دەگەڵ ئازادیدا و هەمیش دەگەڵ ژیانی ژیار و شاردا و هەمیش دەگەڵ کرانەوە و پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکاندا تێکەڵ بوو، ئا لەم قۆناغەدا و لەگەڵ ئەم تێکەڵبوونەدا راگەیاندنی کوردی خۆی گۆڕی، بەڵام خۆگۆڕینێك حزبی بەسەریدا زاڵ، لێ لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقدا گۆڕانەکە زێتر وەدیار کەوت و کرانەوە زۆر لە بازنە داخراوەکانی پچڕاند و دەکرێ بڵێین لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقدا بزاڤێکی نوێتر کەوتە نێو راگەیاندن و راگەیاندنی دەگەڵ خۆیدا بەراستە رێیەکەدا برد کە ئەویش بەپیشەبوونی زیاتری راگەیاندنە لە کوردستاندا، ئەم بەراستەڕێ رۆیشتنە هەم راگەیاندنی کوردستان قازانجی لێکرد هەمیش ئەو حزب و لایەنانەی کە لە پشت ئەو راگەیاندنانەن، دیارە هەموو ئەم پرۆسەیە و کۆی هەموو ئەو هەوڵ و هەنگاوانەش لە سایەی ئازادیی کوردستاندا بەڕێوە دەچێت کە سیستەمی سیاسیی کوردستان وێنە و رەنگرێژی دەکات، کە واتە ئازادیی و جۆری تێگەیشتنی سیستەمی سیاسیی بۆ چەمکی ئازادیی ئەم زەوینە لەبار و ژینگە رەخساوەی خولقاندووە، بەڵام هەر لێرەدا و لە نزیك ئەم چەمکەدا (چەمکی ئازادیی) دەمەوێ قسە لەلایەنێکی گرنگی پرسی میدیا بکەم کە ئەویش (میدیای دژە وڵات)ە!!..

نازانم ئەم ناولێنانە چەندە لەبار و گونجاوە، بەڵام هێندە دەزانم لە پەنای ئازادیدا، لەنێو کەشی کرانەوە و دیموکراسییدا خەریکە میدیایەك سەر دەردێنێ بەڵام سەرێکی کز کە ئەویش میدیایەکە هیچ ئەرکێکی نییە جگە لە دژایەتی وڵات و ئەزموونی سیاسی و دەسکەوتەکان!... ئەم میدیایە (میدیای دژە وڵات) هەموو پێوەرە پیشەیی و ئەخلاقی و ستاندەرەکانی جیهانی پشتگوێ خستووە و بێ بنەما، بێ بەڵگە تەنێ خەریکی (درۆ، جنێو، ناوزڕاندن، فیتنە، ئاژاوە، دووبەرەکی، گومان، ژەهرڕەشتن،....تاد)ن!! .. ئەم میدیایە (میدیای دژە وڵات) لەنێو خۆ و دەرەوە هەن، لەنێو راگەیاندنی کوردی و کوردستانی و عەرەبی و بیانی هەن!!.. دەستیان لە پشتە دەستی نێو خۆ و دەرەوە!!.. خەریکە ئەوەی دوژمن لە زەمەنی ئێستادا پێی ناکرێ ئەوان لە رێگەی ئەم تەرزە میدیایەوە دەیکەن!!..

بۆیە بەبڕوای من کاتی ئەوە هاتووە لایەنە پەیوەندارەکانی راگەیاندن لە کوردستان لەسەری بوەستن، ئەمە بە چەند نووسین و وەڵام و وەڵامدانەوەیەك چارەسەر ناکرێ، ئەمە کاری دوژمنە و دوژمنیش دەبێ سەنگەری لێ بگیرێ!.. بۆ ئەم سەنگەرگرتنەش باشترین و لەبارترین چەك(یاسا)یە، ئێستا یاسای کاری رۆژنامەنوسی لە پەرلەمانی کوردستانە و هەق وایە ئێمەی رۆژنامەنووسان کار بۆ ئەوە بکەین یاسایەکی لەبار کە بگونجێ لەگەڵ سەردەمی ئەمڕۆی دونیا پەسەند بکرێ، بەڵام پێویستە یاسایەك بێت هەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستان و باری سیاسیی ناوچەکە و تەحەدیات و گرفتە زۆرەکانی بەردەم دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان و ناسکی قۆناغەکە رەچاو بکات و بە کورتی یاسایەك بێت بەرژەوەندییە نەتەوەیی و سیاسی و میللی و کلتووریی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان بەرز راگرێ و لەمپەرێکی بەهێزیش بێ لەبەردەم جنێو درۆ و ناوزڕاندن و نانەوەی دووبەرەکی و... تاد..!.. بە بڕوای من ئەمە کاری هەموومانە بەتایبەت هی رۆشنبیران و رۆژنامەنووسانی کوردستان کە هاوکار بین بۆ ئەوەی یاسای کاری رۆژنامەنوسی لە کوردستان یاسایەك بێت لە پێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان!.

# کورد و حکومەتی نوێی بەغدا و شێوەی هاوپەیمانییەتەکانی ئاینده



فەیسەڵ دەباغ

پاش پەسند کردنی هەر سێ یاساکەی بودجە و ئەنجوومەنی پارێزگاکان و لێبوردنی گشتی لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقەوە، کە خەریك بوو لە بارەی پەسند نەکردنیان وڵات تووشی تەنگژەیەکی سیاسی گەورە بکات و ببێتە هۆی هەڵوەشانەوەی ئەو ئەنجوومەنە، هێز و لایەنە سیاسییەکان لەگفتوگۆی ئەوە دان کە چۆن حکومەتێکی نوێ دووبارە بە سەرۆکایەتی مالیکی پێك بهێنن.

راستە بەر لەماوەیەك هەندێ لایەنی سیاسی داوای گۆڕینی مالیکیان دەکرد، بەڵام ئێستا زۆربەی هەرە زۆریان کۆکن لەسەر ئەوەی کە هیچ ئەلتەرناتیڤێك بۆ مالکی نییە.

مەسەلەی گۆڕینی مالیکی بە یەکێکی تر کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە رەزامەندی ئیدارەی ئەمەریکا و مەرجەعییەت و گشت هێزە سیاسییەکانی عێراقەوە هەیە، بەتایبەتی ئەو هێز و لایەنانەی کە سەر بە مەرجەعیەت نین، بەڵام حیسابیشی بۆ دەکەن. ئەمەریکا لەبەر هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆمار و ململانێی نێوان دوو حزبە سەرەکییەکە (کۆماری و دیموکراتی) کە عێراق بووەتە بابەتی سەرەکی ئەو ململانێیە، بە گۆڕینی مالیکی رازی نییە و پێی وایە ئەو مەسەلەیە تەنگژەیەکی دیکە لە عێراق دروست دەکات کە کاریگەری لەسەر کەشی هەڵبژاردنەکە دەکات و ئیدارەی ئەمەریکاش ئەو کاتەی لەبەردەم نەماوە تاخۆی خەریکی مەسەلەیەکی وا بکات.

مەرجەعیەتیش، هەرچەندە بە ئاشکرا ناڵێ من لەگەڵ مانەوەی مالیکیم، بەڵام ئەو کارەی پێخۆشە لەبەر دوو هۆ:

١- پاراستنی ئەو دوو دەستکەوتانەی کە تائێستا هاتوونەتە دی، بەتایبەتی بۆ ئیئتیلافی یەکگرتوو کە کاتی خۆی بە موبارەکەی ئەو مەرجەعیەتە پێکهێنرا.

٢- نەوەکو مەسەلەی گۆڕینی مالیکی ببێتەهۆی زیاتر هەڵوەشانەوەی ئەو قەوارەیەی کە لەلایەن مەرجەعیەتەوە پشتگیری دەکرێ.

سەبارەت بەهێزە سیاسییەکانی دیکەی عێراقەوەش، راستە ئارەزوویەکی وا لە ئارادا هەبوو کە مالیکی بێتە گۆڕین، بەتایبەتی لەلایەن ئەنجوومەنی باڵاو هاوپەیمانی کوردستانی و هەندێ لایەنی تر، بەهۆی پشتگوێ خستنی هەندێ پرس کە رێککەوتنیان لەسەر کرابوو و هەروا نارازی بوون لە ئەدای مالیکی و حکومەتەکەی و پیادەکردنی تاکرەوی لەبڕیارداندا، بەڵام لەبەر ئەو هەڵوێستەی ئیدارەی ئەمەریکا و ئارەزووی مەرجەعیەت لە مانەوەی مالیکی ئەوانەش خۆیان لە قەرەی ئەو مەسەلەیە نەدا و رازی بوون کە حکومەتێکی نوێ بە سەرۆکایەتی مالیکی پێك بهێنرێ.

ئێستا پاش بڕیاردان لەسەر مانەوەی مالیکی و پێکهێنانی ئەو حکومەتە نوێیە، دیدی هێزە سیاسییەکانی عێراق دابەش بووەتە سەر دوو تیۆر:

١- داوای دەست لەکارکێشانەوەی حکومەتی ئێستا و پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ بەسەرۆکایەتی مالیکی دەکات کە ژمارەی وەزیرەکانی لە ٢٣ وەزیر زیاتر نەبێت.

٢- داوای گۆڕانکاری دەکات تەنیا لەو وەزارەتانەی کە تا ئێستا بێ وەزیرن، ئەمە سەرەڕای بەشداریکردنی لایەنی نوێ لە حکومەتدا.

ئاڵۆزی لە جێبەجێکردنی ئەو دوو تیۆرە و ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە حکومەتدا بۆ قورسی ئامادەکردنی ئەو چێشتە سیاسییە دەگەڕێتەوە کە پێویستی بە تەوافوقێکی تایفی و سیاسییەوە هەیە، بەتایبەتی لەباری گۆڕینی تەواوی وەزیرەکان، کە ئەمەش لەلایەن مەرجەعیەتەوە پشتگیری دەکرێ، کە پاش سەردانەکەی عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرۆك کۆمار بە دوو رۆژ، سەرۆك کۆماریش سەردانی کرد و لەگەڵ ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی کۆبووەوە و پاش کۆبوونەوەکەش سەرۆك کۆمار بەمیدیاکانی راگەیاند کە مەبەست لەو سەردانەی سوود وەرگرتنە لە رێنوێنی مەرجەعیەت سەبارەت بە پێکهاتەی داهاتووی حکومەت.

پاش تێپەڕبوونی شەش مانگ لەسەر تەنگژەکەی حکومەت، بە کشانەوەی (تەوافوق) و (لیستی ئەلعێراقیە) و پاشان رەوتی سەدر و سەرهەڵدانەوەی ناکۆکییەکان لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستانیدا، گەورە بەرپرسانی عێراق هەریەکە و رووی لە مەرجەعییەت کرد، بێ ئەوەی مەرجەعییەت چرای سەوز بۆ هیچ یەکێکیان هەڵکاتەوە.

بە قسەی وەکیلەکانی ئایەتوڵڵا سیستانی، مەرجەعییەت خۆی لە سیاسەتکاران و وردەکاری مەسەلەی ئەنجامدانی گۆڕانکاری دوور راگرتووە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە نەوەك بۆ مەبەستێکی سیاسی رای مەرجەعییەت ئیستغلال بکرێ، وەك ئەوەی کە لە دوا هەڵبژاردندا رووی دا، بەڵام ئەو خۆ دوور راگرتنەی مەرجەعییەت، ئەگەر رووکەشیش بێت، رێگر نەبوو لەبەردەم ئەو سیاسەتکارانەی کە سەردانی نەجەفیان کردبوو، بێینە قسەو بڵێین: توانیومانە پاڵپشتی مەرجەعیەت وەدەست بێنین.

جێگری سەرۆك کۆمار تاریق ئەلهاشمی پاش سەردانەکەی بۆ نەجەف بە میدیاکانی راگەیاند کە مەرجەعییەت پاڵپشتی پلانەکەی کرد بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری پێویست لە حکومەتدا و هەروا سەبارەت بە نوری مالیکی کە بەر لە تاریق ئەلهاشمی ئەویش سەردانی ئایەتوڵڵا سیستانی کردبوو و رایگەیاند کە مەرجەعییەت پاڵپشتی بۆچوونەکانی دەکات.

پاش ئەو دووەش هەریەك لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی و راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی موەفەق ئەلروبێعی و سەرۆکی قەوارەی ئیئتیلافی یەکگرتوو سەماحەتی سەید عەبدولعەزیز ئەلحەکیم و سەرۆك وەزیرانی پێشوو ئیبراهیم ئەلجەعفەری و هەندێ لە وەزیر و پەرلەمانتارانی عێراق، پاش سەردانیان بۆ نەجەف هەر هەمان ئەو پشتگیرییەی ئایەتوڵڵا سیستانیان دووپاتکردەوە.

بێجگە لە قسەکانی سەرۆك کۆمار و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێموایە زێدەڕۆییەك لەقسەکانی ئەوانیتر بەدی دەکرێ، ئەنجوومەنی باڵاپێی خۆش بوو مالیکی بێتە گۆڕین و عادل عەبدولمەهدی جێی بگرێتەوە، هەتا سەرکردەیەکی ئەنجوومەنی باڵا ئەوەی راگەیاندبوو کە عەبدولمەهدی لە مالیکی بە تواناترە

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

و دەتوانێ سەرکردایەتی قۆناغی داهاتوو لە عێراق بکات. راستە عادل عەبدولمەهدی لەچاو پێکەوتنێکدا ئەوەی رەتکردەوە کە هەوڵی جێگرتنەوەی مالیکی دابێ، بەڵام لە هەقیقەتدا مەسەلەکە هەرواەبوو.

جەعفەریش بەهەمان شێوە هەوڵی وەدەستهێنانی ئەو پۆستەی دەدا و بۆ ئەو مەبەستەش خەریکی دامەزراندنی قەوارەیەک بوو بە ناوی "چاکسازی نیشتمانی".پلانەکەی ئەلهاشمیش هەر بۆ ئەوە بوو کە مەرجەعیەت بە گۆڕینی مالیکی قایل بکات، بەڵام ئەو سێیە مەسەلەکەیان بۆ نەچووە سەر و سەرۆک کۆماریش هەر پاش دیدارەکەی لەگەڵ ئایەتوڵڵا سیستانیدا مەسەلەی مانەوەی مالیکی یەکلاکردەوەو رایگەیاند کە گۆڕانکاری لە حکومەتدا نوری مالیکی ناگرێتەوە و کۆدەنگییەک بۆ مانەوەی هەیە و ئەو ئاخاوتنەی سەرۆک کۆماریش وەک وەڵامێک بوو بۆ ئەو راپۆرتە سیاسی و ئیعلامییانەی کە وایان بڵاوکردبۆوە گوایە هەندێ قەوارەی سیاسی گرنگ کار بۆ گۆڕینی مالیکی دەکەن، ئەویش بە پاڵپشتی کورد وئەنجوومەنی باڵا و حزبی ئیسلامییەوە، کەواتە مالیکی لەو پۆستەی خۆیدا دەمێنێتەوە، کە ئێستا ماوەی یەک هەفتەی پێدراوە بۆ ئەوەی ئالیەتی پێکهێنانی حکومەتی نوێ پێشکەش بە ئەنجوومەنی راپەڕاندن بکات، واتە یەک لە دوو تیۆرەکە هەڵبژێرێ.

لایەنگرانی چارەسەری ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکی گشتگیر (تیۆری یەکەم) هەندێ کێشە دەخەنە روو کە تایبەتن بە سیاسەتی دابەشکردنی حزبەکان لەناو قەوارە سیاسییەکاندا. ئەوانە پێیان وایە کەمکردنەوەی پۆستە وەزارییەکان لە ٣٦ پۆستەوە بۆ ٢٣ پۆست دەبێتە هۆی دروستبوونی ململانێیەک دەربارەی عائیدیەتی ئەو پۆستانە، بەتایبەتی پۆستە سەرەکییەکان، ئەمە سەرەڕای داواکاری کورد بە گۆڕینی وەزیری نەوتی ئێستا حوسێن شەهرستانی کە دژی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستانە و کوردیش ئەو دژایەتییە بە هۆکارێکی شەخسی نەک سیاسی دادەنێ، کە ئەمەش وا نییە.

بەرەی تەوافوقیش کەپێی وایە مالیکی دەستی بەسەردوو وەزارەتەکەی ئەوی گرتووە (بەرگری و پلاندانان) داوا دەکات ئەو دوو وەزارەتە بۆ ئەو بەرەیە بگەڕێتەوە، ئەمە سەرەڕای بەکاراکردنی دەسەڵاتی جێگری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری ئەمنی کە پێیوایە مالیکی ئەو دەسەڵاتەی لێ وەرگرتووە و بە نووسینگەی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی بەخشیوە.

بەڕای من گیروگرفتی ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە حکومەتدا زۆر ئاڵۆزە، هەتا ئەگەر ئەو گۆڕانکارییە تەنیا پڕکردنەوەی وەزارەتە بێ وەزیرەکانیش بێ کە خۆی لە ١٧ وەزارەت دەدات، بەتایبەتی ئەگەر زانیمان بە درێژایی ماوەی رابردوو مالیکی نەیتوانی متمانەی پەرلەمان وەرگرێ سەبارەت بە پاڵێوراوەکانی خۆیەوە.

کورد پاش ئەزموونێکی تاڵ سەبارەت بە بودجە و بەرکەوتی هەرێمی کوردستان لەو بودجەیە و ئەو هەموو گیروگرفتەی کە بۆی دروست دەکرێ، پێویستە خۆی سەرلەنوێ رێک بخاتەوە و چاو بە هاوپەیمانییەتە کۆنەکانی خۆی بخشێنێتەوە، بەتایبەتی کە دوو کێشەی گەورەی لەبەردەمدایە کە یەکێکیان ماددەی (١٤٠) و ئەویتریان گرێبەستە نەوتییەکانییەتی.

پارساڵ پارتی و یەکێتی دوو جۆرە هاوپەیمانیەتیان بەست، یەکەمیان کە بە چوار قۆڵی ناسراوە و لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵا و حزبی دەعوە بوو دووەمیشیان لەگەڵ حزبی ئیئتیلافی عێراقی بوو، بەبێ ئەوەی ناوی هاوپەیمانی سێ قۆڵی لێ بنرێ، ئەویش وەک حسابکردنێک بۆ هەڵوێستی حزبی ئیسلامی بەرامبەر بە قەوارەکەی لەناو پەرلەماندا. کەواتە جیاوازی لەنێوان هەردوو هاوپەیمانییەکە تەنیا چەند مانگێکە، بەڵام لەو ماوە کورتەدا چەند هەڵوێستێکی جیا لەلایەن هاوپەیمانەکانی دوێنێ روویدا.

هاوپەیمانی یەکەم بۆ قایمکردنی کورسییەکەی مالیکی بوو، دووەمیشیان بۆ ئاگادارکردنەوەی بوو، بەتایبەتی پاش ئەو هەموو ناکۆکییەکەی کەکەوتە نێوان مالیکی و کوردەوە، کە بەڕای من ئەو تەنگژەیە واقیعێکی نوێی دروستکرد و ئەو واقیعەش هەندێ زیانی بە کورد گەیاند.

بە پێچەوانەی ویستی پارتی و یەکێتی لەهاوپەیمانییەتەکەیاندا لەگەڵ حزبی ئیسلامی کە لاوازکردنی حکومەتی مالیکی بوو، بەم رەفتاریان مالیکیان بەهێزتر کرد. نزیکەی ١٥٠ پەرلەمانتار یاداشتێکیان مۆرکرد کە تیایدا لاگیری هەڵوێستی حکومەتی مالیکیان کرد سەبارەت بە گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان، هەروا داوای چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوکشیان کرد بەرێگەیەکی تەوافوقی کە ئەمەش لە بەرژەوەندی کورددا نەبوو.

کارەکە هەر بەوەندە رانەوەستا، ئەو قەوارە سیاسییانەی کە بوونە هۆی لاوازکردنی مالیکی، پاش ئەوەی کە لە حکومەتەکەی کشانەوە، ئێستا خەریکی گەڕانەوەن بۆ ناو ئەو حکومەتە، ئەمە سەرەڕای لێدوانی هەندێ سەرکردەی ئەنجوومەنی باڵا کە بە حیساب نزیکترین قەوارەی سیاسییە لە کورد، وەک دژایەتی کردنیان بۆ ماددەی ١٤٠ و هەروا گرێبەستە نەوتییەکان. هاوپەیمانییەتی جۆرە تەکتیکێکی سیاسییە بۆ هێنانەدی هەندێ ئامانجی نزیک. ئەوەی تا ئێستا بە دیمان کردووە ئەو هاوپەیمانییەی کورد لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا و لە چوارچێوەی پرۆسەی سیاسی عێراقدا هاوپەیمانییەکی لاواز بووە. ئەوەی چاوەڕوان دەکرێ ئەوەیە کە لە دوو ساڵی داهاتوودا جۆرە هاوپەیمانییەکی تازە سەبارەت بە دوو مەسەلەوە سەرهەڵبدەن:

١- مەسەلەی کەرکووک

٢- مەسەلەی فیدراڵیەتی ناوەڕاست و باشوور.

هاوپەیمانی کوردستانی کە کێشەی کەرکوک بە کێشەیەکی سەرەکی کورد دادەنێ خەریکە بەرهەڵستکارییەکی گەورەی لەبەردەمدا دروست دەبێ. نەک هەر ئەوە و بەس، بەڵکو ئێستا چەند دەنگۆیەک لەناو قەوارەی ئیئتیلافی یەکگرتووشدا پەیدا بووە کە داوای هەرێمێکی سەربەخۆ بۆ کەرکوک دەکەن.

پاشان خەریکە ئەو کێشەیە بوعدێکی نێودەوڵەتی وەردەگرێ، بەتایبەتی پاش هاتنی UN بۆ سەر خەت و دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بۆ شەش مانگی تر و رەزامەندی لایەنە پەیوەندارەکانیش (بە ئیرادە یان بەبێ ئیرادەی خۆیان) لەسەر ئەو دواخستنە. ئەمە سەرەڕای عەرزی عەزەلاتی تورکیا وئەنجامدانی چەند کردەیەکی سەربازی لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا بە هەنجەتی بوونی هەندێ چەکداری پەکەکە. کێشەی دووەم فیدراڵیەتی ناوەڕاست و باشوورە کە ئەنجوومەنی باڵا بانگەشەی بۆ دەکات و لەلایەن چەند قەوارەیەکی سیاسییەوە (شیعە و سوننە) دژایەتی دەکرێ بە هەنجەتی ئەوەی کە ئەو فیدراڵیەتە دابەشکردنی عێراق دەکا بە ئەمری واقیع.

بەڕای من ئەو دوو مەسەلەیە دەبنە تەوەری ململانێی داهاتوو لە عێراقدا و خاڵی توندو شلکردن و ئاڵۆگۆڕی بەرژەوەندییەکان و ئەنجامدانی چەند سەقفەیەک لە نێوان بژاردە سیاسییەکاندا کە دەبێ کورد هەر لە ئێستاوە خۆی بۆ ئامادە بکات.

**گرفتی ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە حکومەتدا زۆر ئاڵۆزە بەتایبەتی ئەگەر زانیمان بە درێژایی ماوەی رابردوو مالیکی نەیتوانی متمانەی پەرلەمان وەرگرێ سەبارەت بە پاڵێوراوەکانی خۆیەوە**

**ئەوەی تا ئێستا بەدیمان کردووە ئەو هاوپەیمانییەی کورد لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا و لە چوارچێوەی پرۆسەی سیاسی عێراقدا هاوپەیمانییەکی لاواز بووە. ئەوەی چاوەڕوان دەکرێ ئەوەیە کە لە دوو ساڵی داهاتوودا جۆرە هاوپەیمانییەکی تازە سەبارەت بە دوو مەسەلەوە سەرهەڵبدەن مەسەلەی کەرکووک مەسەلەی فیدراڵیەتی ناوەڕاست و باشوور**

# پەسندکردنی سێ قانوونەکەو چەند سەرنجێک!



ئاسۆ کەریم

• پاش بینــەو بەردەیەکی زۆر، چوارشــەممەی چووی، بەیەکجارو بەیەك پاکێــج، پەرلەمانی عێراق (بە حاڵە حاڵ) بڕیاری لەسەر سێ پرۆژە قانوون دا: (بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ی عێراق بە ١٧٪ی کوردستانیشەوە، لێبوردنی گشتیی سنووردار، پێکهێنانی ئەنجوومەنی ئــەو پارێزگایانەی لە چوارچێوەی هەرێمەکاندا نین).

• هەر زوو پاش پەســەندکردنی ئەو پاکێجە، گەلەك لایەن گوتیان: "هەنگاوێکە بۆ تەکاندانەوە بە پرۆسەی سیاسی" کە لەم مانگانەی دواییدا تووشی چەقین ببوو.

• بەیەکەوە پەســەندکردنی ســێ پرۆژە قانوون، وەك یەك پاکێــج لە ناچاری بووە. لە هەندێ وڵاتی تریشــدا کاری وا کراوەو دەکرێ. شــاراوە نییە لەنــاو پەرلەمانی عێراقیدا، کە (١٥ لیست)ی تێدایەو هەندێ لەو لیستانەش چەندین لایەنی لەخــۆ گرتووە، ریزبەندی نوێ روویداوە. بەکورتی لە ئاکامی تەنناشکردنی پرۆسەی سیاسیدا، کیتلە سیاسییەکان متمانەو بڕوایەکــی ئەوتۆیان بەیەك نەماوە، بۆیە ئەو جۆرە ســازان و کارکردنە هاتەئارا. ئەمەش ڕەوشــی راستەقینەی ناو عێراق و ئەو دابەشبەندییە قووڵە ئیتنی-تایەفی- سیاسییە نیشانددا کە لەناو پێکهاتەکاندا هەیەو دەبێ لەسەر ئەو بنەمایەش ڕەوتار و تەواڤووق بکرێت دەنا خۆسەپاندن و فەرامۆشکردنی ویست و خواســتی ئەم یان ئەو لای لێدەکەوێتەوە کە خەریك بوو دەبووە هەڕەشەو لەبەر یەك ترازانی تەواو.

• هەندێ شــرۆڤەوان دەبێژن ئەو ســێ قانوونە، بەشــی هەموو پێکهاتە سەرەکییەکان: (شیعە، کورد، سوننە)یان تێدایە. بەڵگەی راستیی ئەم قسەیەش ئەوەیە کە کیتلە سەرەکییەکان پەسندکردنی ئەو پرۆژانەیان بەسەرکەوتن وەسفکرد. پێشتریش قانوونــی (ئاشــتبوونەوە و لێپێچانەوە" و "ئــاڵای عێراق") دەرچووبوون. بێگومان عەرەبی سوننە بەتایبەتی سەحوییەکان کە ئێســتا بەپارەو چەکی ئەمریکــی بوونەتە هێز لە هەندێ جێگــەدا، لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانەوە جێی خۆیان دەگرن و بەکورتی "بەری سیاسی" بەشداریکردنیان لــە بەرهنگاربوونەوەی قاعیدە دەچننەوە. هەروا بەپێی هەندێ راپۆرت و مەزنــدە ٨٠٪ی ئەوانەی گیراون و لە زیندان دان، عەرەبی سوننەن و ئیدی بەشــێکی زۆریان بەر ئەو قانوونی عەفــووە دەکەون و بەرەڵڵا دەبن. هەرچی شــیعەکانن، بەپێی قانوونی پێکهێنانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەتوانن پیادەی (لا مەرکەزییەت)ێکی زۆرتر لە ناوچە شیعەنشینەکانی خۆیاندا لە ناوەڕاست و باشووردا بکەن، سەدرییەکان و فەزیلەش بەتەمای ئەوەن لە هەڵبژاردنی ئایندەی ئەنجوومەنەکاندا باشتر بەشداری بکەن و جێی خۆیان بکەنەوە، چونکە وەك دەزاندرێ ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە ناوەڕاســت و خوارووی شیعەنشین لەناو ئەنجوومەکانــی ئێســتای پارێزگاکاندا باڵادەســتەو هێزی پۆلیسیشی بەدەســتەوەیەو چەندین جار تێکهەڵچوون لەنێوان ئەوان و ســەدرییەکاندا روویداوە. لە راستیدا کورد، هیچی پێ نەبڕا، ئەوە نەبێت کە ١٧٪ی بودجەی عێراق وەکو خۆی، وەك ساڵی پار، دانرایەوە. رەنگە سەرکەوتنەکە لەوەدا بێت کە هەندێ کیتلەو لایەنی ناو پەرلەمان دەیانەویست بۆ ١٣٪ یان ١٤٪ی کەم بکەنەوە.

• دیــارە بەهۆی (قانوونی ئاشــتبوونەوە و لێپێچانەوە)ش کە سەرۆکایەتیی کۆمار موسادەقەی لەسەر کرد، خەڵکێکی زۆری ســەر بەرژێمی پێشوو یان ئەوەتا خانەنشین دەکرێن یان دەگەرێنەوە سەرکاری خۆیان. دەسکاریکردنی ئاڵای عێراق و دواتر هەڵکردنیشــی لە کوردستاندا، ئەو بەیت و باڵۆرەیە کەم دەکاتــەوە کە دڵی کورد خۆیان بە عیراقی نازانن و دەیانەوێ جیا ببنەوە. کەواتە پەسندکردنی ئەو قانوونانە وەکو هەنگاوی یەکەم لەو هەلومەرجە تێکچەقیوەی باری سیاسیی عێراقدا، بەهەق هەنگاوێکە بەرەو پێشەوە. لەهەمانکاتدا جارێکی تر ئەوە دوپات بۆوە کە سازان و بەیەکەوە هەڵکردن و سازش لە عێراقی ئیمرۆدا بووە بە شــتێکی پێویست و، ئەو بێنەو بەردەیەی ئەو چەند مانگەیش ئەو دەرسەی دایەوە عێراقییەکان کە تەواڤووق زەرورەتە. ماوەتەوە پەسندکردنی ئەو قانوونانە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیی کۆمارەوە، کە پێناچێ ڤیتۆیان لەسەر بکات و پاشان جێبەجێکردنیان لە لایەن حکوومەتەوە کە بێشك کارێکی ئاسان نییە.

• ئەو ١٧٪ی کە بۆ کوردستان دانرایەوە تەنیا بۆ ئەم ساڵەیە. بەڵام پرەنسیپێك هەیە کە دەبێت "دابەشکردنی داهات و سامان بەســەر هەرێم و پارێزگاکاندا" بەپێی ڕێژەی دانیشتوان بێت. بۆ ئەمەش دەبێت "ســەرژمێرییەکی گشــتیی پاك و بێگەرد بکرێت". هەر لە ئێستاوە، پێویستە کورد خۆی بۆ ئامادە بکات و لە هەموو ئاستەکاندا بەشــداری تێدا بکات. چونکە دیارە سەرژمێریی گشتی بۆ زۆر شت نەك هەر بۆ بودجە، لەوانە بۆ دانانی نەخشەو پلانی بوژانەوە پێویست و بەکەڵکە.

• بەپێی قانوونی (پێکهێنانی ئەنجوومەنی پارێزگایەکان) دەبێت تا ١/١٠ی ئەمســاڵ ئەنجوومەنەکان هەڵبژێردرێنەوە، هەرچەندە هێشــتا دیار نییە کە سیستەمی هەڵبژاردن چۆن دەبێت. داخوا وەکو پێشوو بە لیست دەبێت، ئەگەر بە لیستیش بوو داخراو دەبێت یان کراوە. بەهەرحاڵ ئەگەر هەڵبژاردن بکرێتەوە، ئەوا توندو پڕ ململانە دەبێت و هەموو پێکهاتەکان بە جۆشــتر

ئەو بێنەو بەردەیەی ئەو چەند مانگەیش ئەو دەرسەی دایەوە عێراقییەکان کە تەواڤووق زەرورەتە

Aso2karim@yahoo.com
تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

لەوەی پێشتر (٢٠٠٥/١/٣٠) بەشداری تێدا دەکەن. لەمبارەشەوە مەحموود مەشهەدانی رایگەیاند کە لە سێ مانگی داهاتوودا پەرلەمـــان قانوونی (هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگایەکان) تەواو دەکات تا لـــە ٢٠٠٨/١٠/١دا جێبەجێ بکرێ و بۆ ئەم مەبەستەش هاوکاری لەگەڵ نوێنەرایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقدا دەکرێ و رێگەش نادرێ هیچ لایەنێك بەشێوەیەکی نیگەتیڤانە تەئسـیر بکاتە ســەر هەڵبژاردنەکان. ســتیڤان دیمیستورا-ی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئامادەیی یو ئێن-ی نیشاندا.

• کەرکووك: لەم رۆژانەدا سەرۆك بارزانی جارێکی تر جەختی لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ لە وادەی خۆیدا، واتە پاش درێژکردنەوەی بۆ ماوەی شەش مانگی دی تا ٢٠٠٨/٦/٣٠، کردەوە. لەگەڵ ئەوەشـــدا شـــیمانەیەك ئەگەر بچووکیش بێت دێتە گـــۆڕێ. ئەگەر لەبەر هەر هۆیـــەك بێت لەکاتی خۆیدا نەکـــرا و کەوتە دوای ١ی تشـــرینی یەکەمی ٢٠٠٨ ەوە. چ بکرێ باشـــە؟ پێش هەموو شتێ پێویستە هەر لە ئێستاوە پێ لەسەر جێبەجێکردنی قۆناخی یەکەمی ماددەی ١٤٠ دابگرین و چیتر بواری دواکەوتن نەدەین، واتە دەبێت قەزایەکانی کفری (کە بەپێی مەرسومی کۆماری ٦٠٨ لە ٦ تشرینی دووەمی ســـاڵی ١٩٧٥ لە پارێزگای کەرکووك کراوەتەوەو خراوەتە سەر دیالـــە)، کەلار (کە بەپێی مەرســـومی کۆماری ٦٠٨ لە ٦ تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٥ لە کەرکووك کراوەتەوەو خراوەتە ســـەر پارێزگای سلێمانی)، دوز (بەپێی مەرسومی کۆماری نمـــرە ٤١ رۆژی ٢٩ کانوونـــی دووەمی ســـاڵی ١٩٧٦ لە پارێزگای کەرکووك دابڕێندراوەو لەگەڵ چەند قەزایەکی دیکە پارێزگای سەلاحەددینیان لێ دروستکراوە)، چەمچەماڵ (بەپێی مەرسومی کۆماری نمرە ٦٠٨ لە رۆژی ٦ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٥ لە پارێزگای کەرکووك کراوەتەوەو خراوەتە سەر پارێزگای سلێمانی)، بخرێنەوە سەر پارێزگای کەرکووك. چونکە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك دەبێت نوێنەرایەتی سەرجەم قەزاو ناحیەکان، بەوانەی لە دوای -١٩٦٨یشەوە لێی دابڕاون، تێدا بێت. ئەگەر تەنیا ســـنووری ئیداریی ئێستای کەرکووك بە پارێزگای کەرکووك حیساب بکرێ — وەك هەندێ لایەن دەیانەوێ- هەڵبژاردنی تێدا بکرێتەوە، ئەوا بە زیانی کورد تەواو دەبێت. بێ ئەوەش کە سەرژمێری گشتی دەکرێ، پێویستە کورد لەو سەرژمێریەدا، بەتایبەتی لە ناوچە کێشە لەسەرەکاندا، هەم نوێنەرایەتی لە تیمەکاندا هەبێت و هەم لە دەستەی باڵای ئامارو لە ســـەر ئاســـتی هەر ناحیەو قەزاو پارێزگایەکیشدا، ئەگەر ئامار لە لایەن عێراقییەکان خۆیانەوە کرا. دیارە ئەگەر یوئێن-یش هاتە ناوەوە، رەنگە حیسابێکی تر بێت.

• ســـەبارەت بەهەندێ کێشەی هەڵواســـراوی تری وەك: خەرجی و نەفەقاتی پێشـــمەرگەی کوردستان کە پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردســـتانیان پێ سپێردراوەو کێشەی ئەو بۆندە نەوتییانەی کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان تا ئێستا لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکاندا مۆری کردوون، ئەوا جێ هێڵدراون بۆ رێککەوتنی نێوان حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان. بۆ ئەمەش بڕیارە وەفدێکی پایەبەرزی کوردستان لەم حەفتەیەدا ســـەر لە بەغدا بدات. ســـەبارەت بە کێشەی بۆنـــدەکان، ئەو رایە قانوونییە راوێژکارییەی کە پرۆفیســـۆر جیمس کرافـــۆرد James Crawford لـــەم بارەیەوە دەریبڕیـــوەو تیایدا دەڵێ (قانوونی نـــەوت و گازی هەرێمی کوردســـتان لەگەڵ دەســـتووری عێراقدا رێك و سازە) دەکرێ ببتە بنەما بۆ وتووێژو لێکحاڵیبوون و گەیشـــتنە رێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا. شـــایانی باســـە پرۆفیسۆری ناوبراو، کە پســـپۆری بواری قانوونی نێودەوڵەتی و (تحکیم)ی دەولییە، لە ١٩ی شـــوباتی ١٩٩٧دا، لە رایەکی قانوونیدا باسی لە (پراکتیکی دەوڵەتان و قانوونی نێودەوڵەتی سەبارەت بە جیابوونەوەی یەکلایەنە) کرد کە لە بنەچەکەدا وەڵام بوو بۆ حکوومەتی کەنەدا لەبارەی جیابوونەوەی یەکلایەنەی هەرێمی کیوبیك ئەگەر هاتوو لە ریفراندەمێکدا زۆرینەی دانیشتوانی کیوبیك دەنگیان بۆ جیابوونەوە دا، ئایا ئەو جیابوونەوەیە چەندە رێك و ســـازە لەگەڵ دەستووری کەنەداو قانوونی نێودەوڵەتی. واتە زۆر جاران پرس بەو پرۆفیسۆرە دەکرێ و رای ئەو بەهەند وەردەگیرێ. لە راســـتیدا، ئەم رایە قانوونییەی پرۆفیسۆری ناوبراو سەبارەت بە کێشە بۆندە نەوتییەکان، یارمەتییەکی زۆری حکوومەتی کوردســـتان دەداو بەرچاوی زێتر روون دەکاتەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ حکوومەتی ئیتیحادیی عێراق سەبارەت بە (وەبەرهێنانی نەوت و گاز) لە هەرێمی کوردســـتاندا دوای پەسندکردنی دەستووری عێراق کە لە ساڵی -٢٠٠٦ەوە کاری پێ دەکرێ.

• لەئاستی عێراقیشدا، پێکهێنانی کابینەیەکی تازەی کارای تەکنۆکرات کە ژمارەی وەزیرەکانـــی کەم بکرێتەوە، رووێکی دیکەیە بۆ دەربازکردنی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا. ئەگەر ئەوە ســـەری گرت، دەبێـــت کارە هەوەڵینەکانی کابینەی تازە باشترکردنی باری بژێوو ئاوەدانکردنەوەو بوژاندنەوەی عێراق و خەدمات پێشکەشکردن بێت بەتایبەتی ئاوو کارەبا. چونکە تا رادەیەك باری ئەمنی باشتر بووە لە چاو پێرار. هاوکاتیش دەبێت کابینەی تازە دەست بە بەربەرەکانێی گەندەڵی بکات و عێراق لەو پەتا کوشـــندەیە رزگار بکات. لە ئاستی قانووندانانیشدا پێویستە ئەمساڵ پەرلەمانی عێراق پرۆژەی قانوونی نەوت و گاز ببرێنێتەوەو چی دیکە بە درەنگی دانەخات. لەهەمانکاتدا، رەنگە هەر ئەمساڵیش، سیستەمی هەڵبژاردن بکەوێتە بەرباس کە داخوا چۆن بێت، هەر بە لیست دەمێنێتەوە یان دەبێتە دایری (فەردی)، ئەگەر بە لیســـت مایەوە داخراو دەبێت یان کراوە. هەقە ســـەرکردایەتیی کوردســـتان هەر لە ئێستاوە، لایەك لەم مەســـەلەیەش بکاتەوە، کە داخوا کامیان بە قازانجی گەلی کوردستانە. بۆ ئەمەش دەکرێت پسپۆری ئەم بوارە لێکۆڵینەوەی زانستی و ئاکادیمی بکەن و بەرچاوی سەرکردایەتی سیاسی

●●●

**رایە قانوونییە راوێژکارییەی کە پرۆفیسۆر جیمس کرافۆرد James Crawford لەم بارەیەوە دەریبڕیوەو تیایدا دەڵێ (قانوونی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەستووری عێراقدا رێک و سازە) دەکرێ ببتە بنەما بۆ وتووێژو لێکحاڵیبوون و گەیشتنە رێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا**

●●●

●●●

**پێویستە سەرکردایەتی خەڵکی پسپۆڕ رابسپێرێ کە کامیان بە قازانجی کوردیە: لیستی دانراو یان کراوە**

●●●

# لوبنان: ئاگرێكی چاوەڕوانكراو؟



سامی شۆرش

یەك لەو ناوچانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست كە رەنگە ئاگرێكی گەورەو ترسناكی لێ بكەوێتەوە لوبنانە. وەك مەعلوومە، لە رۆژگاری ئەمڕۆدا شەڕێكی توندو خەست و خوێناوی، بەڵام ناڕاستەوخۆ، لە نێوان ئێران و سوریا لە لایەك و ئەمریكاو هاوپەیمانەكانی لە لایەكی دیكە، لە ئارا دایە. شەڕەكە وا نەبێت تەنیا یەك گۆڕەپان، بەڵكو چەندین گۆڕەپان و وڵاتی گرتۆتەوە: یەك لە گۆڕەپانەكان عیراقە. بەر لە عیراق ئەفغانستان گۆڕەپانێكی دیكە بوو. ئێستاش تا دێ ئاگری شەڕی ئەفغانستان زیاتر كڵپە دەستێنێت. لوبنان سێیەمین و ترسناكترینی ئەو گۆڕەپانانەیە. بگرە لە هەموویان لەبارترە بۆ ئەوەی شەڕێكی زۆر ترسناكی لێ بكەوێتەوە. سەیر ئەوەیە، ئەمریكا پێی وایە لە لوبنانەوە ئێران و سوریا تووشی شكستی و مل كەچ كردن دەكات. ئێران و سوریاش لە لای خۆیانەوە، پێیان وایە، هەر لەو رێگەیەوە شكست بە سیاسەتەكانی دیكەی ئەمریكا دەهێنن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بە لای ئەو دوو دەوڵەتەوە، ئەوەی لە عیراق و ئەفغانستان روو دەدەن، شەڕە راستەقینەكە نین، بەڵكو فاكتەری یاریدەدەرن بۆ شەڕی لوبنان.

هۆی ئەوەی لوبنان ترسناكترین گۆڕەپانی شەڕەی نێوان ئەو دەوڵەتانەیە، ئەوەیە كە كێشەی لوبنان چەندین فاكتەرو تایبەتمەندی بە خۆوە دەگرێت. هەروەها لە چەندین لاوە دەست لە هەناوی كێشەكەی وەردەدرێت. لە هەمان كاتدا چەندین بەرژەوەندیی ناكۆك لەو وڵاتە بچووكەدا كۆبۆتەوە:

یەكەم، لوبنان كە پانتاییە جوگرافیەكەی زۆر لە پانتاییی كوردستانی خواروو بچووكترە، وڵاتێكی زۆر تێكەڵ و پێكەڵە لە رووی پێكهاتەی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەوە. لە هیچ كاتێكدا پەیوەندیی ئەو پێكهاتانە خۆش و نەرم نەبووە. توندوتیژیە مەزهەبگەراییەكەی عیراق لەو سێ ساڵەی رابردوو، تاوی زۆری بە ئاڵۆزیەكانی لوبنان دا.

دووەم، سیستەمی سیاسیی لەو دەوڵەتەدا لە سەر بنەمایەكی تایفەگەریی زۆر وردو ناسك دامەزراوە. هەر هەژان و تێكچوونێكی بچووكی ئەو لەنگەرو پێوانەیە، مەترسیی شەڕێكی بێ ئامانی ناوەخۆ دێنێتە گۆڕێ. شەڕی پانزە ساڵەی ١٩٧٤ – ١٩٨٩ نموونەیەكی لەباری ترسناكیەكانی باری ناوەخۆی لوبنانە.

سێیەم، هەر نائارامی و ناكۆكی و شەڕێك یەخەی لوبنان بگرێت، زیانی گەورە تەنیا بە ئەمریكا ناگەیەنێت، بەڵكو، زۆر بەرفراوانتر، سەرباری ئەمریكا زیانی گەورە بە ئیسرائیل و دەوڵەتانی ئەوروپاو هەموو هاوپەیمانەكانی ئەمریكاش لە ناوچەكە دەگەیەنێت بە تایبەتی سعودیە و میسر.

چوارەم، ئێران و سوریا بە دیققەت لەو راستیە گەیشتوون كە تەقاندنەوەی ناكۆكیەكانی مۆزاییكی ناوەخۆی لوبنان، تا رادەیەكی زۆر، كارێكی ئاسانە. بە نیسبەت ئێران، وڵاتی لوبنان كەمینەیەكی گەورەی شیعەی تێدایە كە یەك لە حیزبە هەرە بەهێزو پڕ چەكەكانی ناوچەكەیان هەیە: حیزبوڵلای لوبنانی. بە نیسبەت سوریاش لوبنان لە پاڵ خۆیایەتی و تا پێش ماوەیەكی كەم نزیكەی سی هەزار سەربازی لەوێ بووەو تا ئێستاش تۆڕێكی فراوانی ئیستیخباراتی لەوێ هەیە. ئەمە جگە لە چەندین حیزب و هێزی سیاسیی سەر بە دیمەشق.

پێنجەم، هەر دوو دەوڵەتی ئێران و سوریا قازانجێكی زۆر لە شێواندنی باری ناوەخۆی لوبنان دەكەن. لە سووچێكەوە، سوریەكان ئەو وڵاتە بە بەشێكی گرنگی ئەمنی ستراتیژیی وڵاتەكەیان دەزانن. بۆیە، هەر كاتێك لوبنان بەرەو هێمنی و ئیستیقرارو تەوەری ئەمریكا رۆیشتبێت، ئەوان بێ پەروا هەوڵی تێكدانی مۆزاییكەكەیان داوە. خۆ ئەگەر وڵاتەكە بە قازانجی ئەوان گەڕابێت، ئەوا وەك كارتێكی گرنگ لە رووی ئیسرائیل بەكاریان هێناوە. ئێرانیش لە باری خۆیەوە لە دژی پڕۆسەی ئاشتەوایی لە نێوان فەلەستینیان و ئیسرائیل بەكاری دەهێنێت.

ئەوی راستی بێت، لوبنان سنووری لەگەڵ ئیسرائیل هەیەو ناوچە سنووریەكانیشی (خوارووی لوبنان) شیعەنشینن. بۆیە لە رێگەی حزبوللاوە، هەم ئێران و هەم سوریا كە دوو هاوپەیمانی گرنگی یەكترین، دەتوانن زۆر بە ئاسانی پلەی گەرماو سەرمای سیاسەت لەو سەر سنوورانە بجولێنن و یاری پێ بكەن. لەوانەش بەولاتر، لوبنان هەمیشە بازاڕێكی ئابووری و بازرگانیی گەورەی پێك هێناوە بۆ دیمەشق و تاران. لە هەموو ئەوانەش گرنگتر، لوبنان لە رووی هەڵكەوتەی جوگرافیەوە كەوتۆتە سەر دەریای سپیی ناوەڕاست. بۆیە، هەر پشێویەك ئەو وڵاتە بگرێتەوە، راستەوخۆ ئاسایشی دەوڵەتانی سەر دەریاكە دەخاتە مەترسیەوە. جێگەی ئاماژەیە، دەریای سپی گرنگترین دەریای جیهانە لە رووی جیۆپۆلیتیكەوە. هەر بۆیە فەرەنسا بایەخێكی گەورە بەو كۆنە كۆڵۆنیاڵەی خۆی دەدات.

لە تەوەرێكی دیكە، ئیسرائیل لە سێ لای سنووریەوە هیچ مەترسیەكی ئەوتۆی لەسەر نیە: بێجگە لە سنوورە دەریاییەكەی كە كەوتۆتە درێژایی رۆژئاوای وڵاتەكە، لە سینای میسر هیچ گرفتێكی نیە چونكە لەگەڵ حكومەتەكەی پەیمانی ئاشتی

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

مۆرکردوە. راستە لە ساڵی رابردوودا دوو جار ئێران و سوریا ویستیان درز بخەنە ناوچەکە: لە رێگەی سەحرانشینەکانی سینا، کاتێك چەندین هێرشیی تیرۆریستیان کردە سەر دامودەزگاکانی دەوڵەتی میسر. بەڵام پۆلیس هەر زوو چارەسەری کێشەکانی کردو نەیهێشت هیچ پشێویەکی بەردەوام لە ناوچەکەدا دروست بێت. ئینجا، پێش ماوەیەکی کەم، کاتێك دانیشتوانی هەرێمی غەززە سنوور شکێنیان کردو رژانە ناو خاکی میسر بە بەهانەی ئەوەی ئیسرائیل گەمارۆی داون. لێرەش، پۆلیسی میسر چارەسەری کێشەکەی کردو نەیهێشت هیچی ئەوتۆ دروست بێت.

بێجگە لە میسر، ئیسرائیل سنوورێکی درێژی لەگەڵ ئوردون هەیە. لێرەش چەندین جار هەوڵ دراوە ناارامی دروست بکرێت. گەورەترینی ئەوە بوو پێش چەند ساڵێك ئوردونیەکی بە رەچەڵەك فەلەستینی لە سنوورەوە دەسرێژی لە چەند کچە قوتابیەکی ئیسرائیلی کردو زیانی گیانیی پێ گەیاندن. بەڵام ئوردون زوو کەوتە خۆی و رێگەی گرت لەوەی جارێکی دیکە کاری لەو بابەتە روو بداتەوە.

لەولاوە، سووریا خۆیشی سنووری لەگەڵ ئیسرائیل هەیە بە تایبەتی لە ناوچەی گردی جۆلان. بەڵام دیمەشق سنووری خۆی قایم کردوەو ناهێڵێت یەك فیشەك چیە لەوێوە لە دژی ئیسرائیل بتەقێنرێت. تاکە سنوور کە هەر دوو دەوڵەتی ئێران و سوریا رێکن لەسەر بەکار هێنانی لە دژی ئیسرائیل سنووری نێوان لوبنان و ئیسرائیلە. لێرە هەم دەوڵەت لاوازەو هەم سوپا. هەم حیزبوڵلاش مەوجودیەتی هەیەو هەم دەیان هێزی سیاسی دیکە کە بە لایەنگرانی سوریا ناسراون.

ئێران و سوریا پێیان باش نیە دەوڵەتێکی بەهێزو خاوەن سوپاو دام و دەزگای پتەو لە لوبناندا هەبێت، چونکە ئەو هێزە هیچ دەرفەتێك بۆ پشێوی و ناارامی ناهێڵێتەوە. بگرە دوور نیە، لوبنانیش وەك میسرو ئوردون بەرەو پەیمانێکی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل بڕوات. بۆیە، قازانجە ستراتیژیەکەی هەر دوو دەوڵەتەکە ئەوەیە لوبنان خاوەنی حکومەتێکی بێ تاقەت و توانا بێت و لە رووی ناوەخۆوە زۆر تێکەڵ و ئاڵۆز بێت و هەمیشە لە ناارامی و تەنگوچەڵەمەی سیاسی دا بژیێت. رێگە گرتنی حیزبولڵاو میشال عۆن - ی سەر بە سوریا لەوەی سەرکۆمار لە کات و ساتی خۆی دابندرێت تەنیا بۆ هێشتنەوەی ناارامیە. یەك خستنی پەرلەمانی لوبنانی لە لایەن سەرۆکی پەرلەمان نەبیە بەریەوە، هەر بۆ هەمان مەبەستە. وتارە ئاگراویەکانی حەسەن نەسروڵلای سەرۆکی حیزبوڵلا هەر هەمان ئاراستەی هەیە. شەڕی لوبنان و ئیسرائیل لە تەمووزی ساڵی پار هەر بۆ هەمان شت بوو. تەقە کردن لە هێزی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونیفل) لە لوبنان یەك لە ئەڵقەکانی هەمان زنجیرەیە. کوشتنی سیاسی و رۆژنامەوانان هەمان ئامانجی هەیە.

پێ دەچێت ئەمریکاو فەرەنساو سعودی و میسر، لەو یەك دوو ساڵەی رابردوو ئیتر بریاری ئەوەیان دا بێت بارودۆخی ناوەخۆی لوبنان بەرەو هێمن کردنەوە ببەن. ئەگەر بارودۆخەکە هێمن نەکرێتەوە، بە دووری نازانن سەر لە نوێ ئیسرائیل هێرش بکاتەوە سەر خاورووی لوبنان لە هێرشەکەی تەمووزی ٢٠٠٧ قورستر. بۆیە، دەیانەوێت کێشەی سەرکۆماری لەو وڵاتە چارەسەر بکەن. لەولاوە، نە سوریا و نە ئێران رازی نین بەو چارەسەرە. نە حیزبوڵلاش ئامادەیە هاوکاریی ناوبژیوانانی فەرەنساو کۆمەڵەی عەرەبی بکات.

زۆر ناوەندی سیاسی و یاسایی و رۆژنامەوانی لە لوبنان پێیان وایە دەزگا نهێنیەکانی ئێران و سوریا ماوەیەکە نەك هەر لە بواری سیاسی، بەڵکو لە بواری تیرۆریشدا خەریکی تێکدانی ناوەخۆی لوبنانن. ئەم ناوەندانە پەنجەی تۆمەت بۆ سوریا درێژ دەکەن لە بارەی کوژرانی سەرۆك وەزیرانی پێشووی لوبنان رەفیق ئەلحەریری. هەر هەمان شت لە بارەی کوژرانی سەمیر قەصیرو جبریل توینی و فرانسوا ئەلحاج و ویسام عیدو چەندانی دیکە. بگرە هەندێك ناوەندی رۆژنامەوانی لە لوبنان بە دووری نازانن عیماد مەغنیەش کە بەم دواییە لە دیمەشق کوژرا هەر بە دەستی یەك یان هەر دوو ئەم دەوڵەتە کوژرا بێت بە مەبەستی ئاڵۆزتر کردنی ناوەخۆی لوبنان.

ئەمریکا پێی باش نیە لوبنان شەڕی ناوەخۆی تێ بکەوێت. هۆیەکە ئەوەیە رەنگە شەڕەکە بە قازانجی ئێران و سوریا بشکێتەوە. ئەگەر بە قازانجی ئەوان شکایەوە ئەوا بارودۆخی فەلەستینیەکانیش تێك دەچێت و تەگەرەی گەورە دێتە پێش پرۆسەی ئاشتیەوە. لەولاوە، رێکخراوە ئیسلامیەکان بە تایبەتی لە ئوردون و میسر هێزێکی تازە پەیدا دەکەن و رەنگە مەترسیەکی زۆر بۆ سەر چارەنووسی رژێمە میانڕەوەکەی دروست بکەن. سعودی لە بواری دارایی زیانێکی زۆری بەر دەکەوێت چونکە بەشێکی زۆر گەورەی ئیستیسماراتی سعودی لە لوبنانە. لەوش بەولاتر، پرۆسەی سیاسی لە نێوان ئیسرائیل و دەوڵەتە عەرەبیەکان دەکەوێتە زەحمەتی.

بۆیە، لە رێگەی فەرەنساو میسرو سعودیەوە هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی لوبنان. بگرە زۆر جار دیکاتە مەرج کە دەبێت سوریا دەست لە لوبنان بکێشێتەوە. بەم دواییە ئەمریکا کۆمەڵێك سزای بەسەر سوریا سەپاند نەك بە هۆی هەڵوێستی خراپی لە ئاست پرۆسەی ئاشتی. هەروەها نەك بە هۆی هەڵکشانی تیرۆریستان لە سوریاوە بۆ عیراق، بەڵکو بە هۆی رۆڵە خراپەکەی لە لوبنان. بێجگە لە سزا، بەردەوام دنەی دامەزراندنی دادگایەکی تایبەت دەدات بۆ دادگایی تاوانبارانی کوشتنی ئەلحەریری. مەعلوومە بەشێك لەو تاوانبارانە لە ناو حکومەتی سوریا دان.

تا دێ، تاران و دیمەشق ئاگری ناکۆکی و ناخۆشی و ئاڵۆزی لە ناو لوبنان دەدەن. لەولاوە ئەمریکاو فەرەنسای سارکۆزی تا دێ فشارەکانیان بۆ سەر سوریاو ئێران لە ناو لوبنان زیاد دەکەن. دوور نیە بە نزیك کەوتنەوەی کاتی دادگای تایبەت فشارەکانی هەر چوار دەوڵەت: ئەمریکاو فەرەنسا لە لایەك و ئێران و سوریا لە لایەکی دیکە، بگاتە ئاستی شەڕ. بەڵام شەڕێکی ناراستەوخۆ: شەڕێك لە دەرەوەی خاکی هەر چوار دەوڵەتەکەو لە سەر حسێبی گەلانی لوبنان و ناوچەکە.

●●●


**بە دوور نازانرێ سەر لە نوێ ئیسرائیل هێرش بکاتەوە سەر خاورووی لوبنان، بەشێوەیەک لە هێرشەکەی تەمووزی ٢٠٠٧ قورستر**

●●●

●●●

**ئێران و سوریا بە دیققەت لەو راستیە گەیشتوون کە تەقاندنەوەی ناکۆکیەکانی مۆزاییکی ناوەخۆی لوبنان، تا رادەیەکی زۆر، کارێکی ئاسانە قازانجێکی زۆر لە شێواندنی باری ناوەخۆی لوبنان دەکەن**

●●●



# یادداشتنامەی لێکتێگەیشتنی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆماری کۆریای باشوور

«سامانی نەوت بۆ پتەوکردن و بونیادی ژێرخانی کوردستان» ئەم بوارانە دەگرێتەوە

* پەرەپێدانی بواری پەروەردە وفێرکردن و چارەسەرکردنی کەمی قوتابخانە
* چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا
* دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ هەموو کوردستان
* پرۆژەی ئاوەڕۆ بۆ سەرتاسەری هەرێم
* دابینکردنی سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی
* دروستکردنی تۆڕی ڕێگەی خێرا «های وەی» بۆ بەستنەوەی شارەکانی کوردستان بە یەکتری
* تەواوی ئەو پرۆژە خزمەتگوزارییانەی کە تائێستا نەتوانراوە بە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستیان پێ بکرێت

## سەردانی نێچیرڤان بارزانی بۆ کۆریا باشوور دەسپێکی گرێدانی ڕێککەوتنی درێژخایەن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

* کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی متمانەی بە نێچیرڤان بارزانی هەیە و شەرعیەتی دەستووری هەرێمی کوردستانی لە هەڕەشەکانی شەهرستانی لاگرنگترە.
* کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی نەوت تەئکید دەکەنەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان مافی گرێدانی گرێبەستی هەیە و ئەو مافەشی دەستوورییە.
* لەساڵی٢٠٠٧، کۆماری کۆریا تەنیا لە ٤٪ی پێداویستییەکانی نەوتی لە عێراقدا بۆ دابینکراوە.
* بەپێی ئەم یادداشتنامەی لێکتێگەیشتنە کۆمپانیاکانی کۆریا ١-٢ملیار بەرمیل نەوت لە کوردستان بەرهەم دەهێنن.

ســـەردانی ئەمجارەی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان و شاندی یاوەری بۆ کۆماری کۆریای باشوور، بەدەســـپێکی هەنگاوی یەکەمی گرێدانی ڕێککەوتنی درێژخایەن و لێکتێگەیشـــتنی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دادەنرێت و هەنگاوێکە بۆ دابینکردنی میکانیزم و هۆکاری پێویست بۆ دابینکردنی سەرجەم خزمەتگوزاری پێویست و شایستە بۆ گەلی کوردستان.

میدیاکانی جیهان ئەم سەردانەی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بۆ کۆریای باشور، بە وەرچەرخانێك لە تێڕوانینی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لەقەڵەم دەدەن، بەتایبەتی کە کۆریای باشـــوور چوارەمین وگەورەترین دەوڵەتی کڕیاری نەوتە لە جیهاندا و پێداویستی ساڵانەی بۆ نەوتی خاو ٨٠٠ ملیۆن بەرمیلە لە ساڵیکدا، واتە ڕۆژانە زیاتر لە ٢ ملیۆن بەرمیل نەوت لە بازاڕەکانی جیهان دەکڕێت.

## سەرۆکی هەڵبژێردراوی کۆماری کۆریای باشوور داوا لە سەرۆکی حکومەتی کوردستان دەکات هەلی زیاتر بە کۆمپانیاکانی کۆریا بدات.

لی- بیونگ- باك ســـەرۆکی هەڵبژێردراوی کۆریای باشوورە و لە ٢٠٠٨/٢/٢٥ وەك سەرۆکی تازەی کۆریای باشوور سوێندی یاسایی دەخوات و حکومەتی تازەی کۆریا پێکدەهێنێت، هەر بۆیە ئەم دیدارەی ســـەرۆکی حکومەتی کوردستان لەگەڵ ســـەرۆکی هەڵبژێردراوی کۆماری کۆریای باشوور ئەم ڕەهەندانەی لێ دەخوێنرێتەوە:

١- ئیمزاکردنی یادداشـــتنامەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆماری کۆریای باشـــوور، دەبێتە بنەمایـــەك بۆ ڕێککەوتنێکی درێژخایەن لە نێوان کوردستان و کۆریادا.

٢- پێشوازی سەرکۆماری هەڵبژێردراوی کۆریای باشوور لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان، نیشانەی ئەوەیە کۆماری کۆریای باشوور متمانەی بە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی و حکومەتەکەی هەیە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە نێچیرڤان بارزانی ئەو سەرۆك حکومەتەیە کە لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی متمانەی هەیە و، وەك سەرۆکی حکومەتێکی هاوچەرخ پشـــت بە دەستوور و ئەو دەسەڵاتە شەرعییە دەبەستێت کە دەستووری عێراق بۆی دیاریکردووە.

٣- پێشـــوازی سەرۆکی کۆریای باشـــوور لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان، پێشوازیکردن بوو لە دەســـتووری عێراق و ئەو سیستەمە فیدرالییەی کە پێویستە لە عێراقدا بێتە دی، لەم سەردانە نێچیرڤان بارزانی نوێنەری دەستوور و عێراقی فیدراڵی تازەبوو.

٤- ئەم ســـەردانەی نێچیرڤان بارزانی، پەیامێك بوو لەسەر چەندین ئاست:

یەکەم/ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئەو پەیامە بوو کە چیدیکە دەستەوەســـتان نابین و ســـامانی خۆمان بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵاتی خۆمان بەکاردهێنین، مەبەســـتیش لە وڵاتی خۆمان هەموو عێراقە نەك تەنیا کوردستان، ئەمەش لەو قەناعەتە مەبدەئیی و ستراتیژییەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە وەبەرهێنانی ســـەرچاوە نەوتییەکانی کوردســـتان، داهاتەکەی بۆ هەموو گەلانی عێراقە، بەڕێژەی.٪٨٣ ســـوودەکەی بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستانە و تەنیا ٪١٧ ی بۆ هەرێمی کوردستانە بەڵام گەوهەری پەیامەکە ئەوەیە دەبێت عێراقی نوێ عێراقی ئاوەدانکردنەوە و ســـەروەریی دەستوور و خۆشگوزەرانی گەلانی بێت.

دووەم/ لەسەر ئاستی عێراق ئەو پەیامە بوو، کە چیدیکە خەو بینین بە دەسەڵاتی بەهێزی حکومەتی ناوەند و سەپاندنی بڕیار لەلایەن گروپێك یان کەسێکەوە بەسەر عێراقدا کۆتایی هات و جارێکی دیکە عێراقییەکان گوێ لە(قورنامایلی ) ناگرنەوە و دەبێت نەخشەی سیاسەتی ئایندەی عێراق خواستی سەرجەم گەلانی عێرق بێت.

ســـێیەم/ لەسەر ئاســـتی جیهان ئەو پەیامە بوو، کە ئەو دەستوورەی عێراقییـــەکان بەرێـــژەی ٪٨٠ زیاتـــر دەنگیان بۆداوە، نەخشـــەی دروستکردنەوەی عێراقی ئایندەیە و ئەوانەی کە دژایەتی ئەم دەستوورە دەکـــەن، یان دەبێت لەگەڵ واقیعی تـــازەی عێراق خۆبگونجێنن یان جیهانی سەردەم ئامادە نییە گۆییان لێ بگرێت.

لـــەم چوارچێوەیەدا و دەربارەی ناوەڕۆکی ئـــەو کۆبوونەوەیەی نێوان نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان و لی بیونگ باك سەرۆکی کۆریا هەردوو ڕۆژنامەنووسی پۆچۆن سیك و ڕەی سۆئیو بەمجۆرە پەیامی سەرۆکی کۆریایی باشووریان لە ئاژانسی ڕۆیتەرزدا بڵاو کردۆتەوە و نووسیویانە:

## نێچیرڤان بارزانی بۆ ئیمزاکردن یادداشتنامەی لێک تێگەیشتن سەردانی کۆریای باشووری کردووە

ئاژانســـی ڕۆیتەرز لـــە ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/١٤ و دوای دیداری نێوان هەردوو سەرۆك نووسیوویەتی: سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی کۆریای باشـــوور لی مبونگ- باك کە ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/١٥ ســـویندی یاسای دەخوات و بە فەرمی دەبێتە سەرۆکی وڵات دوای دیدارەکەی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی، سەرۆك وەزیرانی حکومەتی کوردســـتان بـــە ڕۆژنامەنووســـانی ڕاگەیانـــد: نێچیرڤـــان بارزانی بەمەبەســـتی ئیمزاکردنـــــــی یادداشتنامەیەکی




کۆریای باشوور چوارەمین وگەورەترین دەوڵەتی کڕیاری نەوتە لە جیهاندا و پێداویستی ساڵانەی بۆ نەوتی خاو ٨٠٠ ملیۆن بەرمیلە لە ساڵیکدا، واتە ڕۆژانە زیاتر لە ٢ ملیۆن بەرمیل نەوت لە بازاڕەکانی جیهان دەکڕێت





لێکتێگەیشــــتن لەگەڵ یەکێتی دارایی کۆریای باشوور کە دەستەی کۆمپانیاکانی نەوتی نیشــــتیمانی ســــەرۆکایەتی دەکات، سەردانی کۆماری کۆریای باشــــووری کردووە و ئامانج لەم سەردانەشــــی بۆ هاریکاری و کاری هاوبەشی نێوان هەردوولایە بۆ دوومەبەست:

-١ هاوبەشــــی کۆریای باشــــوور بۆ بونیاد و پتەوکردنی پرۆژەکانی ژێرخانی هەرێمی کوردستان.

-٢ بۆ پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

**لی بیونگ پاک:**

**من سەردانی هەرێمی کوردستانم کردووە و بایەخێکی تایبەتیشم بۆ کوردستان هەیە**

ســــەرۆکی هەڵبژێردراو لی - بیونگ- باك کە پێشــــتر بەڕێوەبەری باڵای جێبەجێکار بووە لە کۆمپانیای هیوندای بۆ کاری ئەندازەیی و بوونیادنەوە، سەردانی عێراق و هەرێمی کوردستان کردووە و ، یەکێکە لەو کەســــانەی کە شــــارەزایەکی تەواوی لە بواری پێداویستییەکانی ئاوەدانکردنەوە و بوونیادی ژێرخانی کوردســــتان هەیە، ســــەبارەت بە تێڕوانینی بۆ هەرێمی کوردستان، لی-پاك بەمجۆرە بە رۆژنامەنووسانی راگەیاندووە:

(من پێشتر سەردانی هەرێمی کوردستانم کردووە و بایەخێکی تایبەتیشم بە کوردستان داوە، هەر بۆیە ئەو قەناعەتەم هەیە کە کۆمپانیاکانی کۆریا دەتوانن تا ئاستێکی بەرز، پشتگیری پرۆژەکانی هەرێمی کوردستان لە ئایندەدا بکەن) سەبارەت بە بایەخی هەرێمی کوردستانیش بۆ کۆریا سەرۆکی کۆریای باشــــوور دەڵێت:( هەرێمی کوردستان، هەرێمێکی دەوڵەمەندە بە سامانی سروشتی نەوت، هەربۆیە هیوادارم حکوومەتی هەرێمی کوردستان بواری زیاتر بداتە کۆمپانیاکانی کۆریا ).



**نێچیرڤان بارزانی دوای دیدارەکەی لەگەڵ لی- باک:**

**سوودێکی زۆرمان لە کۆمپانیاکانی کۆریا وەرگرتووە و بواری زیاتریان دەدەینێ**

ئاژانســــەکانی جیهان دوای ئەم دیدارەی نێوان سەرۆکی حکومەتی کوردســــتان و ســــەرۆکی هەڵبژێردراوی کۆریای باشــــوور بەمجــــۆرە تێڕوانینــــی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانیان ســــەبارەت بە کۆمپانیاکانی کۆریای باشــــوور بڵاوکردۆتەوە:

(ئێمە سوپاســــی بێ پایانمان بۆ گــــەل و حکوومەتــــی کۆریای باشوور هەیە کە هێزەکانی خۆیان بۆ عێــــراق نــــاردووە و تەئکید دەکەمــــەوە کە ئێمە ســــودێکی زۆرمان لە پسپۆری و ئەزموونی کۆمپانیاکانی کۆماری کۆریای باشــــوور وەرگرتووە و حکومەتی هەرێمی کوردســــتانیش پێویستی بەتایبەتمەندی و ئەزموونی ئەو کۆمپانییانە هەیە، هەر بۆیە هەوڵدەدەین ئەولەویەت بدەینە کۆمپانیاکانی کۆریا باشوور).

**یەکێتی کۆمپانییاکانی نەوتی کۆریا KNOC:**

**ئێمە لە پسپۆڕانی یاسای نێودەوڵەتی تەئکیدمان کردۆتەوە گرێبەستەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەستووری عێراق یەکدەگرێتەوە.**


ئەم ڕێککەوتنەی نێوان حکومەتی کوردســــتان و کۆمپانیای کۆریا باشوور، لە کاتێکدایە کە وەزارەتی نەوتی عێراق هەڕەشە و گوڕەشەی نابەجێ دژی کۆمپانیاکان و دژی حکوومەتی هەرێمی کوردســــتان بڵاودەکاتەوە و فراوانکردنی ئەم گرێبەســــتانەی بۆ یادداشــــتنامەی لێکتێگەیشتن و درێژخایەن لەگەڵ کۆریا و، بەردەوامی کۆمپانیاکانی دیکە بۆ بەســــتنی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان نیشانەی ئەوەیــــە کە چیدیکە جیهان ئامادەنییە گوێی لە دەنگی دیکتاتۆر و دەسەڵاتی حکومەتی سەنترالی بەهێز لە عێراقدا بێتەوە.

لە مانگی رابردوو، بە فەرمانی حوسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراق، بایکۆتی هەردوو کۆمپانیا sk energy کۆریایی باشوور و Austria Omvag نەمسای بۆ بەستنی گرێبەست لەگەڵ وەزارەتی نەوتی عێراق کرا.

دەربارەی شەرعیەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەستنی گرێبەستی نەوت لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوتی جیهان، سەرۆکی یەکێتی کۆمپانیاکانی نەوتی نیشتیمانی کۆریا بەمجۆرە بە رۆژنامەنووسانی راگەیاندووە:

ئێمە لە یاساناس و پارێزەرانی نێودەوڵەتی بێ لایەن تەئکیدمان کردۆتەوە کە ئەو گرێبەستانەی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیمزاکراون لەگەڵ دەستووری عێراق یەکدەگرنەوە.

شایەنی باسە یادداشتنامەی لێکتێگەیشتن کە حکوومەتی هەرێمی کوردســــتان لەگەڵ دوو گرووپی گەورەی کۆمپانیاکانی knoc بۆ دەرهێنانی نەوت و کۆمپانیای ســــانجیۆنگ بــــۆ کاری ئەندازەیی بوونیادنەوە مۆرکراون، لە ماوەی ٢ مانگی داهاتــــوودا دەکەوێتە واری جێبەجێکردن.



**نێچیرڤان بارزانی:**

**ئەو زەمەنە بەسەرچوو، حکوومەتی ناوەند بڕیار بەسەر هەرێمەکاندا بسە پێنێت.**

هەر سەبارەت بە مەترسی ئەوەی کە حکوومەتی عێراق ڕێگری لەم یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنەی نێــــوان حکومەتی کوردســــتان و کۆریای باشــــوور بــــکات بەڕێز نێچیرڤان بارزانی زۆر بە هێمنی



●●●
**پێشوازی سەرکۆماری هەڵبژێردراوی کۆریای باشوور لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نیشانەی ئەوەیە کۆماری کۆریای باشوور متمانەی بە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی و حکومەتەکەی هەیە**
●●●

و بە زمانێکی لۆژیکانە بەمجۆرە بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاندووە:
(بەپێی زانیارییەکانی من، ڕاگرتنی نەوت بۆ کۆریا بەپێی بڕیاری حکومەتی ناوەندی بەغدا نەبووە، بەڵکو وەزیرێك ڕایگرتووە و ئەو بڕیارەی دەرکردووە).
سەبارەت بە دەسەڵاتی دەستوری هەرێمی کوردستانیش بۆ ئیمزاکردنی گرێبەست و یادداشتنامەی لێکتێگەیشتنی سەرۆکی حکومەت گوتی:
( ئێمە هیچ کارێکمان بە پێچەوانەی دەستووری عێراق نەکردوە، دەستووری عێراق ئەو مافەی بە ئێمەداوە، ئەگەر دەستووری عێراق ئەو مافەی بە ئێمە نەدابایە، ئێمەش نەمان دەکرد ).
دیسان هەر لەوەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسان و سەبارەت بە هەڵوێستی چاوەڕوانکراوی حکومەتی عێراق سەرۆکی حکومەتی کوردستان گوتی:
(ئەو زەمەنە بەسەرچوو حکومەتی ناوەند بتوانێت هەموو بڕیارێك بەسەر هەرێمەکاندا بسەپێنێت، ئێمە ئێستا هەنگاو بۆ سیستەمێکی فیدرالی تازە هەڵدەگرین).
سەبارەت بە چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی ئێستا هەن ، بەتایبەتیش ڕاگرتنی نەوت بۆ کۆریا، سەرۆکی حکومەت بە ڕۆژنامەنووسان ڕاگەیاند:
(دوای گەڕانەوەم لە کۆریا، سەردانی بەغدا دەکەم و هەوڵدەدەم ئەم گرفتەش چارەسەر بکەم).
بۆ زیاتر هەڵسەنگاندنی ئەم سەردانە و ووردەکاری زیاتر لەسەر ناوەڕۆکی ئەو یادداشتنامەی لە نێوان هەرێمی کوردستان و کۆریای باشور ئیمزا کراوە، گوڵان پەیوەندی لە بەڕێز فەلا مستەفا بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێی کوردستان و ئەندامی شاندی یاوەری سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە سیئول کرد و بەرێزی بەمجۆرە سەبارەت بەو سەردانە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.



**فەلاح مستەفا**
**ئەندامی شاندی یاوەری سەرۆکی حکومەت لە سیئول بۆ گوڵان:**

# ئەم سەردانە سەلماندی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامادەیە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان رێککەوتنی درێژخایەن ئیمزا بکات

**■ فەلاح مستەفا بێجگە لەوەی کە ئەندامی شاندی یاوەری سەرۆکی حکومەتی کوردستانە بۆ کۆریای باشـــوور، وەزیری هەرێم و بەرپرسی دەزگای پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردســـتانە، هەر بۆیە لە نزیکەوە ئاگاداری پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری کۆریای باشووریشـــە، لەم چوارچێوەیەدا بەرپرســـی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان راگەیاند هەوڵدان بۆ پەیوەندی زیاتری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەوڵەکانی شەخســـی ســـەرۆکی حکومەتی کوردســـتان لەم بوارەدا، بۆ ئەوەیە کە زەمینەی حوکمڕانییەکی باش لە کوردســـتان دابمەزرێت، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش سەرۆکی حکومەتی کوردستان هەوڵدەدات هەموو ئەو مافە دەستوورییانەی کە هەرێمی کوردستان هەیەتی لەم پێناوەدا بیخاتە گەڕ، بۆ ئەوەی گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ژیان و گوزەرانی گەلی کوردســـتاندا دروست بکات). ■**

دەربارەی ئەم خواســـتەی سەرۆکی حکومەتی کوردســـتان و ئەو هۆکارانەی لە بەردەستیەتی

بـــۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، فەلاح مســـتەفا پێی وایە کە ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکی لەو شێوەیە لە ژیان و گوزەرانی گەلی کوردســـتاندا پێویستی بـــە ســـەرچاوەیەکی دارایی بەهێـــز هەیە و ئـــەم ئامانجە بەو توانا سنووردارە داراییەی ئێستا نایەتەدی، وڵاتی ئێمە بەدەستی ئەنقەست کاولکراوە و ئێســـتاش ناتوانیـــن بەبێ ســـەرچاوەیەکی دارایی بەهێز ئاســـەواری ئـــەو کاولکارییە بسڕینەوە و وڵاتەکەشمان بەرەو پێشەوە بەرین.

### ئەم سەردانە بەشێکە لە بەرنامەی سەرۆکی حکومەت بۆ رێکخستنی ژێرخانی کوردستان

لە یەکەمین کۆنفرانســـی سەنتەری ئاشتی بۆ جیهان و سەنتەری مستەفا بارزانی لە زانکۆی ئەمەریکا لە واشنتۆن، نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆکی حکومەتی کوردستان وتاری گەل و حکومەتی کوردستانی لـــەو کۆنفرانســـەدا خوێندەوە و تیایدا بـــە هەموو جیهانی راگەیاند:

١. کوردســـتان خاوەنـــی ســـەرچاوەیەکی گـــەورەی یەدەگـــی نەوتە بـــەڵام هەتا ئێســـتا (واتە هەتـــا رووخانی رژێمـــی دیکتاتـــۆری لـــە عێراقدا) داهاتی ئەم سامانە بـــۆ کاولکردنی کوردســـتان بەکارهاتووە.

٢. کوردســـتان خـــاوەن ســـەرچاوەی گـــەورەی ئاوە، ئـــاو بایەخێکـــی گرنگی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی هەیە.

ســـەرۆکی حکومـــەت بە ئامادەبووانی کۆنفرانسی کورد و گەڕان بەدوای ناســـنامەی راگەیاند: ئێمە ترسی ئەوەمان

هەیە ئەم سامانی ئاوەش بێتە کارەساتێکی دیکە بۆ کوردستان.

سەرۆکی حکومەتی کوردستان لەو کاتەی وەك سەرۆکێکی هەڵبژێردراو سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی کوردستانی کەوتۆتە ئەستۆ چەندین هەوڵی گرنگی بۆ بەرەوپێشەوە چوونی هەرێمی کوردستانی گرتۆتەبەر، وەك رێکخراوی سەرکردە لاوەکانی جیهان(ygl) پێناسەی کارەکانیان کردووە و لە هەمانکاتدا وەك سەرکردەیەکی لاوی جیهانی بۆ ساڵی ٢٠٠٧ دەستنیشانکردووە و کارەکانی لەم خاڵانە چڕدەکەنەوە:

١. لە ماوەی حوکمڕانی نێچیرڤان بارزانییدا، هەرێمی کوردستان بەرەو پێشەوە چوونێکی گرنگی لەسەر ئاستی ئابووری و دیموکراسی بەخۆبینوە.

٢. هەرێمی کوردستان لە ناوچەیەکی ئاڵۆزدا، ناوچەیەکی ئارام و سەقامگیرە.

٣. هەرێمی کوردستان نەبۆتە سەرچاوەی مەترسی هەرێمی و ئاڵۆزی و پشێوی لە ناوچەکەدا.

٤. هەرێمی کوردستان دژایەتی تیرۆر دەکات و بەشێکە لە هاوپەیمانی جیهان لە شەڕی دژە تیرۆردا.

بێگومان هەموو ئەم هەوڵانەی رێزدار نێچیرڤان بارزانی لەسەر ئاستی هەرێمی و جیهان دوو ئامانجی گەورەی لێدەخوێنرێتەوە.

١. نێچیرڤان بارزانی هەوڵدەدات ئەم هەرێمە خاوەنی ئابوورییەکی بەهێزبێت و گەلەکەی هەموو خزمەتگوزارییە پێویستەکانی بۆ دابینبکرێت.

٢. هەرێمی کوردستان بێتە بەشێك لە هۆکاری ئاشتی و ئاسایشی لەسەر ئاستی ئیقلیمی و جیهانیش.

ئێستاش کە هەوڵدەدا حکومەتی کوردستان مافە دەستوورییەکانی خۆی پیادە بکات ، بێگومان ئەمەش لە چوارچێوەی ئەو بەرنامە درێژخایەنەی نێچیرڤان بارزانییە کە ئومێدی بۆ دەخوازێت و لەمبارەوە و سەبارەت هەوڵەکانیشی بۆ وەبەرهێنانی نەوت لە کوردستاندا فەلاح مستەفا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:

بێگومان رێزدار نێچیرڤان بارزانی بەرنامەیەکی بۆ حکومەتی هەرێم دارشتووە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بگاتە قۆناغێکی دیکەی پێشکەوتن و گەلەکەی هەموو خزمەتگوزارییەکی بۆ دابین بکرێت و خۆشگوزەران بێت، بۆ ئەمەش هەوڵدەدات میکانیزمێك پیادە بکات بۆ ئەوەی بتوانێت سوود لەو سەرچاوە سرووشتییانە وەربگرین کە لە کوردستاندا هەیە.

سەردانی ئەمجارەی سەرۆکی حکومەت لەگەڵ شاندی یاوەری بۆ کۆماری کۆریای باشوور بەمەبەستی ئیمزاکردنی یادداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتن بوو کە نەوت دەربهێنرێت بۆ سوودی بونیادی ژێرخانێکی پتەو لە کوردستاندا.

ئەم یادداشتنامەیە، لێکتێگەیشتنێکی سەرەتایی یە، لەگەڵ دوو گرووپی کۆمپانیا گەورەکانی کۆماری کۆریای باشوور:

یەکەمیان یادداشتنامەی لێکتێگەیشتن لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوتی کۆریای باشوور و تایبەمەند بوو بە بواری وزە ، بۆ ئەوەی بوار بەو کۆمپانییانە بدرێت کە بە دوای نەوت لە کوردستاندا بگەڕێن.

دووەمیان: یادداشتنامەی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ چەترێکی دیکەی کۆمپانیاکانی کۆریای باشوور، بەڵام ئەمەیان تایەتمەند بوو بۆ بواری بونیادی ژێرخانی خزمەتگوزاری لە کوردستاندا و بۆ جێبەجێکردنی  پرۆژەی ستراتیژی لە کوردستاندا.

بێگومان ئەم لێکتێگەیشتنە هەنگاوێکی گرنگە لە پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆماری کۆریای باشوور، هەروەها خاڵێکی وەچەرخانە بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی سەردەمیانە مامەڵە لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان بکەین، ئەمەش سەرەتایە بۆ ئەوەی بتوانین لە ئایندەیەکی نزیکدا دانووستاندنی تێروتەسەل سەبارەت بە یادداشتنامەی یەکەم و دووەم دەست پێ بکەین:

### دیداری نێوان نێچیرڤان بارزانی و لی بیوبانگ باک دەستپێکی پەیوەندی درێژخایەن

سەبارەت بە سەردانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ لی - بیویانگ• باك) ی سەرۆکی هەڵبژێردراوی کۆریا کە چەند رۆژێکی دیکە سوێندی یاسای دەخوات بەرپرسی دەزگای پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم گوتی:

سەردانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی و دیداری لەگەڵ( لی بیویانگ- باك)ی سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی کۆریا بۆ چەند بەشێك بوو:

١. سەرۆکی حکومەت پیرۆزبایی لە لی بیویانگ باك کرد بەبۆنەی هەڵبژاردنی بە سەرۆکی کۆریا

٢. سەرۆکی حکومەتی کوردستان سوپاسی گەل و حکومەت و سوپای کۆریای کرد  کە بەشدارییەکی بەرچاویان لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا کردووە و هەر لە دوای رووخانی رژێمەوە لە ساڵی ٢٠٠٣  هەتا ئێستا.

٣. سەرۆکی حکومەتی کوردستان جەختی لەسەر ئەو پەیوەندییە کرد کە لە نێوان هەردوولا دامەزراوە و ئومێدی خواست کە ئەم پەیوەندییە بێتە پەیوەندییەکی درێژخایەن لە نێوان حکومەتی کوردستان و حکومەتی کۆریا لە ئایندەدا.

### لی بیوبانگ باک
### خۆشحاڵە کە پەیوەندی نێوان کۆریا و کوردستان گەیشتۆتە ئاستێک سوود لە یەکتری وەربگرن

سەربارەت بە کاردانەوەی ئەو سەردانە لای لی بیویانگ باکی سەرۆکی هەڵبژێردراوی کۆریا فەلاح مستەفا گوتی: پێش ئەوەی باس لە دەنگدانەوەی ئەم سەردانە بکەم لەسەر سەرۆکی کۆریا، دەخوازم ئەوە بڵێم، کە بۆ ئێمەش جێگەی خۆشحاڵی بوو کە سەرۆکی کۆریا، زۆر ئاشنا بوو بە بارودۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق، ئەویش زۆر لەگەڵ بەرەوپێشەوەبردنی ئەو پەیوەندییەدا بوو، هەروەها پەیمانی ئەوەی پێداین کەوا گەلی کۆریا و کۆمپانیاکانی کۆریا بەشدارو هاوکارمان دەبن لە پرۆسەی بونیاتنانەوەی ژێرخانی هەرێمی کوردستان، هەروەها خۆشحاڵی خۆی پیشاندا بەرامبەر ئەوەی کە پەیوەندی نێوان هەرێمی

**ئەم لێکتێگەیشتنە هەنگاوێکی گرنگە لە پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆماری کۆریای باشوور، هەروەها خاڵێکی وەچەرخانە بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی سەردەمیانە مامەڵە لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان بکەین**



Ssangyong E&C opened doors for other Korean builders to advance into the United Arab Emirates by successfully accomplishing the Emirates Towers Hotel project in Dubai.



Raffles City Complex in Singapore is one of the most impressive achievements of Ssangyong E&C in overseas construction.

**ئێمە بەردەوامین لە بەستنی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکان، لەم بوارەشدا بە تەنیا کۆمپانیاکانی کۆریا نین کە گرێبەستمان لەگەڵدا ئیمزا کردوون**

کوردستان و کۆریا گەیشتۆتە ئاستێك کە ئێستا هەردوولا دەتوانن سوود لە یەکتری وەربگرین.

### ئەم پرۆژانەی بە پێی ئەم یادداشتە لە کوردستان جێبەجێ دەکرێن

ئەوەی لە میدیاکانەوە گوێبیستی بووین ئەوەیە کە ئەم یادداشتامەیەی لێکتێگەیشتنە بڕی ١٢ملیار دۆلار پرۆژەی خزمەتگوزاری لە کوردستان دەگرێتەوە و جێبەجێکردنی ئەم پرۆژانەش گۆڕانکارییەکی ریشەییەی لە کوردستاندا فەلاح مستەفا بەمجۆرە بەگوڵانی راگەیاند:

(ئەم یادداشتنامەیە هەنگاوێکی سەرەتاییە لە پرۆسەیەکی درێژخایەن و هەنگاوێکی زۆر گرنگیشە، ئەو پرۆژانەشی کە مەبەستمانە لە رێگەی ئەم یادداشتنامەیەوە لە کوردستاندا جێبەجێ بکرێن ئەم لایەنانە دەگرێتەوە:

* پەرەپێدانی بواری پەروەردە و چارەسەرکردنی کەمی قوتابخانە.

* دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی بۆ هەرێمی کوردستان ئەوەشی لە میانەی پرۆژەی گەورە و ستراتیژی بۆ چارەسەرکردنی گرفتی کەم ئاوی.

* پرۆژەکانی ئاوەڕۆ لەسەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان

* چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا

* دابینکردنی سەرجەم ئەو خزمەتگوزارییانەی کە بواری شارەوانی دەگرێتەوە.

*چارەسەرکردنی کێشەی رێگەوبان

*دەسپێکردنی پرۆژەی ستراتیژی وەکو دروستکردنی تۆڕێکی هاوچەرخی رێگاوبان(های وەی) بۆ بەستنەوەی سەرجەم کوردستان بەیەکترەوە

* سەرجەم ئەو پرۆژانەی کە لە کوردستان دیراسەتییان لەسەرکراوە و دیزانییان بۆ کراوە و لەبەر سنووورداری توانای دارایی حکومەتی کوردستانی نەتوانراوە جێبەجێ بکرێن، بەپێی ئەم یادداشتە دەست دەکرێت بە جێبەجێکردنیان.

### هاندانی کۆیکا و دەستەی ئەرکان بۆ پرۆژەی گەورەتر لە کوردستان

سوپای زەیتوون کە بەشێکە لە سوپای کۆریا و لە کوردستانن، هەروەها ئاژانسی کۆیکا کە یەکێکە لە ئاژانسە گەورەکانی کۆریای باشوور لە دوای رووخانی رژێمەوە تا ئێستا چەندین کاری گرنگیان لە کوردستان ئەنجامداوە و هەروەها چەندین خولی مەشق و راهێنانیان بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانی کارمەندانی حکومەتی هەرێم لە بوارە جیاجیاکاندا لەناو کوردستان و کۆریادا کردۆتەوە، سەبارەت بە دیداری سەرۆکی حکومەت لەگەڵ بەرپرسانی کۆیکاو دەستەی ئەرکانی سوپای کۆریا، فەلاح مستەفا گوتی: بەڕێز سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە دیداری لەگەڵ دەستەی ئەرکانی هاوبەشی سوپاسی کۆریا و هەروەها لەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئاژانسی کۆیکا، وێڕای سوپاسکردنیان کە کاری باشیان لە کوردستان ئەنجامداوە و بوونەتە هۆکاری ئەو پەیوەندییەی لە نێوان کوردستان و کۆریا دروست بووە، ئێستا گەیشتۆتە ئەو قۆناخەی کە هەردوولا سوود لە یەکتری وەربگرن، لە هەمانکاتدا داوای لێکردن کە:

١. هەوڵبدەن زیاتر لە کوردستان بمێننەوە

٢. بوودجەی زیاتر بۆ پرۆژەکانیان تەرخان بکەن بۆ ئەوەی بتوانن پرۆژەی زیاتر لە کوردستان ئەنجامبدەن.

٣. سەبارەت بە ئاژانسی کۆیکاش بەتایبەتی، داوای

لێکردن کە خولی مەشق و راهێنانی زیاتر لە پێناوی پەرەپێدانی توانا مرۆیەکان بۆ کارمەندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەنەوە.

٤. لە ئەنجامدانی پرۆژەکانیان لەگەڵ وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵبدەن بەشێوەیەك بێت کە سوودی زیاتری لێوەربگیرێت، شایەنی باسە هەر لەم چوارچێوەیەدا سەرۆکی حکومەت لە چەند دیدارێکی لاوەکیدا لەگەڵ وەبەرهێنەری کۆمپانیا سەرەکیەکانی کۆریا کۆبۆوە و هانیدان بێنە هەرێمی کوردستان و لەمبارەوە هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆپشتگیری وەبەرهێنەرانی پێ راگەیاندن و لە هەمانکاتدا ئاماژەشی بەوەکرد کە ئارامی و سەقامگیری کوردستان فاکتەرێکی لەبارە بۆ ئەو کارانە..

## کۆمپانیاکانی کۆریا دڵنیان لەشەرعیەتی دەسەڵاتی دەستووری حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئەو پێشوازییە ئاست بەرزەی لە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری کرا، بووە سەردێری هەواڵی میدیاکانی رۆهەڵاتی ئاسیا و ئاژانسە جیهانییەکان، سەرجەم میدیا و ئاژانسەکان سەرسوڕمانی خۆیان لەوەدا پیشاندەدا لە کاتێکدا حکومەتی عێراق بڕیاری راگرتنی نەوتی بۆ کۆریای باشوور راگرتووە، بەڵام دەبینین بەو ئاستە بەرزەش پێشوازی لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێت و ئەو بڕیارەی وەزارەتی نەوتی خەریکە دەگاتە ئاستی رێککەوتنی درێژخایەن دەربارەی ئەم لێکتێگەیشتنەی نێوان کوردستان و کۆریا، فەلاح مستەفا گوتی:

«حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتەواوی پشت بەو بڕگە مادده دەستوورییانەی ناو دەستووری عێراق دەبەستێت کە دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دیاریکردووە، ئێمە هەر لە سەرەتاوە دڵنیابووین کە هەڵوێست و رەفتارەکانی حکومەت یاساییەو لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدایە، لەم ماوەیەی دوایشدا کۆمپانیایەکی راوێژکاری یاسایی بێ لایەن، هەستاوە بە بەراوردکردنی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەستووری عێراقدا و بە هەردووکیاندا چۆنەوە و لەمبارەوە راپۆرتی خۆی بڵاوکردۆتەوە کە ئەو گرێبەستانەی حکومەتی هەرێم ئیمزای کردوون هەموویان یاسایین و یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانیش دەستوورییە.

ئەمە نیشانەی ئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رووی یاساییەوە پشت ئەستوورە، سەرۆکی حکومەتی کوردستانیش کە لە میانەی کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکانیش لەمبارەوە پرسیاری لێکراوە بەمجۆرە وەڵامی دانەوە:

(سەرۆکی حکومەت دەربارەی راگرتنی نەوت بۆ کۆریا گوتی: ئێمە بڕوا ناکەین ئەو بڕیارە بڕیاری حکومەتی فیدراڵی عێراق بێت، بەشێوەیەکی گشتی ئێمە وای دەبینین ئەوا بڕیاری تاکە کەسێکە کە وەزیری نەوتە لەبەغدا، ئێستا ئێمە پێمان وایە دەتوانین ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین»

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە دواین سەردانیدا بۆ بەغدا لەگەڵ



بەڕێز نوری مالکی باسی ئەم کێشەیان کردبوو، هەردوو لا کۆك بوون لە سەر ئەوەی کە پێویستە دەستووری عێراق ببێتە بنەما بۆ چارەسەری کێشەی گرێبەستەکان، هەر بۆیە ئێمە دڵنیاین کە هەنگاوەکانمان یاساییین.

لەلایەکی دیکە ئەگەری کۆمپانیاکانی کۆریای باشووریش لە هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دڵنیا نەبوونایە ئەوا ئەوانیش گرێبەستیان ئیمزا نەدەکرد لەمبارەوە سەرۆکی حکومەت راشکاوانە بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند:

ئەگەر ئێمە لەوە دوودڵ بووینایە کە هەڵوێستەکانمان یاسایی نین، ئەوا ئەو یادداشتنامەیەمان ئیمزا نەدەکرد، یان هیچ گرێبەستێکمان ئیمزا نەدەکرد.

هەر بۆیە سەرۆکی حکومەت هەموویانی دڵنیاکردەوە کە هەرچی کراوە لە حکومەتی هەرێم هەمووی یاساییە، ئەم گرفتەی گێڕایەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی:

١. هەتا ئێستا سیستەمی فیدراڵی وەکو پێویست لە عێراقدا پیادە نەکراوە

٢. کەسانێك هەن کە دەیانەوێت حکومەتی ناوەندی بەهێز زەمەنەش بەسەرچوو.

## بۆ وەبەرهێنانی نەوت تەنیا کۆمپانیاکانی کۆریای باشوور نین

لە بەشێکی دیکەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان و سەبارەت بە گرێبەستی هەرێم لە گەڵ کۆمپانیاکانی فلاح مستەفا گوتی:»ئێمە بەردەوامین لە بەستنی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکان، لەم بوارەشدا بە تەنیا کۆمپانیاکانی کۆریا نین کە گرێبەستمان لەگەڵدا ئیمزا کردوون، بەڵام ئەو پەیوەندییەی لەنێوان کوردستان و کۆریای باشوور دروست بووە زەمینەیەکی لەباری رەخساندووە بۆ ئەوەی زیاتر هاریکاری یەکتری بکەین و سوود لە یەکتری وەربگرین.

●●●

**سەرۆکی کۆریا، زۆر ئاشنا بوو بە بارودۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق، پەیمانی ئەوەی پێدان کەوا گەلی کۆریا و کۆمپانیاکانی کۆریا بەشدارو هاوکارمان دەبن لە پرۆسەی بونیاتنانەوەی ژێرخانی هەرێمی کوردستان**

●●●

# سوود لە دۆستایەتی ئەمەریکا وەربگرن، بەڵام سیاسەتەکانتان لەسەر بنەمای پشت بەستن بە ئەمەریکا دامەڕێژن



گەر جۆن مەککاین لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بە دەست بهێنێت ئەوا بایەخی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بریتی دەبێ لە رووبەڕووبونەوەی ئێران

■ پرۆفیسۆر چەیم کۆفمان «Chaim kafman ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی Lehigh ئەمەریکا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر کێشە و گرفتە ئەتنی و نەتەوەییەکان و ئەو کارەساتانەی وەك جینۆساید و کۆکوژی کە بەسەر ئەو گەلانە هاتووە و لە ژمارەی حوزەیران و ئابی ٢٠٠٢ دا باسێکی لە گۆڤاری فۆرت ئەفێرز بەناوونیشانی « بۆ ئەوەی کاری خراپ نەیتە پێش، بۆچی ئەمەریکا ناتوانێت جینۆساید رابگرێت) see no evil why America do Esnt to genocide ( هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٧یش وتارێکی لە سایتی کۆلۆمبیا ئینەرناشناڵ ئەفێرز بەناوونیشانی «بۆچی عێراق خۆی دابەشکردووە؟ why Iraq partitioned leseif؟ بڵاوکردۆتەوە.
هەر هەمان ساڵ واتە لە ٢٠٠٧ باسێکی بەناوونیشانی «ئایا دەتوانین لەبارەی کێشەکانی ئەتنیەوە چی فێربین؟ ئایا دەتوانین لە عێراقدا چی بکەین لە گۆڤاری هاروڤار و ئینتەرناشناڵ ریڤیۆ بڵاویکردۆتەوە.
لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ و سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧ وتارێکی بە دوو بەش بەناوونیشانی «سیاسەتی ئەمەریکا و پاراستنی کوردستان» The us policy and safety Kurdistan١٦٢ purt لە ژمارەکانی ٦١٦ و ٦١٩ ی گۆڤاری گوڵان بە کوردی بڵاوکردۆتەوە و هەمان وتار بەدوو بەش بەزمانی ئینگلیزی لە سایتی www.gulan-media.com بڵاوکراوەتەوە ناونیشانی ئەم دوو وتارەش لە (٢٧) کۆفماندا نووسراوە.
لەو وتارەدا کۆفمان پێشبینی چەند ئەگەرێکی کردبوو، لەگەڵ ئەوەی هەندێك لە پێشبینییەکانی تاڵ بوون بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە هێزی تورکیا هەبوو، بەڵام بەداخەوە وا دەرچوو، هەربۆیە ئەمساڵیش جارێکی دیکە پەیوەندیمان بە فرۆفیسۆر کۆفمان کرد و پێشبینی خۆی بۆ ئەمساڵ «٢٠٠٨» یش بەمجۆرە بۆ گوڵان دەربڕی، جێگەی ئاماژە پێکردنە دەقی ئەم دیمانەیە لە www.gulan-media.com بە زمانی ئینگلیزیش بڵاودەکرێتەوە. ■

**حاڵی حازر لە رووی پراکتیکیەوە کوردستان کاروبارەکانی بە شێوەیەک هەڵدەسوڕێنێت وەک ئەوەی دەوڵەتی خۆی بەڕێوەببات**

***چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق هەڵدەسەنگێنێت؟ چۆن سیاسەتی ئێستای ئەمەریکا لە عێراقدا لێکدەدەیتەوە؟**

- من پێم وایە گەر لە بارودۆخی ئەو دەوڵەتانە بڕوانین کە ناکۆکی لە نێوان پێکهاتەکانیاندا هەیە، ئەوا دەتوانین ناکۆکی نێوان کوردستان و باقی عێراق بە دابەشبونی ئەمری واقیع وەسف بکەین. هەرچەندە کوردەکان نوێنەریان لە پەرلەمانی عێراقدا هەیە، بەڵام گفتوگۆیەکی زۆر هەیە دەربارەی پێگەی ئایندەی کوردستان. حاڵی حازر لە رووی عەمەلیەوە کوردستان کاروبارەکانی بە شێوەیەك هەڵدەسوڕێنێت وەك ئەوەی وڵاتی

خۆی بەڕێوەببات. ئەم باروودۆخەش کە کوردستان بە شێوەیەکی کرداری سەربەخۆیە هەرچەندە لە ڕوی یاسایی و بە حوکمی یاسا سەربەخۆ نیە، بەڵام حاڵەتی ئێستای کوردستان وەك:

ا- باوردۆخی سربەکانی بۆسنیە بۆ ماوەی ١٣ ساڵ،

ب- باروودۆخی کۆسۆڤۆ لە چوارچێوەی سربیادا،

ج- باروودۆخی ناگۆرنۆ ناکاراباخ لە ئازەربایجان

د- هەل و مەرجی سماتشیکی لە جۆرجیا

**بە هەمان شێوە بریتیە لە سەربەخۆیی ئەمری واقیع.**

کەواتە گەر کەسێك هەبێت نیگەران بێت لە بارەی ئەوەی باروودۆخی کوردستان حاڵەتێکی نائاسییە و مایەی ناسەقامگیریە ئەوا مەرج نییە نیگەرانییەکەی لە جێی خۆیدا بێت.

ئەم باروودۆخانە ڕەنگە بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ درێژە بکێشێن، بۆ نموونە کۆماری تورکی قوبرسی باکوور، کە بۆ ماوەی ٣٤ ساڵی بە شێوەی ئەمری واقیع سەربەخۆیە.

من نازانم ئایا خەڵکی کوردستان ئەم پرسیارە دەکەن یان نا، بەڵام خەڵکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەپرسن ئایا ستراتیژیەتی زیادکردنی هێزەکان لە عێراقدا سەرکەوتنی بە دەستهێناوە لە سستکردنی ڕەوتی شەڕی ناوخۆیی نێوان شیعە و سوننە یان نا؟

من پێم وایە هۆکاری هێوربوونەوەی ئەو شەڕە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەموو ئەوەی دەکرا لەو شەڕەدا بکرێت کراوە و ئەنجامدراوە. بەتێڕوانینی من شەڕی سونە وشیعە کۆتایهاتووە و ناوچەی باشوور و ناوەراست بەرەو دابەشبوونی ئەمری واقیع هەنگاو دەنێت، ئێستا شیعە و سوننەکان لەو ناوچانەدا ناژین کە کەمینەبن تیایدا لەبەر ئەوەی یان کوژراون یاخود بە جێیان هێشتووە.

من لەو باوەڕەدانیم خاوبوونەوەی ڕەوتی ئەم شەڕە بۆ بوونی سەربازیانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بگەڕێتەوە لەو ناوچانەدا، تێڕوانینی من ئەوەیە ئەو شەڕە کۆتایی هاتووە و ناوچەی باشوور و ناوەراست بەرەو دابەشبوونی ئەمری واقیع هەنگاو دەنێت، هەرچەندە سەرکردەکانی هەردوولا نایانەوێت دان بەم ڕاستییەدا بنێن، یاخود بە لای کەمەوە نایانەوێت ڕایبگەیەنن کە پشتگیری دەکەن. بەڵام بە تێڕوانینی من ئەوە ڕویداوە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەچەسپێت و پتر و پتر خاڵی پشکنین بەدی دەکەین بە چەشنێك وەك نیشانەکانی سەر سنووری دوو وڵاتی لێدێت. ئەوە بەشێکی پرسیارەکە بوو.

**ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا**
**بە شێوەیەکی فیعلی کۆتایی هاتووە**

بۆ وەڵامدانەوەی بەشەکەی دیکە دەبێت بۆ دوای هەڵبژاردنەکان بڕوانیت، لەبەر ئەوەی ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا بە شێوەیەکی فیعلی کۆتایی هاتووە و بۆ ماوەی ساڵێك دەبێت کە بە هیچ شێوەیەك و لە گەڵ هیچ کەسێکدا خاوەنی میسداقییەت نەبووە. لەبەر ئەوە هیچ شتێکی راستەقینە ڕوونادات تاوەکو دوای هەڵبژاردنەکان. گەر جۆن مەککاین لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بە دەست بهێنێت ئەوا بایەخی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بریتی دەبێ لە ڕووبەڕووبونەوەی ئێران. جۆن مەککاین یەکەمین کەسی بەرچاو بوو کە پشتگیری لە سیاسەتی زیادکردنی هێزەکان کرد. ئەو پشتگیرکردنی خۆی بۆ ئەم سیاسەتە ڕاگەیاند ساڵێك پێش ئەوەی لەلایەن ئیدارەکەی سەرۆك بۆش پیادە بکرێت. ئەو کاتە ئیدارەی ئەمەریکا نەیدەویست بیگرێتەبەر، لەبەر ئەوەی نەیدەویست دان بە شکستی سیاسەتەکانی پێشودا بنێت. بەڵام لە کۆتاییدا هەڵسا بە پەیڕەوکردنی.

**دەبێت کوردەکان لەوە تێبگەن کە مەککاین**
**بایەخێکی کەمتر بە کوردەکان دەدات**

ئەگەر ئەو ببێتە سەرۆك مەسەلەی کورد دەبێتە مەسەلەیەکی لاوەکی. گەر جۆن مەککاین بە سەرۆك هەڵبژێردرێت ئەوا سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا تا ڕاددەیەك شەڕانی دەبێت، تا ڕاددەیەك جەخت لەسەر هێز دەکاتەوە، تا ڕاددەیەك جەخت لە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکاتەوە و جەخت لەسەر ئێران دەکاتەوە وەکو هەڕەشەیەك. ئایا ئەمە چی دەگەیەنێت بۆ کوردەکان، دەبێت هەموو شتێك لەبەرچاو بگرین، لەبەر ئەوەی لەو باروودۆخەدا هەموو شتێك بە پێی ئامانجە سەرەکییەکە بڕیاری لەسەر دەدرێت. کە ڕەنگە سەربکێشێت بۆ سیاسەتێك کە فیدراڵییەت بۆ کوردەکان دەستەبەر بکات، یاخود بە پێچەوانەوە بۆی هەیە ببێتە گرتنەبەری سیاسەتێکی دەرەکی دیاریکراو، لە لایەن ئەمەریکاوە کە بە تەواوی کوردەکان پشتگوێ بخات، لەبەر ئەوەی بەدەستهێنانی هاریکاری تورکیا و عەرەبە سوننەکانی عێراق دەبێتە ئامانجێکی گرنگتر. پێم وایە ئەوەی دەبێت کوردەکان لە بارەی مەککاینەوە تێبگەن ئەوەیە کە ئەو بایەخێکی کەمتر بە کوردەکان دەدات، کوردەکان دەبنە مەسەلەیەکی لاوەکی لە حیساباتەکانی ئەودا. بەڵام گەر دیموکراتەکان سەرکەوتن بە دەست بهێنن، گەر ئۆباما بە سەرۆك هەڵبژێردرێت، ئەوا زەحمەتە پێشبینی و سیاسەتی دەرەوەی داهاتووی ئەمەریکا دەستنیشان بکەین، لەبەرئەوەی هێشتا تیمێکی ڕاوێژکاری جێگیری نییە لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا، من پێم وایە ساڵێك تا دوو ساڵی دەوێت تاوەکو ڕواڵەتەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بە ڕوونی دەربکەون تەنانەت بۆ خودی ئۆباما خۆشی. لەبەر ئەوەی ئەو تیمی ڕاوێژکاری پێك دەهێنێت، بۆی هەیە گۆڕانکاری گەورە بخوڵقێنن لە یەکەم ساڵ و دووەم ساڵی سەرۆکایەتییەکەیدا.



**سیاسەتی ئەمەریکا لە ئاست کوردستاندا**
**بە هیچ شێوەیەک پەیوەست نییە بە باروودۆخی کوردستانەوە**
**ئەمەریکا پتر جەخت لەسەر دەوڵەتە گەورەکانی ناوچەکە دەکاتەوە**

***کوردەکان خۆیان بە دۆست و هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەزانن، بەڵام وا هەست دەکەن ئەمەریکا ئەوانی فەرامۆش کردوە لە پێناو ڕازیکردنی تورکیادا و ڕێکخستنەوەی هەڵوێستەکانی لە ناوچەکەدا، بۆ نموونە ڕێگەی بە تورکیا دا تاوەکو سنووری هەرێمی کوردستان ببەزێنێت و هێرشی سەربازی ئەنجام بدات.، ئایا چۆن ئەم هاوکێشەیە دەخوێنیتەوە؟**

- من زۆر گرنگی و بایەخ بەو قسە و لێدوانانە نادەم کە

بەرپرســـەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانـــی ئەمەریکا دەیڵێن. من لە نووسینەکانی ساڵی ٢٠٠٧یشدا بۆ گۆڤارەکەتان ئەوەم خستەڕوو کە گرنگترین راســـتی پێویســـتە کوردەکان لە بارەی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئاســـت کوردســـتاندا بیزانن ئەوەیە کە زۆربەی بەرپرسەکانی ئەمەریکا زانیارییەکی زۆریان نییە دەربارەی کوردستان و زۆر بایەخیشی پێنادەن، تەنانەت رای گشتی ئەمەریکاش زانیارییەکی کەمتری هەیە و بە رادەیەکی کەمتریش بایەخ دەدات بە کوردســـتان. هەروەها سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئاست کوردستاندا بە هیچ شێوەیەك پەیوەست نییە بە بارودۆخی کوردستانەوە، لە بری ئەوە ئەمەریکا پتر جەخت لەســـەر دەوڵەتە گەورەکانـــی ناوچەکە دەکاتەوە، کە ئەوەش دەوەستێتە سەر ئەوەی چ کەسێك حوکمڕانی ئەو دەوڵەتانە دەکات و ئایـــا ئەگـــەری ئەوەیان لێدەکرێت، ببنە ســـەرچاوەی هەڕەشە یاخود ئەگەری بوون بە دۆست و هاوپەیمانیان لێدەکرێت. لە ســـەرەتادا بایەخ و گرنگیدانی ئەم ئیدارەیە بۆ سەدام حوسێن و چەکە کۆکوژە بانگەشە بۆکراوەکانی تەرخان کرابوو، ئێستا بە ئاراســـتەی ئێران گۆڕاوە، هەمیشـــە حاڵەتەکە بەم شێوەیە بووە، لە دوای شـــەڕی دووەمی جیهانیشـــەوە، تورکیا لە بەر قەوارە گەورەکەی جێی گرنگی پێدانی سیاســـەتی دەرەوەی ئەمەریکا بووە. هەرچەندە ئەمەریکا سیاســـەتێکی دۆســـتانەی لە ئاست کوردەکاندا گرتەبەر هەر لە ســـاڵی ١٩٩١ەوە تاوەکو ئێســـتا، کە سەرۆك بۆشی باوك کورد و شیعەکانی هاندا بۆ ئەوەی لە دژی سەدام حوسێن هەڵگەڕێنەوە و راپەڕین بکەن کە ئەو هاندانەش لە سەر بنچینەی بەرژەوەندییەکانی کورد و شیعەکان نەبوو، بەڵکو پتر بۆ ئاسانکردنی ئەرکی هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکان بوو بۆ تێکشـــکاندنی سەدام حوســـین. کە دواتر سەدام حوسێن بەربەرچـــی دانەوە و شـــیعەکانی بە تەواوی تێکشـــکاند. زۆر درەنـــگ وەختانە ئەمەریکا دانی بە بەرپرســـیارێتی خۆیدا نا و بە لای کەمەوە کوردەکانی لە هێزی ئاســـمانی عێراق پاراســـت لە رێی دروســـت کردنی ناوچەی دژە فڕینەوە. سەرۆك بۆش لە گۆشـــەنیگای بەرژەوەندییەکانی کوردەکانەوە ئەو کارەی نەکرد، بەڵکو ئەو تەواو ئامادەبوو کورد لە باکوور و شیعە لە باشوور وەك ئامرازێك دژی سەدام حوســـێن بەکاربهێنێت. لە ساڵی ٢٠٠٣دا دووبارە وڵاتـــە یەکگرتووەکانی ئەمەریـــکا وەك هاوپەیمانێکی بە کەڵك لە دژی ســـەدام حوســـێن لە کوردەکانی روانی، رەوتی رووداوەکانیش بەو شـــێوەیە بەڕێوەچوون و تا ئەم دواییانەش هیچ گرفتێك لەو پەیوەندیە دۆستانەیەدا رووی نەدا. بەڵام تورکەکان تەواو لە دەســـتپێکردنەوەی چالاکییەکانی پەکەکە وەڕس بوون، ئەمەریکاش هەمووشتێك دەکات لە پێناو چاککردنەوە و پاراستنی پەیوەندییەکانی لە گەڵ تورکیادا. ئەوەی پێویســـتە کوردەکان لە بارەی سیاسەتی ئەمەریکاوە تێبیگەن ئەوەیە کە کوردستان جێی بایەخپێدانی ئەمەریکا نییە، هەرگیز ئەمەریکا بایەخی پێنەداوە و لە داهاتووشدا پێینادات. لەبەر ئەوەی کوردستان زۆر بچووکە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بایەخ بە بەرژەوەندییە بەربڵاوەکان دەدات لە ناوچەکەدا و سیاسەتی ئەمەریکا لە ئاست کوردستاندا هیچ پەیوەندییەك و پەیوەســـتییەکی نییە بەوەی لە کوردستاندا

●●●

**لە دوای شەڕی دووەمی جیهانیشەوە، تورکیا لە بەر قەوارە گەورەکەی جێی گرنگی پێدانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بووە**

●●●

روودەدات، بە هەمان شێوە هیچ پەیوەندییەکی بە هەست کردنی بە بەرپرسیارێتییەوە نییە یاخود هەستکردن بە سوپاسگوزارییەوە نییـــە بۆ کوردەکان بۆ ئەو یارمەتییەی لە رابردوودا پێشـــکەش بە ئەمەریکیەکانیان کرد، هەروەها وابەســـتەی هیچ هەستێکی ئیجابی یاخود سلبییەوە نییە دەربارەی هەر شتێك لە کوردستاندا، هیـــچ شـــتێك لەوانـــە جێـــی لەبەرچاوگرتن نییە لـــە لایەن ئەمەریکاوە. بەڵکو پتر پەیوەندی بەو خاڵەوەیە کە ئایا تا چەند پەیوەندییەکان لە گەڵ ئێران یا شیعە و سوننەکانی عێراق یاخود پەیوەندییەکان لە گەڵ تورکیادا دەبنە مایەی هەڕەشـــە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا یاخود بە پێچەوانەوە تا چەند دەبنە هۆی هێنانەدی ئەو بەرژەوەندییانە. هەروەها تا چەند گونجاون بۆ چاسەرکردنی ئەو کێشـــانە بەو شێوەیەی ئەم ئیدارەیە دەیان بینێت. جۆن مەککاین سیاسەتی رووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ئێراندا دەگرێتەبەر، ئۆباما هەوڵی چاککردنی پەیوەندییەکان دەدات لە گەڵ ئێراندا، هیلاری کلینتۆن هەڵوێستێکی جیاوازتری دەبێت. بەڵام هەر بڕیارێك بدەن، کاتێك سیاســـەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە ئاســـت ئێران یاخود تورکیا یا شـــیعەکانی باشووری عێراق دادەڕێژرێن، ئەوا سیاســـەتی ئەمەریکا لە ئاست کوردستاندا لە چوارچێوەی سیاسەتە گەورەکانی دیکەدا دەگونجێنن.

**ئەگەر ئێستا لە ئابووریی ئەمەریکا بڕوانین ئەوا هەموو کەسێك دەتوانێت ئاماژە بەوە بکات دیموکراتەکان سەرکەوتن بەدەست دەهێنن**

*** پێت وایە عێراق بەهێزترین کارتی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا دەبێت؟**

- رەنگە بەو شـــێوەیە نەبێت. گرنگترین شـــت بریتییە لە باری ئابـــووری، ئەوە دەزانیـــن ئابووری ئەمەریـــکا چۆتە قۆناغی پووکانەوەوە. کۆنترین ئامرازێك کە جێی متمانە بێت بۆ پێشبینی کردنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکانی ئەمەریکا دەگەڕێتـــەوە بۆ یەکەم هەڵبژاردن کە راپرســـی تێدا ئەنجام درا لە ســـاڵی ١٩٤٨دا. لە ســـاڵی ١٩٤٨ەوە هەر کاتێك گەشەی ئابووری لە ١٢ مانگی پێش هەڵبژاردنەکاندا لە ســـەدا سێ یان بەرزتر بوبێت ئەوا پارتی دەسەڵاتدار دووبارە لە هەڵبژاردنەکانی بردۆتەوە، بە پێچەوانـــەوە دۆڕاندوویەتی. تەنها حاڵەتێك نەبێت لە ســـاڵی ١٩٦٨دا کاتێك رێژەی گەشـــەکە لە سەدا سێ بوو پارتی دەســـەڵاتدار دۆڕاندی. ئەمەش وا دەکات وەك رێسایەکی متمانەپێکـــراو لێی بڕوانین. گەر ئابـــووری ئەمەریکا بەردەوام بێت لە سستبون ئەوا دیموکراتەکان سەرکەوتن بە دەست دەهێنن، گەر ئابووری ئەمەریکا رەوتێکی روو لە گەشـــەکردنی گرتەبەر ئـــەوا کۆمارییەکان ســـەردەکەون. رەنگـــە هۆکارەکانی دیکە و بارودۆخی عێراق کاریگەریان هەبێت لە ســـەر ئەو هەڵبژاردنانە بـــەڵام کاریگەریەکی یەکلاکەرەوەیان نابێـــت و دەرئەنجامەکانی دەستنیشـــان ناکەن. گەر ئێســـتا لە هەلومەرجە ئابوورییەکەی ئەمەریـــکا بڕوانین ئەوا هەموو کەســـێك دەتوانێت ئاماژە بەوە بکات دیموکراتەکان ســـەرکەوتن بەدەســـت دەهێنن، بەڵام گەر ســـەلما ئەم پووکانەوەیە کاتییـــە و کاریگەریەکەی هێندە قووڵ و قورس نییە وەك ئەوەی شـــارەزایان پێشبینی دەکەن ئەوا جۆن

مەککاین سەردەکەوێت. هەردوو پاڵێوراوەکە دەربارەی عێراق گفتوگۆ دەکەن، هەردوولا هێرش دەکەنە سەر کەسایەتی یەکدی بەڵام هیچ یەکێك لەوانە گرنگییەکی ئەوتۆی نییە.

**دەبێت کورد هەوڵی پێکهێنانی سیاسەتی دەرەوە بدات لە گەڵ دراوسێکانیدا، بە تایبەتی لە گەڵ تورکیا و ئێراندا لەبەر ئەوەی ناتوانێت بۆخۆ پاراستن پشت بە ئەمەریکا ببەستێت**

*** دواین جار پێکەوە گفتوگۆمان کرد، ئاماژەت بەوەدا ئەمەریکا پتر هاوسەنگییەکە بە لای تورکیا و سعودیەدا دەشکێنێتەوە لە سەر حسابی کوردستان. حاڵی حازر ئەوە بەدیدەکەین ئەمەریکا کوردەکانی پشتگوێ خستووە لە پێناو تورکیادا، ئێستا راسپاردەت بۆ کورد چییە لەم ساتەدا؟**

- من هەمان راسپاردەم هەیە کەساڵێك پێش ئێستا هەمبووە، کە گرنگترین شتێك پێویستە کوردەکان بیزانن ئەوەیە نابێت پشت ئەستوور بن بە ئەمەریکا، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت پێویستە پەیوەندییەکانیان لە گەڵ دراوسێکانیاندا پەرەی پێبدەن، هەوڵی پێکهێنانی سیاسەتی دەرەوە بدەن لە گەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا، بە تایبەتی لە گەڵ تورکیا و ئێراندا، کوردەکان ناتوانن بۆ پاراستنیان پشت بە ئەمەریکا ببەستن. رەنگە ئەمەریکا بیان پارێزێت، لە راستیدا بۆ ماوەی ١٢ ساڵی لە ساڵ ١٩٩١ەوە تاوەکو ساڵی ٢٠٠٣ ئەمەریکا کوردەکانی پاراست، بەڵام ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بە کوردەکانەوە نەبوو، بەڵکو سیاسەتی ئەو کاتەی ئەمەریکا بریتی بوو لە رووبەڕووبونەوەی سەدام و هەڵسانی بە پاراستنی کوردەکانیش لەو چوارچێوەیەدا بوو. بارودۆخەکەش هیچ نەگۆڕاوە، مەبەستم ئەوەیە کوردەکان ناتوانن ئۆمێدیان بەوە هەبێت ئەمەریکا دەیان پارێزێت. ئەمەریکا دوژمنی کوردەکان نییە، بەڵام بەو شێوەیەش دۆست و هاوپەیمانی کوردەکان نییە کە جێی دڵنیایی بێت. ئەمەش پێویستی ئەوە دەسەپێنێت کوردەکان هەوڵی بەدەستهێنانی پەیوەندی باش و دۆستانە بدەن لە گەڵ ئێران وتورکیادا.

**پەیوەندیەکی هاوچەشنی ئیسرائیل و ئەمەریکا لە نێوان کورد و ئەمەریکادا، شتێکی مەحاڵە.**

**کوردستان ئەوەندە بەهێز نییە ئەوەندەش گرنگ نییە بۆ ئەمەریکا تاوەکو پەیوەندییەکان بەو شیوەیەی لێبێت**

هەندێ لە پسپۆڕانی ئەمەریکا و هەندێ لە بەرپرسەکانی کورد ئەوە دەخەنەڕوو کە خوازیاری پێکهێنانی پەیوەندییەکی هاوچەشنی پەیوەندی نێوان ئیسرائیل و ئەمەریکان لە نێوان کورد و ئەمەریکادا، من دەڵێم ئەوە شتێکی مەحاڵە. کوردستان ئەوەندە بەهێز نییە ئەوەندەش گرنگ نییە بۆ ئەمەریکا تاوەکو پەیوەندییەکان بەو شێوەیەی لێبێت.

هەندێك گفتوگۆی ئەو راستییە دەکەن کە خودی ئیسرائیلیش خوازیارە پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و کوردەکان بگاتە ئاستی ئەوەی کوردەکان بە چەشنی ئیسرائیل ببنە هاوپەیمانێکی هەمیشەیی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا، هەورەها باس لەوە دەکرێت ئیسرائیل هەوڵی پتەوکردن و بەهێزکردنی ئەو پەیوەندییە دەدات تا ئەو ئاستەی دەتوانێت، بەڵام هیچ کەسێك ناتوانێت ئەو ئامانجە بهێنێتەدی.

ئەگەر تورکیا داوای نەهێشتنی چالاکییەکانی پەکەکەی کرد ئەوا ئێوە جگە لە رازی بوون بەو داواکارییە رێگاچارەیەکی دیکەتان نییە. لەبەر ئەوەی ئێران وتورکیا و تەنانەت شیعەکانی باشووری عێراقیش زۆر گەورەن و سەنگی ئەوان زیاترە. من دوو راسپاردەی دیاریکراوم هەیە بۆ کوردەکان، یەکێکیان ئەوەیە گەر تورکیا داوای نەهێشتنی چالاکییەکانی پەکەکەی کرد ئەوا ئێوە جگە لە رازی بوون بەو داواکارییە رێگاچارەیەکی دیکەتان نییە. لەبەر ئەوەی تورکیا دەست لەو داواکارییە هەڵناگرێت و لەبیری ناکات، هەروەها ئامادەیە رووبەڕووی ئەمەریکا ببێتەوە لە پێناویدا. لە پەیوەندی نێوان تورکیا و ئەمەریکادا ئەوەی پەیوەستە بە فشار خستنە سەر کوردستانەوە ئەوا لایەنی بەهێزی ئەو پەیوەندییە تورکیایە نەك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. لەبەر ئەوەی تورکیا زۆر بە قووڵی بایەخ بەو مەسەلەیە دەدات بەڵام ئەمەریکا بەو شێوەیە بایەخی پێنادات. ئەمەریکا خوازیاری تێکدان و ئاڵۆزکردنی پەیوەندییەکانی نییە لە گەڵ تورکیادا، هەر لەو پێناوەشدا تیشکی سەوزی بۆ هەڵکرد. ئەوەش سیاسەتێکی ئیجابی نییە کە ئەمەریکا بە خواست و داواکاریەکانی تورکیا رازی ببێت. راسپاردەیەکی دیکە ئەوەیە کە هەندێ باس لە پێویست بوونی جێگیرکردنی بنکەی سەربازی ئەمەریکا دەکەن لە کوردستاندا دوای ئەوەی لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا دەکشێتەوە، پێم وایە ئەوە مایەی کارەساتە. لەبەر ئەوەی وا لە کوردەکان دەکات هەست بە ئاسایش و ئارامی بکەن کە هەستێکی راستەقینە نابێت، هەروەها وا دەکات کوردەکان کەمتر ئامادەی رێککەوتن و سازشکردن بن لە گەڵ دەوڵەتە داروسێکاندا لەبەر ئەوەی پشت ئەستور دەبن بە بوونی سەربازییانەی ئەمەریکا. کێشەکە ئەوەیە گەر لە ساڵانی داهاتودا و لەبەر هۆکارگەلێکی دیاریکراو ئەو هێزانە کشانەوە بۆ نمونە لە دە یا پانزە یا سی ساڵی داهاتودا ئەو هێزانە پاشەکشەیان کرد لە کاتێکدا کوردستان لە ژینگەیەکدا دەبێت ئەو کارانەی نەکردووە لە گەڵ دراوسێکانیدا کە پێویست بوو بیان کات، ئەو کاتە کوردستان بە تەنها جێدەهێڵرێت لە گەڵ ئەو دراوسێیانەدا. من پێم وایە گەر سەرکردە کوردەکان دووربین بن ئەوا رێگە بە جێگیرکردنی ئەو بنکانە نادەن، لەبەر ئەوەی لە مەودای دووردا زیان بە کوردەکان دەگەیەنێت. گەر کەسێك بتوانێت گەرەنتی ئەوە بدات ئەو هێزانە بۆ ماوەی سەد ساڵ یان بۆ هەتا هەتایە لە کوردستاندا دەمێننەوە ئەوا شتێکی دڵخۆشکەر دەبێت بەڵام هیچ ئەمەریکییەك ناتوانێت گەرەنتی ئەوە بکات.

**کاتێک دەست بکەن بە هەموارکردنی دەستوور ئەوا شیعەکان بە دەرفەتی دەزانن بۆ ئەوەی کوردەکانیش لە داهاتەکانی نەوت بێبەش بکەن**

***حکومەتی عێراق دژایەتی مافە دەستوورییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات لە رێگەی بەرهەڵستیکردنی ئەو گرێبەستانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گەڵ کومپانیا دەرەکییەکاندا ئەنجامی داون، هەروەها هەرەشەی بڕینی نەوت دەکات لەو وڵاتانەی گرێبەستیان هەیە لە گەڵیدا. چۆن ئەم**

**گەر ئابووری ئەمەریکا بەردەوام بێت لە سستبون ئەوا دیموکراتەکان سەرکەوتن بە دەست دەهێنن، گەر ئابووری ئەمەریکا رەوتێکی روو لە گەشەکردنی گرتەبەر ئەوا کۆمارییەکان سەردەکەون**

**هاوکێشـــەیە لێکدەیتەوە؟ دەبێت کوردەکان بە چ شێوەیەك رەفتار بکەن لەم بارودۆخەدا؟**

- ئەوە یەکێکە لە کێشەکانی دیکە کە لە گۆشەنیگای لایەنەکانی دیکەوە، مەبەستم لە ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و حکومەتی عێراقە، کوردستان کێشە گرنگ و بنەڕەتییەکە نییە. گەورەترین نارەزایی دژی لە عەرەبە سوننەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، لەبەر ئەوەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ سوننەکانی لە داهاتەکانی نەوت بێبەشکرد. ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا فشاری خستە سەر حکومەتی عێراقی (واتە فشاری خستە سەر شیعەکان) بۆ ئەوەی بە رەشنووسی دەستوورەکەدا بچنەوە و بەشێك لە داهاتی نەوتەکە بۆ عەرەبە ســـوننەکان تەرخان بکرێت، بەڵام شیعەکان نەیانویست بەو شـــێوەیە رەفتار بکەن. کەواتە ســـەرچاوەی راســـتەقینەی فشارکردن بۆ گۆڕینی دەستوور بریتی نییە لە کوردستان. بەڵام هەر کاتێك دەست بکەین بە پرۆسەی پێداچوونەوە و هەمووارکردنی دەستوور ئەوا شیعەکان بە دەرفەتی دەزانن بۆ ئەوەی کوردەکانیش لـــە داهاتەکانی نەوت بێبەش بکەن، واتە لە کاتێکدا لە بەرامبەر سوننەکاندا سازش دەکرێت، ئەوا هەوڵدەدرێت نەهێڵرێت کوردەکان بەشـــیان لە داهاتەکانی نەوتدا هەبێت. ولاّتـــە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش پشـــتگیری کـــوردەکان ناکات لەم بـــوارەدا، لەبەر ئەوەی لە خەمی باشـــترکردنی پەیوەندیەکانی سوننە حکومەتی عێراقییـــە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە هەوڵی باشـــترکردنی پەیوەندی ســـوننە و حکومەتی ئەمەریکا دەدات. کەواتە ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خوازیـــاری گۆڕین و هەمووارکردنی دەســـتووری عێراقە بە چەشنێك بەشێك لە داهاتەکانی نەوت بۆ عەرەبە سوننەکان تەرخان بکرێت، لەبەر ئەوەی لە گۆشەنیگای ئەمەریکا و لە گۆشـــەنیگای شیعەکانەوە کوردستان بایەخێکی سەرەکی نییە، لە بری کوردەکان سوننەکان بایەخێکی سەرەکیان هەیە، کەواتە ئێوە بە تەنهان. لەبەر ئەوەی رۆڵگێرە سەرەکییەکان بایەخ و گرنگی ئێوە لەبەرچاو ناگرن.

**سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر عێراق بە تەنها لە لایەن کەسانێکەوە دارێژراوە کە هیچ شتێک دەربارەی عێراق نازانن**

*** زۆرێك لە شارەزایان پێیان وایە هۆکاری چەقبەستنی پرۆسەی سیاســـی لە عێراقدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشـــتگیرییەکی رەها و بێ مەرج لە سەرۆك وەزیرانی عێراق دەکات، ئەمەش ســـەرۆك وەزیرانی وا لێکردووە گوێ بە خواســـتی لایەنەکانی دیکە نەدات. ئایا هاوڕانیت لە گەڵ ئەو بۆچوونەی دەڵێت پێویستە ئەمەریکا پشتگیرییەکی سنووردار و مەرجدار هەبێت بۆ حکومەتی مالیکی؟**

- ئەمـــە وامـــان لێدەکات ئەو پرســـیارە بکەیـــن ئایا ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەکی ژیرانە رەفتاری کردووە لە عێراقدا، تەنانەت ئەگەر لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاشەوە بڕوانین. سیاسەتی ئەمەریکا لە ئاست عێراقدا مایەی کارەســـات بووە، ئەوا وەڵامەکەی بە دڵنیاییەوە بریتی دەبێت لە نەخێر. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە سیاسەتی ئەمەریـــکا بە تەنها لە لایەن کەســـانێکەوە دارێژراوە کە هیچ شتێك دەربارەی عێراق نازانن، تەنانەت دوای تێپەڕبوونی چوار ســـاڵ و نیو بە ســـەر داگیرکردنی عێراقدا هێشتا زانیاری و شارەزاییەکی ئەتۆیان دەربارەی عێراق نییە. ئەگەری ئەوە هەیە ئیدارەی داهاتوی ئەمەریکا پتر بایەخ بە دانانی راوێژکارانی لێهاتووی بدات، نەك تەنها دڵســـۆزیان لەبەر چاو بگرێت. کە ئیدارەی ئێســـتا بۆ دانانی راوێژکاران تەنها دڵسۆزبوونی ئەو کەسانەی لەبەرچاو دەگرت بۆ سەرۆك و جێگرەکەی. من پێم وایە بە چاوپۆشین لە دەرئەنجامی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکان ئەوا ئەو بەشەی سیاسەتی ئەمەریکا بەرەوپێشچوون بە خۆوە دەبینێت، لەبەر ئەوەی ناکرێت لەوە خراپتر بێت. تەنها شـــتێك پێویســـتە کوردەکان لە بارەیەوە نیگـــەران بن ئەوە نییە کە لە بەغدا رودەدات، یاخود ئەوەی بەرپرسە ئەمەریکییەکان دەیڵێن لـــەم هەفتەیەدا، یاحود ئەوەی هەفتەیەك پێش ئێســـتا یا ٦ مانـــگ پێش ئێســـتا ووتویانە، بەڵکو دەبێـــت لە بارەی ئەو راســـتییەوە نیگەران بن کە کوردستان هێزێکی بچووکە و لە لایەن هێزە مامناوەندیەکانی دیکەوە دەورە دراوە. ئەمەریکاش وەك هێزێکـــی جیهانی پتر بایەخ بە پەیوەندییەکانی دەدات لە گەڵ ئەو هێزە مام ناوەندییانەدا، دەیەوێت دۆستایەتی لە گەڵ هەندێکیاندا ببەستێت و لە گەڵ هەندێکی دیکەیاندا رووبەڕوو ببێتەوە. لە ســـەر بنچینەی بەرژەوەندییەکانی کوردســـتانیش رەفتار ناکات. کەواتە دەبێت کوردەکان سیاسەتی دەرەکی خۆیان هەبێت لە گەڵ دراوســـێکاندا بە چاوپۆشێن لەوەی ئەمەریکا چ سیاســـەتێکی دەرەکی گرتۆتەبەر، لەبەر ئەوەی ئەمەریکا زیاتـــر لە خەمی پەیوەندییەکانیدایە لە گەڵ تورکیا و ئێران و بەشەی شیعەکەی عێراقدا. گۆڕانی سیاسەتی ئەمەریکاش لە ئاست عێراقدا بە پێی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەگۆڕێت لە ناوچەکەدا. ئەوەش جێی سەرســـوڕمان نییە لەبەر ئەوەی کوردســـتان بچووکە، دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری نییە و ئێوە لە هەموودراوسێکانتان لاوازترن و هیچ دەروازیەکی ئاویشتان نییە. من نائاســـودەم ئەم بۆچونە رەشبینانە دەخەمەڕو بەڵام لەو باوەڕەدان نیم جگە لەمە شـــتێکی دیکە راستگۆیی تێدا بێت.

**هەر کاتێک ئەمەریکا دۆست و هاوپەیمانتان بوو سوودی لێوەربگرن بەڵام سیاسەتەکانتان لە سەر بنچینەی پشت بەستن بە ئەمەریکا دامەڕێژن**

***ئەگەر شـــتێکت مابێت؟ ئەگەر راسپاردەی دیکەت هەبێت بۆ ئێمە؟**

- سیاســـەتەکانتان لە سەر بنچینەی پشت بەستن بە ئەمەریکا دامەڕێژن. هـــەر کاتێك ئەمەریکا دۆســـت و هاوپەبمانتان بوو سوودی لێوەربگرن، بەڵام گریمانەی ئەوە مەکەن ئەو دۆستایەتییە درێژە دەکێشـــێت و بـــەردەوام دەبێت. رەنگە ئەو دۆســـتایەتییە بگۆڕێت، لەبەر ئەوەی هەرگیز سیاسەتی ئەمەریکا کوردەکانی لەبەرچاو نەگرتووە و لە داهاتوشـــدا لەبەرچاوی ناگرێت. پشت بە پەیوەندییەکانی خۆتان ببەستن لە گەڵ تورکیا و ئێراندا نەك ولاّتە یەکگرتووەکانـــی ئەمەریکا. باوەڕ ناکەم بتوانم لەوە زیاتر شتێکی دیکە بڵێم.

●●●

**گرنگترین شتێک پێویستە کوردەکان بیزانن ئەوەیە نابێت پشت ئەستوور بن بە ئەمەریکا، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت پێویستە پەیوەندییەکانیان لە گەڵ دراوسێکانیاندا پەرەی پێبدەن، هەوڵی پێکهێنانی سیاسەتی دەرەوە بدەن لە گەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا، بە تایبەتی لە گەڵ تورکیا و ئێراندا، کوردەکان ناتوانن بۆ پاراستنیان پشت بە ئەمەریکا ببەستن. رەنگە ئەمەریکا بیان پارێزێت، لە راستیدا بۆ ماوەی ١٢ ساڵی لە ساڵ ١٩٩١ ووە تاوەکو ساڵی ٢٠٠٣ ئەمەریکا کوردەکانی پاراست، بەڵام ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بە کوردەکانەوە نەبوو، بەڵکو سیاسەتی ئەو کاتەی ئەمەریکا بریتی بوو لە رووبەڕووبونەوەی سەدام و هەڵسانی بە پاراستنی کوردەکانیش لەو چوارچێوەیەدا بوو**

●●●

# ئەمریکا نایەوێت کوردەکان لە دەست بدات

# بەڵام هێشتا هاوسەنگیەکە بە لای ئەنقەرەدا دەشکێنێتەوە



ئیلنۆر چەڤیک

تایبەت بە گوڵان دەینوسێت

دوای ساڵانێك لە گرنگیپێدان و بایەخپێدانی کوردەکان لە عێراقدا لەبەر هاوکاریان لە کاتی ڕوخاندنی سەددام حوسێن و دواتریشـــدا، دووبارە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هەندێ هەموارکردنـــی لە سیاســـەتە ســـتراتیژییە ناوچەییەکانیدا کردووە و بایەخ و گرنگیەکی زیاتر دەدات بە ئاســـودەکردنی ئەنقەرە.

لە ماوەی دوو ســـاڵی ڕابردودا ئەنقـــەرە ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە پەکەکە هەســـت دەکات " لە وڵاتی خۆیدایە" لە کوردســـتاندا، هەرچەندە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا هاوڕایە لەگەڵ تورکیادا بەڵام بە کردەوە هیچ هەنگاوێکی نەنـــاوە بۆ گۆڕینی بارودۆخەکە. بە ســـەرکردە کوردەکانی ڕاگەیاندووە پێویســـتە هەوڵی ڕازیکردنی ئەنقەرە بدەن بەڵام زۆر پێداگیری لێنەکردوون.

لە گەڵ ئەوەشـــدا، لە مانگی تشرینی دووەمدا شتەکان ئاڵۆگۆری سەرنجڕاکێشـــیان بە خۆوە بینی. سەرۆك بۆش چاوی بە سەرۆك وەزیرانی تورکیا ڕەجەب تەیيب ئەردۆگان کـــەوت و ڕایگەیاند پەکەکە ڕێکخراوێکی تیرۆریســـتیە و دوژمنی وڵاتە یەکگرتوەکانـــی ئەمەریکایە هەروەك چۆن دوژمنـــی تورکیاشـــە. هەروەها ڕازی بوو بە شـــێوەیەکی چالاکانی هاوکاری تورکیا بکات. ئەوەی لە پشـــت دەرگا داخراوەکانەوە لە کۆشکی سپی لە نێوان بۆش و ئەردۆگاندا باســـی لێوەکراوە بە نهێنی دەمێنێتەوە. بەڵام لەم ڕۆژانەی دواییدا هەندێ ڕاستی وردە وردە دەردەکەون.

بـــۆش ڕازی بووە بەوەی تورکیا شـــەڕی پەکەکە بکات تەنانەت لە باکوری عێراقیشدا. هەروەها زانیاری هەواڵگری نوێی بە تورکیا بەخشـــی لە سەر جموجوڵەکانی پەکەکە لە باکوری عێراقدا. دواتـــر ڕەزامەندی دەربڕی بۆ کردنەوەی ئاسمانی عێراق بە ڕوی فڕۆکە شەڕکەرەکانی تورکیادا بۆ لێدانی بنکەکانی پەکەکە.

وڵاتـــە یەکگرتوەکانی ئەمەریـــکا بەڵێنەکانی خۆی لە گەڵ تورکیادا پاراســـت و لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا پەیوەندیەکان بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بەرەوپێشچوونی بە خۆوە بینی.

بەڵام ئەردۆگان چ بەڵێنێکی بە بۆش داوە؟

بەڵێنی ئەوەی پێداوە کە هەڵنەستێت بە داگیرکردن یاخود ئەنجامدانی ئۆپەراسیونێکی سەربازی بەربڵاو دژی هەرێمی کوردســـتان و ئۆپەراســـیۆنەکانی لە بەرتەسکترین سنوردا بهێڵێتەوە و تەنها بنکەکانی پەکەکە بکاتە ئامانج.

ئێستا وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ڕایدەگەیەنێت پێویستە تورکیا هێزی شـــەڕکەر بنێرێت بۆ ئەفغانستان بۆ شەڕکردن لە دژی ئـــەل قاعیدە و هێزەکانی تاڵیبـــان لە ڕۆژهەڵات و باشـــوری وڵاتەکەدا. هێزەکانی تورکیا لە ئەفغانســـتاندا بڵاوکراونەتەوە، بەڵام ئەرکێکی لاوەکیان پێســـپێردراوە، وەك یارمەتیدانی پرۆســـەکانی ئاوەدانکردنەوە، هەڵسان بە کاری کۆمەڵایەتی و دەوریاتی پاسەوانی لە کابوڵ کە هاوشێوەی ئەرکی هێزەکانی کۆریای باشورە لە هەولێردا.

بە هەرحاڵ، ئەمەریـــکا خوازیارە ئەو هێزانە بگۆڕێن بۆ هێزی شەڕکەر و بۆ ئەرکە مەترسیدارەکان بنێردرێن.


دوای سەردانەکەی سەرۆك وەزیران ئەردۆغان بۆ کۆشکی ســـپی و چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرۆك بۆش. جمو جوڵ و چالاکیەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەنقەرە و واشـــنتۆندا. دوای ئەو هەفتەیە، جێگری ســـەرۆکی ئەرکان ئەدنان ســـایگون سەردانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکای کرد و گفتوگۆی لە بارەی مەسەلە سەربازیەکان و پلانەکانی ئایندەوە کرد لە دژی پەکەکە لە ناو تورکیا و لە باکوری عێراقدا.

جێی سەرسوڕمانە لەم هەفتەیەدا هاوشانە ئەمەریکیەکەی ســـایگۆن سەردانێکی کت و پڕی ئەنقەرەی کرد. چاوەڕوان دەکرێت بـــەم زووانە وەزیری بەرگـــری ڕۆبەرت گەیتس و جێگری ســـەرۆکی ئەمەریکا دیك چینی سەردانی تورکیا بکەن.

بەرپرسەکانی تورکیا دەڵێن سەرکردە کوردەکانی عێراق بە هەڵە پشـــتیوانی ئەمەریکایان لێکدایەوە، ئەوان دەڵێن ڕاستە ئەمەریکا خوازیاری ناســـەقامگیرکردنی کوردســـتان نیە و خوازیارە پشتیوانی لە ئیدارەکەی کوردستان بکات سەرەڕای کەم و کوڕییەکانیشـــی، بەڵام ئێستا پاراستنی دۆستایەتی ئەنقەرە بە گرنگتر دەزانێت بۆ بەرژەوەندیە ستراتیژییەکانی.

لە گەڵ ئەوەشدا، ئەم جارەیان ئەمەریکا نایەوێت بە هەمان شێوەی ڕابردوو خیانەت لە کوردەکان بکات.

# مایکل رۆبین وادەزانێت بڕیارسازانی کۆشکی سپییش، ژەنڕاڵەکانی تورکیا و ئەندامانی بەرەی تورکمانین




●●●

مایکل رۆبن لە ٢٠٠٧/٣/١٩ بارزانی تاوانبار دەکات هەر لەبەر ئەوەی ئالای کۆماری کوردستان(مهاباد)ی هەڵکردووە

●●●

- ڕاپۆرتەکەی رۆبن لە هاوڵاتی و سایتی سبەیی و رۆژنامەی رۆژنامە و سایتی بەرەی تورکمانی بڵاوکراوەتەوە بەڵام تا ئێستا بەرەی تورکمانی دیمانەی لەگەڵ رۆبن نەکردووە.

- کاتێک هەولێر پێشوازی لە سوپای هاوپەیمانان کرد لە ئەنکەرە ئاڵای ئەمەریکا دەسوتێنرا.

- مایکل رۆبین لە ٢٠٠٧/٣/١٩ سەرۆکی کوردستان بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و نەخشەی کوردستان تۆمەتبار دەکات.

- دیراسەکەی مایکل رۆبن بۆ ژەنەراڵەکانی تورکیایە نەک کۆشکی سپی.

- ئەوەی بەبێ ئاگایی تەنزیر بۆ ڕاپۆرتەکەی مایکل رۆبین دەکەن، ئاو دەکەنە سەرئاشی دوژمنانی کورد.

پێش ئەمەریکان ئەنتەرپرایس راپۆرتەکەی مایکل رۆبن لە تورکیش دیلی نیوز و سایتی بەرەی تورکمانی بڵاوکراوەتەوە.

مایکل رۆبن ئەمە یەکەمجاری نییە نووسینی چەواشە لەسەر بنەمای زانیارییەکانی دەستەی ژنەراڵەکانی تورکیا، بەتایبەتی یەشار بیوکانیت سەرۆکی دەستەی ژنەراڵەکانی تورکیا بڵاوبکاتەوە.

ساڵی پار کاتێك یەكێك لە رۆژنامەکانی کوردستان دیمانەی لەگەڵ مایکل رۆبین کردبوو، ئەم دیمانەیە ببووە هۆکاری تووڕەبوونی یەشاربیوکانیتی سەرۆکی دەستەی ژنەراڵەکانی تورکیایە بە فەرمی مایکل رۆبنی ئاگادارکردبۆوە، کەلێی قبووڵ ناکرێت رەوشی هەرێمی کوردستانی عێراق بە باشی باس بکات، هەر بۆیە پاش چەند رۆژێك مایك ل رۆبن (وەك یەشـار بیوکانت لە رۆژنامەی زەمانی چاپی ئینگلیزی تورکیا دەقی فاکسەکەی رۆبن بڵاوکردۆتەوە).


هاوڵاتی
Monday, 14 January 2008
بارزانی خاوەنی 2 ملیار دۆلارو بانکەبالیشی 400 ملیۆن

پاکانە لەو قسانەی دەکا کە لە دیمانەکەیدا بۆ رۆژنامە کوردیەکەی کردوویەتی و تەنانەت بۆ ئەوەی دڵی یەشـار بیوکانیتی لێ نەرەنجێت، پرسیارێك ئاراستەی یەشار دەکات و پێی دەڵێت ئایا تۆ لەو بڕوایەدایت کە من هەولێر بە هاوپەیمانێکی باشتر لە ئەنکەرا بۆ واشنتۆن بزانم.

کەواتە لە پرسـیاری ئەوەی کە ئایا کوردستان هاوپەیمانێکی باشی ئەمەریکایە یان تورکیا، پێشتیەکی گرنگی هەیە و پەیوەستە بەو بەڵێنەی کـە مایکل رۆبن بە یەشـار بیوکانیتی داوە و تەنانـەت لە دوای ئەم تووڕەبوونەی یەشـاربیوك ئانت لە مایکل رۆبین، هەوڵەکانی رۆبین بۆ دژایەتیکردنی هەرێمی کوردسـتان و شەخسی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەردەوامە و لەمبارەوە رەخنەیەکی توند لە بەرپرسـانی ئەمەریکی دەگرێت، کە دێنە هەرێمی کوردستان و لە ژێر ئاڵای کوردستان و ئەمەریکادا مەراسیمی فەرمی بەڕێوە دەبەن، هەروەها ئەمە یەکەمجاری نییە کە هەرێمی کوردستان و سەرۆکەکەی بەمەترسی و دژە هاوپەیمانی ئەمەریکا وەسف دەکات.

سـەرنج بدەن مایکل رۆبن لە وتارێکیدا کە لە ٢٠٠٧/٣/١٥ لە ویکلی سـتاندەر بڵاوی کردۆتەوە، واتە پاش هەڕەشـە و تووڕەبوونەکەی بیوکانیت لێی بەمجۆرە رازیکردنی یەشـاربیوکانیت نووسـیویەتی و تیایـدا رەخنە لە کوردسـتانی عێـراق دەگرێت و هەروەها رەخنە لە بۆچوونەکانی سـیناتۆر بایدن دەگرێت بۆ فیدرالیزمی عێراق:

(بایـدن لەوەدا راسـت دەکات کە نابێت خۆمان لە فیدرالیزمی عێراق دوور بخەینەوە، بەڵام لەوەدا بە هەڵەداچووە کە ئەم فیدرالیزمە لە بری ئەوەی لەسـەر بنەمای جوگرافی پارێزگاکان بێت لەسەر بنەمای ئەتنی و مەزهەبی بێت، دابەشـکردنی ئەتنی و مەزهەبی سەقامگیری بۆ عێراق ناهێنەدی، هەروەها نابێتە هۆکاری ئاشتیش لەگەڵ دراوسێکان).

هەتا ئێرە رۆبن لەگەڵ جوزیف بایـدن قسـە دەکات و رەخنە لە بۆچوونەکانـی ئـەو دەگرێت، ئەم باسە پێویسـتی بە بەڵگەی ئەکادیمـی زیاتر هەیە لەسـەر مەسـەلەکە بەڵام رۆبن یەکسەر دێتە سـەر باسی سەرۆك بارزانی و دەڵێت:

(ئێسـتا بارزانـی هەمـان سـتراتیژیەتی یاسـر عەرەفاتی سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستین لاسایی دەکاتەوە داوای دبلۆماتییەتێکی راستەقینە دەکات بەڵام ئامادە نییە دژی تووندوتیژی رابوەستێت).

سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش ئەم بیانووانە ریز دەکات وەك ئەوەی هەموو بڕیارسـازانی ئەمەریکا بە هەمان شێوازی تورك سەیری کورد بکەن.

١- تەلەفزیـۆن و رۆژنامە کوردییـەکان پڕن لە هۆکار بۆ هاندان و دروست کردنی نیگەرانی.

سەیرکەن رۆبن ئەو کات ئەم تۆمەتە دەخاتە پاڵ میدیاکانی کوردستان، باشە با بزانین بۆچی میدیای کوردی بۆتە هاندەری ناسەقامگیری و نیگەرانی، رۆبن ئەم هۆکارانە باسدەکات:

أ- زۆر جار لە ئاماژەکردنیان بۆ کوردسـتانی عێراق، کوردسـتانی باشـوور بەکاردەهێنن، ئەمەش راشکاوانە ئاماژەیە بۆ ئەوەی بەشێکی گەورەی تورکیا (کوردسـتانی باکورە) هەروەها بەشـێکی سـووریاش کوردستانی رۆژئاوایە.

مایکل رۆبن لە ٢٠٠٧/٣/١٩ بارزانی تاوانبار دەکات هەر لەبەر ئەوەی ئاڵای کۆماری کوردستان(مهاباد)ی هەڵکردووە.

رۆبین بە تەواوی سیفەتی ئەکادیمی لەخۆی دادەماڵێت و هەڵکردنی ئاڵای کوردسـتان بە شێواندنی ئاسایشـی هەرێمیی وەسف دەکات و دەڵێت:

(ئاڵای کورد کـە بارزانی بڕیاری لەسـەرداوە هەڵبکرێت، ئاڵای کۆماری مهابادی سەربەخۆیە کە ماوەیەکی کەم ژیا، ئەو کۆمارەی کە سۆڤیەت پشـتگیری لێکرد و لە سـاڵی ١٩٤٦ سـەربەخۆیی لـە ئێـران راگەیانـد، هەروەها ئێسـتا نەخشـەیەکی کوردستان لە بازارەکانی هەولێر و سـلێمانی دەفرۆشرێت نەخشەی کوردستانی گەورەیـە کە لە دەریای سـپی و راسـتەوە تا کەنداوی فارسـی دەگرێتەوە).


American Enterprise Institute for Public Policy Research
AEI
Middle Eastern Outlook - Kurdish Edition
بۆچوونێك لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

The Kurdish Flag)
adopted by Barzani
-is that of the short

●●●
**ساڵی پار کاتێک یەکێک لە رۆژنامەکانی کوردستان دیمانەی لەگەڵ مایکل رۆبین کردبوو، ئەم دیمانەیە ببووە هۆکاری تورەبوونی یەشار بیوکانیتی سەرۆکی دەستەی ژەنەراڵەکانی تورکیایەو بە فەرمی مایکل رۆبنی ئاگادارکردبۆوە، کەلێی قبووڵ ناکرێت رەوشی هەرێمی کوردستانی عێراق بە باشی باس بکات، هەر بۆیە پاش چەند رۆژێک مایک ل رۆبن (وەک یەشار بیوکانت لە رۆژنامەی زەمانی چاپی ئینگلیزی تورکیا دەقی فاکسەکەی رۆبن بڵاوکردۆتەوە)**
●●●

●●●
**پاکانە لەو قسانەی دەکا کە لە دیمانەکەیدا بۆ رۆژنامە کوردیەکەی کردوویەتی و تەنانەت بۆ ئەوەی دڵی یەشار بیوکانیتی لێ نەرەنجێت، پرسیارێک ئاراستەی یەشار دەکات و پێی دەڵێت ئایا تۆ لەو بڕوایەدایت کە من هەولێر بە هاوپەیمانێکی باشتر لە ئەنکەرا بۆ واشنتۆن بزانم**
●●●

**با بزانین بۆچی میدیای کوردی بۆتە هاندەری ناسەقامگیری و نیگەرانی**

lived, separatist Mahabad Republic, which with Soviet baking declared ist Independence from iran in ١٩٤٦. Maps printed in Iraq Kurdish presses and sold in the Erbil and Sulaymaniyah markets show a Greater Kurdistan stretching from the Mediteranean to the persion Gulf)



ئەم ئەکادیمستە کە ئەوەی نەشاردۆتەوە کە ئەلقە لە گوێیەکی تورکیا بە راشکاوانە بەرگری لەو سەرکوتکارانەی تورکیا دەکات کە بەرامبەر گەلــی کورد دیکات و رۆبن لە وتاریکیدا کە لە ٢٠٠٧/١٢/١٨ لەوڵ ستریت جورناڵ بلاویکردۆتەوە بەم ناونیشانە : (کێشەی تیرۆری تورکیا کێشــەی ئێمەیــە Turkeys Terror problem ours لەم وتارەدا دەســت خۆشی لە سوپای تورکیا دەکات کە هەرێمی کوردستان بە بیانووی پەکەکە بۆردومان دەکات، بەڵام هیچ ئاماژە بەوە ناکات کە لە ئاکامی ئەو بۆمبارانکردنە دەیان وســەدان هاوڵاتی سڤیل شەهید و بریندار بوون دەیان گوندی ئاوەدانکراوەی هەرێمی کوردســتان دووبارە کاولکراونەتەوە.

بێگومان هەموو هەوڵەکانی ساڵی ٢٠٠٧ی مایکل رۆبن نەیتوانی ئەو مەبەستە بپێکێت کە لە پێناویدا هەوڵی بۆ دەدا، هەر بۆیە ئەمجاریان هاوکات لەگەڵ بلاوکردنەوەی ئەم راپۆرتەی (ئایا کوردســتانی عێراق هاوپەیمانێکی باشە) لە ئەمەریکان ئەنتەر پرایس و تورکیش دەیلی نیوز، لە هەرێمی کوردستانیش لەم سەرچاوانە بلاو کراونەوە:

١- سایتی بەرەی تورکمانی، بە ئینگلیزی و عەرەبی

٢- سایتی سبەی، بە کوردی و ئینگلیزی

٣- رۆژنامەی هاوڵاتی، بە گۆڕینی ناونیشانی بابەتەکە

بێگومان بۆ بەرگری لە خۆکردن و بۆ ئەوەی ئەم هەوڵە چەواشەکارییەی مایکل رۆبن بکەوێتـــە چوارچێوەی ئـــازادی رادەربڕین، رۆژنامەی هاوڵاتـــی دیمانەی مایکل رۆبین ی کـــردو تیایدا چەند تەحەدیەکی دیکەی مایکل رۆبنی بلاوکردوەو و بۆ هەفتەیەك لەوە دواش ســـایتی سبەی دیمانەیەکی دیکەی لەگەڵ کردو پاشان لە رۆژنامەی رۆژنامە بلاوبۆوە و لەمەشیاندا رۆبن راشـــکاوانە گەل وسەرکردایەتی هەرێمی کوردســـتان لێك جیا دەکاتەوە، بەڵام تا ئێستا سایتی بەرەی تورکمانی دیمانەی لەگەڵ مایکل رۆبن ئەنجامنەداوە.

**رۆبن لە وتاریکیدا کە لە ٢٠٠٧/١٢/١٨ لەوڵ ستریت جورناڵ بلاویکردۆتەوە بەم ناونیشانە : (کێشەی تیرۆری تورکیا کێشەی ئێمەیە Turkeys Terror problem ours لەم وتارەدا دەست خۆشی لە سوپای تورکیا دەکات کە هەرێمی کوردستان بە بیانووی پەکەکە بۆردومان دەکات**

## نەریتی دیراسەت و لێکۆڵینەوە لە ناوەندەکان و سینك تاکسەکان ئەمەریکا ئامۆژگای ئەمەریکان ئەنتەر پرایس

وەك هەر ئامۆژگایەك American Enterprise Institute یان ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی ئەمەریکا کە ژمارەیان بەســـەدان ناوەندە، بواری جۆراوجۆری توێژینەوەییان هەیـــە و هەرلێکۆڵەرێك بوارێك هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی دیراسەتی لەســـەر بکات و مەرج نییە ئەم بابەتە یـــان ئەم دیراســـەتە بێتە بەرنامە بۆ بریارســـازان بۆیە ئەم خاڵانە دەدۆزرێتەوە


١- ئەم بابەتەش: لەبەر ئەوەی لە ئامۆژگایەك بلاوبۆتەوە هەواڵێك یان بابەتێکی رۆژنامەوانی نییە، بە گەران واتـــە(search) لە ئەنتەرنێـــت وەك هـــەواڵ نایەتە بەردەســـت و پێویســـتی بەوەیە تەواوی ناونیشـــانەکە بنووسیت و لـــە(web) دەیدۆزیتەوە نەك لە(news)، بێگومان ئەوانەشی لە (web) دەگەرێن، زیاتر لێکۆڵەر و ئەکادیمین نەك رۆژنامەنووس و، لێکۆڵەر , ئەکادیمیش کە باسێکی بەوجۆرە ببینن ئەوا لەسەری رادەوەستن یان هەوڵـــدەدەن پێش ئەوەی وەك دیکۆمێنتێك مامەڵەی لەگەڵدا بکەن پەیوەندی بە نووســـەر یان ئامۆژگای ناوبراوەوە بکەن و پاشان دروستی ئامانج لە بەکارهێنانی ئەو نووســـینە یان بۆ نووســـەر یان ئامۆژگای ناوبراو بخاتەروو، هەروەها دەبێت ئەو کەسەی ئەو دیکۆمێنتە بەکاردێنێت مەبەســـتی هەوڵدان بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان نەك بازاڕگەرمی و ئالەتێـــك بۆ بەکارهێنانی دژی دەســـەڵاتەکەی خۆیان یان حزبێکی نیشتمانی کە خاوەن مێژوویەکی پڕ سەروەریە.

ســـەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە لە ئەمەریکا بـــە تایبەتی و لە جیهان بە گشـــتی کاریان راســـتکردنەوەی سیاســـەتە نەك تێکدانی سیاسەت و بارودۆخـــی وڵاتێك، ئەمەو یەکەمجار نییە ســـەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە باســـێکی رەخنەئامیز وەك دیراسەت لە ماڵپەری ئامۆژگاکەی خۆیان بلاوبکەنەوە، ئەم دیراســـاتانە بۆ ورووژاندنی رای گشـــتی ئەمەریکا یان عێراق یان کوردســـتان یان هەر ناوچەیەکی دیکەی جیهان نییە بەڵکو ئامادەباشیە یان زەمینە رەخســـاندنە بۆ بریار دروستکردن کە سوودیان لێ وەربگیرێت، تەنانەت ئەو بابەتانەش کە گۆڤارە فیکری سیاســـییە بە ناوبانگەکانی ئەمەریکا وەك فۆرین پۆلیســـی و فۆرین ئەفێرز بلاو دەکرێنەوە هەمـــان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و تەنانەت هەندێك تۆژەر رێگە نادەن لەناو ئەنتەرنێتیش هەموو کەس دیراسەتەکانیان بخوێنێتەوە و دەبێت ڤیزا کارتت هەبێت یان بەتایبەتی ئەو گۆڤارە بکرێت بۆ ئەوەی ئەو نوسینە بخوێنێتەوە و مافی هیچ بلاوکراوەیەکیش نییە بەبێ رەزامەندی ئامۆژگای ناوبراو(بێگومان رەزامەندی فەرمی نەك زارەکی نوســـەر) بلاویبکاتەوە.

٣- ئێســـتا لە سایتی ئەمەریکان ئەنتەرپرایس بەکوردی و بە تورکی هاوشـــان لەگەڵ دەقە ئینگلیزییەکەی دانراوە، ئەمە چەندین رەهەندی لێدەخوێنرێتەوە:

٤- دەبێت بزانین ئێســـتا لە هەموو کاتێك زیاتر تورك پێویســـتی بە زراندنی ناوی ســـەرۆکی کوردستان هەیە لە سەرۆکێکی نیشتمانی و دیموکراتییەوە بۆ سەرۆکێك کە پشتگیری تیرۆریست بکات و سەرۆکایەتی حوکمڕانییەکەی گەندەڵ بکات.

ب- باشـــە ئەوە ئامانجی تورکمانـــان زانی و هیچ گلەییەکیش لە تورك ناکەین کە بەوجۆرە ســـەیری سەرۆکی کوردستان بکەن , چونکە ئەمـــە نیشـــانەی کاریگەری و جەماوەریی ســـەرەکی کوردستانە لـــە نـــاو رای گشـــتی تورکیا بەگشـــتی و کوردستانی تورکیا بەتایبەتی، هەمووشمان دەزانیین تورکیا لە هەموو لایەك باشـــتر رۆڵی سەرۆکی کوردستان هەست



**تورکیا لە هەموو لایەك باشتر رۆڵی سەرۆکی کوردستان هەست پێدەکات کە چۆن لە ساڵی٢٠٠٣ بریارەکەی پەرلەمانی بێ بایەخ کردو و توانی کارێك بکات بۆ ستراتیژیەتی ئەمەریکا هەولێر جێگەی ئەنکەرا بگرێتەوە**

پێدەکات کە چۆن لە ساڵی٢٠٠٣ بڕیارەکەی پەرلەمانی بێ بایەخ کردو و توانی کارێك بکات بۆ ستراتیژیەتی ئەمەریکا هەولێر جێگەی ئەنکەرا بگرێتەوە، ئەمە لە تێڕوانینی ڕۆشنبیرەکانی تورك گورزێك بوو بۆ شکۆی تورکیا، ئەوجا لە تێڕوانینی ژەنەڕاڵ و نەتەوەپەرستەکانی توركدا دەبێت



چۆن خوێنرابێتەوە، کە بێگومان بە خیانەتکردن لە نەتەوەی تورك و ئیهانەکردنی ئیرادەی گەلی تورك لە قەڵەم دراوە، هەر بۆیە دەبینین پەیوەندی و هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان لەسەردەمی ڕژێمی سەدام حوسێندا کە کوردستان بە ئەمری واقیع دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوو باشتر مامەڵەی لەگەڵ دەکرا وەك لەدوای ڕووخانی ڕژێم بە دەستووریی بوونی هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقدا، بە تێڕوانینی من ئەمە یەك ڕەهەندی هەیە، ئەویش نەخشەدانانی حکومەتی تورکیایە بۆ تۆڵەسەندنەوە لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و کەمکردنەوەی شکۆی سەرۆکی کوردستان لە هاوکێشە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکاندا.

ج- تورك زۆر هەوڵیدا ئەم چەمکە لە ناوخۆی سیاسەتی حکومەتی تورکیا بکاتە پرانسیپ و بەرنامە , لەمەشدا تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوو، بەڵام لەسەر ئاستی ڕای گشتی ئەوروپا و ئەمەریکا و جیهان شتێکی ئەوتۆی بۆ نەکراو تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی کەسێکی وەك ویسلی کلارك کە پێشتر نوێنەری ئەمەریکا بووە لە ناتۆ، سەردانی کوردستان بکات و پێشنیاری ئەوە بکات هێزەکانی ناتۆ کوردستان لە هەڕەشەکانی تورکیا بپارێزن، هەر بۆیە تورکیا چۆن هەوڵیدا کێشەی کوردی تورکیا لە ژێر پەردەی تیرۆر و بەناوی پەکەکە پەردەپۆش بکات، بەهەمان شێوەش کارتی پەکەکەی لە دژی هەرێمی کوردستان و شەخسی سەرۆکی کوردستان خستەگەڕ هەتا توانیان ئەمەریکا بەوە ڕازیی بکەن هێرشێکی سنووردار بکەنە سەر تورکیا.

د- ڕۆژنامەنووسە ناودارەکانی تورکیا وەك محەمەد عەلی بیراند و جەنگیز چاندرا لە شرۆڤەکانیان بۆ ئەم هێرشانەی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان چەندین خاڵی گرنگیان بۆ ڕای گشتی دەرەوە(لەبەر ئەوەی لەو نووسینانەدا ئەو ئاماژانەیان خستۆتەڕوو کە لە ڕۆژنامەی تورکیش دەیلی نیوز بەزمانی ئینگلیزی بڵاو دەکرێتەوە) خستۆتەڕوو، کە بریتین لە:

١- تورکیا باجێکی زۆری داوە هەتا توانی ئەم زەمینەیە بهێنێتە ئاراوە بتوانێت ئەمەریکا ڕازی بکات.

ب- تورکیا ماوەیەکی زۆر هەوڵیدا کە زیاتر لە ٤ساڵی خایاند بۆ ئەوەی هاوکێشەکان ڕاست بکاتەوە و بتوانێت ئەم هێرشە ئەنجام بدات.

ج- تورکیا دەزانێت ئەم هێرشانە نەگرفتی پەکەکە چارەسەر دەکات نە مەترسییەکانی کێشەی کوردیش دەڕەوێنێتەوە، بەڵام ئەم هێرشانە بۆ ڕای گشتی ناوخۆی تورکیا یەك سوودی هەبووە ئەویش ئەوەیە کە ڕای گشتی تورك بگاتە ئەو قەناعەتەی کە تورکیا ئێستاش ئەو تورکیایەیە کە جیهان لەسەر کردەوەیەکی لەو جۆرە پشتگیری دەکات و ئەو سیاسەتەشی پێڕەوی دەکات لەسەر ئاستی جیهان و و ئەمەریکا و ئەورپاش جێگەی ڕەزامەندییە.



زیاد لەمانەش دەیانەوێت بە ئەمەریکاش بڵێن تورکیا دەزانێت بۆ ئەم باجە قورسەی داوە و دەشزانێت لە ئایندە مەبەستی چییە؟

٦- دەبێت بزانین تورکیا تەنیا لەسەر ئاستی دپلۆماتی و سەربازی هەوڵی بۆ ڕاستکردنەوەی هاوکێشەی خۆی لەگەڵ واشنتۆن نەداوە، بەڵکو لەسەر ئاستی بەگەڕخستنی لۆبی و بەکارهێنانی ئەم لۆبیانە لە میدیاکانی ئەمەریکا بۆ پیشاندانی ڕوویەکی دیکە سلبی هەرێمی کوردستان و ڕووی ئیجابی هاوپەیمانی تورك لەگەڵ ئەمەریکا هەوڵێکی زۆری داوە، ئەم هەوڵەش لەسەر دوو ئاست بووە:

أ- هەوڵێك کە ماف بە تورکیا دەدات خۆی بە خاوەنی ویلایەتی موسڵ بزانێت و شەرعیەتدان بە تورکیا بۆ گێڕانەوەی ئەو مافەی لێی زەوتکراوە.

ب- هەوڵێك بۆ لێکترازانی هاوپەیمانی نێوان بارزانی و بوش و شەرعیەتدان بە هێرشی تورکیا بۆ ڕووخاندنی ئەم ئەزموونەی لە هەرێمی کوردستان دروست بووە، ئەمەش بە بەکارهێنانی بیانووی بوونی چەکدارانی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان و بوونی بۆشایی دەسەڵات لەو هەرێمەداو ئەم بۆشاییەش بۆتە مەترسییەکی هێجگار گەورە لەسەر ئاسایشی تورکیا و ئەگەر ئەمریکا و حکومەتی عێراق نەتوانن ئەم مەترسییە لە تورکیا دووربخەنەوە ئەوا تورکیا ناچارە خۆی ئەم کارە ئەنجام بدات، وەك بینیشمان پێش ئەنجامدانی هێرشی ئەم دواییەیان ئەمە گرنگترین بیانوو بوو کە ئەمەریکیەکانیان پێ ڕازیکرد.

تورکیا بۆ ئەم کارەی نەك تەنیا مایکل ڕۆبن بەڵکو بەدەیان مایکل ڕۆبنی دیکەیان هەیە هەر بۆ نموونە سکوت سولیڤان کە لە سایتی The conser vative voice نووسینەکانی بڵاو دەکاتەوە، لە چەند مانگێکیدا ئەم نووسینانە بڵاوکردۆتەوە.

١- سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ سەربەخۆیی کوردستانی بەدوادا دێت

٢- بۆچی پێویستە ماکین پشتگیری سربیا بکات

٣- پێویستە تورکیا لە عێراقدا ڕووبەڕووی ئەمەریکا بێت

٤- پێویستە تورکیا کەرکووك وەربگرێتەوە

٥-پێویستە تورکیا موسڵ وەربگرێتەوە

٦- بارزانی تیرۆریستان چەکدار دەکات

کەواتە تورکیا بەتەنها یەك مایکل ڕۆبنی نییە کە هەوڵدەدات ڕووی هەرێمی کوردستان پێ ناشرین بکات بەڵکو دەیان و سەدانی هەیەو دەبێت کورد لێی ئاگادار بێت .


بۆ زیاتر بە دواداچوونی ئەم بابەتەو بۆ ئەوەی بزانین ئەو توێژەرو ئەکادیمانەی دیکە کە لەسەر پرسی کورد و عێراق و تورکیا کاردەکەن بۆچوونیان لەسەر هەرێمی کوردستان و ڕاپۆرتەکەی مایکل ڕۆبن چیە؟

گوڵان پەیوەندی پرۆفیسۆر کارۆل ئۆلیری بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی سەنتەری جیهانی بۆ ئاشتی لە زانکۆی ئەمەریکا کردو کە لە هەمانکاتدا زۆر لە نزیکیشەو مایکل ڕۆبن دەناسێت و بەڕێزی وێڕای ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە، بەڵام پێی گوتین: ئەگەر من لە جێگەی ئێوە بوومایە کاتی خۆم بە وڵامدانەوەی مایکل ڕۆبن نەدەکوشت.

**هاوکات لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتەی (ئایا کوردستانی عێراق هاوپەیمانێکی باشە) لە ئەمەریکان ئەنتەر پرایس و تورکیش دەیلی نیوز، لە هەرێمی کوردستانیش لەم سەرچاوانە بڵاو کراونەوە:**
**١- سایتی بەرەی تورکمانی، بە ئینگلیزی و عەرەبی**
**٢- سایتی سبەی، بە کوردی و ئینگلیزی**
**٣- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، بە گۆڕینی ناونیشانی بابەتەکە**

**ئێستا لە سایتی ئەمەریکان ئەنتەرپرایس بەکوردی و بە تورکی هاوشان لەگەڵ دەقە ئینگلیزییەکەی دانراوە، ئەمە چەندین ڕەهەندی لێدەخوێنرێتەوە**


**تورکیا چۆن هەوڵیدا کێشەی کوردی تورکیا لە ژێر پەردەی تیرۆر و بەناوی پەکەکە پەردەپۆش بکات، بەهەمان شێوەش کارتی پەکەکەی لە دژی هەرێمی کوردستان و شەخسی سەرۆکی کوردستان خستەگەڕ هەتا توانیان ئەمەریکا بەوە ڕازیی بکەن هێرشێکی سنووردار بکەنە سەر تورکیا**





پرۆفیسۆر مایکڵ گەنتەر


**ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی تێنسی ئەمەریکا و ئوستادی وانەبێژی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ڤیەننا لە نەمسا بۆ گوڵان:**

# مایکڵ رۆبین بریکارێکی پارەپێدراوی تورکیایەو لەو نووسینەدا زیادەڕۆیی کردووە




**■ پرۆفیسۆر مایکڵ گەنتەر یەکێکە لەو تۆژەرە بەناوبانگانەی کە چەندین کتێبی بەناوبانگی لەسەر کێشەی کوردو عێراق و تورکیاو ئێران و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نووسیووە، تەنیا ئەو کتێبانەی لەسەر کورد نووسیوونی بریتین لە:**

**١- فەرهەنگی مێژوویی کورد (ساڵی ٢٠٠٤)**
**kurdish Historical Dictionary**

**٢- شـرۆڤەیەکی سیاسی: ئاستەنگی کورد لە عێراقدا ساڵی (١٩٩٩)**
**the kurdish predicamen in Iraq: Apolitical Analysis**

**٣- بەرەوپێشەوەچوونی ناسیۆنالیزمی کورد (ساڵی ٢٠٠٧)**
**the Evolution of kurdish nationalish**

**٤- مەسەلەی کوردو شـەڕی «٢٠٠٣»ی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥**
**the kurdish ouetion and the2003Iraqi war**

**٥- کوردو ئایندەی تورکیا (ساڵی ١٩٩٧)**
**the kurds and the future of turkey**

مایکڵ گەنتەر لە ناو کتێبخانەی ئەمازۆنی ئەلکترۆنی www.amazon.com خاوەنی ٢٤ کتێبەو لە ماڵپەڕی زانکۆی تێنسیش ئاماژە بەوەکراوە کە لە ساڵانی (١٩٩٥-١٩٩٦)و ساڵی (١٩٩٩-٢٠٠٠) خەڵاتی باشترین تۆژەری پێدراوەو لەم بوارانەشدا پسپۆری هەیە:

١- سیاسەتی نێودەوڵەتی -٢ رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان -٣ یاسای نێودەوڵەتی -٤ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا -٥ سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

پرۆفیسۆر گەنتەر لە ناوەندەکانی توێژینەوەی ئەمەریکادا کەسایەتییەکی بەناوبانگەو لە نزیکەوە ئەو ئەکادیمیایانە دەناسێت کە لەم بوارەدا کار دەکەن.

بۆ بەدواداچوونی ئەو نووسینەی مایکڵ رۆبن کە رۆژی ٢٠٠٧/١/٩ لە سایتی ئەمەریکان ئەنتەرپرایز بەناونیشانی »ئایا کوردستانی عێراق هاوپەیمانێکی باشی ئەمەریکایە؟« بڵاوکراوەتەوە، گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر مایکڵ گەنتەر کردو بەمجۆرە ناوەڕۆکی ئەو نووسینە چەواشەی بۆ خوێنەرانی گوڵان روونکردەوە، هەروەها خوێنەرانمان ئاگادار دەکەینەوە کە دەقی ئەم قسانەی پرۆفیسۆر گەنتەر بۆ گوڵانی کردووە بە زمانی ئینگلیزی www.gulan-media.com بڵاودەکرێنەوە ئەمەش دەقی قسەکانییەتی بە زمانی کوردی.■

**●●●**
**مایکل روبن کاتێک ئەوە دەخاتەڕوو کە کوردەکان زانیارییە هەواڵگرییەکان بە ئێران دەدەن تا دوا رادە زیادەڕۆیی کردووە**
**●●●**

## مایکل رۆبن لەو نووسینەدا زیادەڕۆیکردووە خوێنەرانی چەواشەکردووە

**•مایکڵ روبن لە رۆژی ٢٠٠٨/١/٩ راپۆرتێکی بە ناوی «ئایا کوردستانی عێراق هاوپەیمانێکی باشە بۆ ئەمەریکا؟» لە سایتی ئەمەریکان ئەنتەر پرایزدا بڵاویکردۆتەوە، ئایا راوبۆچوونت دەربارەی ئەم راپۆرتە چییە ؟ لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستان وا هەست دەکەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سیاسەتی خۆی لە ئاست کوردەکاندا گۆڕیوە، ئایا لەو باوەڕەدایت ئەمەریکا سیاسەتی خۆی لە ئاست کوردەکاندا**

**گۆڕیبێت؟**

- هەرچەندە مایکڵ رۆبن چەند خاڵێکی بە کەڵکی خستۆتەڕوو دەربارەی ئەو گیروگرفتانەی لە میانەی پیادەکردنی دیموکراسیەتێکی تەواو لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دووچاری دەبینەوە، بەڵام زیادەڕۆیکردووە لە نووسینەکانیدا و خوێنەرانی چەواشەکردووە. بۆ نموونە، ئەو بانگەشەیەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەر مۆدێلی حزبی بەعس رەفتار دەکەن و بڕیار دەدەن، بێ بنچینە و بێمانایە. هەرچەندە چەند حاڵەتێکی ئەشکەنجەدانی دابڕاو هەیە لەلایەن بریکارەکانی

ئاسایشی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە (هەروەك ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ئەو حاڵەتانەی کردۆتە بەڵگەنامە) بەڵام هیچ لێکۆڵەرەوەیەکی مەوزوعی ناتوانێت تا ئەو ئاستە بڕوات و بە هەمان شێوەی مایکڵ روبن رابیگەیەنێت « ئەشکەنجەدان بەربڵاوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.» مایکڵ روبن تا دوا رادە زیادەڕۆی کردووە کاتێك ئەوە دەخاتەڕوو کە « کوردەکان زانیارییە هەواڵگرییەکان بە ئێران دەدەن» و مەسعود بارزانی هەڕەشەی « بەرپاکردنی یاخیبوون دەکات لە دژی ئەنقەرە گەر تورکیا مل بۆ داواکارییەکانی نەدات لەسەر کەرکوك.» لە راستییدا، تورکیا هەڕەشە دەکات لەبەر ئەوەی نیگەرانە لەوەی گەر کەرکوك بگەڕێتەوە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوا ئەمە دەبێتە ئاسانکارییەك بۆ سەربەخۆبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لە راستییدا، ئەوە ئاشکرایە تورکیا رایگەیاندووە گەر پێویست بکات ئەوا هێزەکانی لە ماوەی ١٨ کاتژمێردا دەچنە کەرکووکەوە! هەروەها بانگەشەکەی رۆبن بەوەی بارزانی «پێشوازی لە سەرکردەکانی پەکەکە کردووە بۆ هەرێمەکەی» سەرتاپا بریتییە لە پڕوپاگەندە.هەموو کەسێك ئەو راستییە دەزانێت کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە شەڕی پەکەکەدا لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٢دا چەندین چەکداری بوونە قوربانی. راستییەکە ئەوەیە بارزانی خوازیاری ئەوە نییە کوردەکان لە ناو خۆیاندا خوێنی یەکتر بڕێژن بۆ سوود و بەرژەوەندی تورکیا ئەمەش بەڵگەی ئەوە نییە بارزانی پێشوازی لە پەکەکە دەکات. بەڵکو پتر بەڵگەی ئەوەیە کوردەکان کامڵ بوونە و چیتر نایانەوێت تورکیا بۆ سوودی خۆی کەڵك لە ناکۆکی و دابەشبوونی ناو کوردەکان وەربگرێت. لە راستییدا گەر تورکیا نەیتوانییێت لە ماوەی ٢٥ ساڵی رابردوودا پەکەکە لە ناوببات چۆن ڕێی تێدەچێت یەکێك بێت و بڵێت حکومەتی هەرێمی کوردستان یان هەر لایەنێکی دیکە پێشوازی لە پەکەکە دەکات؟

**تورکیا هەڕەشە دەکات لەبەر ئەوەی نیگەرانە لەوەی گەر کەرکوک بگەڕێتەوە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوا ئەمە دەبێتە ئاسانکارییەک بۆ سەربەخۆبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

## پێویستە ئەمەریکا هاوسەنگییەکی هەستیار لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا رابگرێت

***ئایا سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئاست کوردەکاندا گۆڕاوە؟**

- هەموو کەسێك ئەوەی لە یادە چۆن وڵاتە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٧٥ و دووبارە لە ساڵی ١٩٩١دا پشتی لە کوردەکان کرد و دەستی لێهەڵگرتن. راپۆرتی لێکۆڵینەوەی عێراقی بیکەر/هاملتۆن زۆرێك لە کوردەکانی ترساند و نیگەران کرد کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دووبارە لە پێناو هێنانەدی ئامانجی عێراقێکی یەکگرتوودا بە نیازە دەست لە کوردەکان هەڵبگرێت.ئەمە رووی نەدا و ئەگەری روودانیشی نییە، بە لای کەمەوە بەو شێوەیەی لە ساڵی ١٩٧٥ و ساڵی ١٩٩١دا روویدا. پێویستە کوردەکان درك بەو راستییە بکەن کە ئەوان و تورکەکانیش دۆستی ئەمەریکان. لەبەر ئەوەی پێویستە ئەمەریکا هاوسەنگییەکی هەستیار رابگرێت لە نێوانیاندا. هەندێجار وا دەردەکەوێت بۆ کوردەکان کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتیان تێدەکات کاتێك ئەمەریکا ناچار دەبێت لە نێوانیاندا سازش بۆ لایەکیان بکات. دەبێت کوردەکان ئەم راستییەیان لە بەرچاو بێت، بەشێوەیەکی دیبلۆماسییانە تێڕوانینەکانی خۆیان بۆ ئەمەریکا روون بکەنەوە و ئەوەیان لەبەرچاو بێت کە هەمیشە سەرکەوتوو نابن لە داواکارییەکانیاندا. لە ژیانی راستەقینەشدا شتەکان هەر بەو شێوەیەن. ئەوەی گرنگییەکی بێئەندازەی هەیە ئەوەیە، کوردەکان وەك یەکێك لە باشترین دۆستەکانی ئەمەریکا بمێننەوە. ئەوکاتە پشت لە کوردەکان ناکرێت و ئەوانیش دەتوانن درێژە بە پتەوکردنی ئازادییەکەیان بدەن. لە راستییدا، دۆستایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان وا دەکات تورکیا ژیرانەتر مامەڵە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بکات.

**ئەوەی گرنگییەکی بێئەندازەی هەیە ئەوەیە، کوردەکان وەک یەکێک لە باشترین دۆستەکانی ئەمەریکا بمێننەوە**

## بارزانی و تاڵەبانی

**بە شێوەیەکی سەرنجراکێش سەرکەوتنیان بە دەستهێناوە ئێستا تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراقە بارزانیش سەرۆکی دەوڵەتێکی کوردی نیمچە سەربەخۆیە.**

*** مایکڵ رۆبن، بارزانی بە یاسر عەرەفات دەشوبهێنێت، کە ئەمەی دواییان بە رواڵەت دۆستی ئەمەریکا بوو، تێڕوانینت بۆ کەسایەتی بارزانی چییە؟**

- رۆبن تەواو بە هەڵەداچووە کاتێك رایدەگەیەنێت «بارزانی بەشێوەیەك رەفتار دەکات کە بەرەو ئەوە دەچێت ببێتە یاسر عەرەفاتێکی نوێ» و دەڵێت « کوردستانی عێراق جێی متمانە پێکردن نییە» هەروەها گومان لە « شایستەیی کوردستانی عێراق دەکات وەك هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.» کێ پشتیوانی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای کرد لە ئازاری ساڵی ٢٠٠٣دا کاتێك تورکیا رەتیکردەوە یارمەتی ئەمەریکا بدات؟ بە کردنەوەی بەرەی باکوور لە دژی سەدام حوسێن، کوردەکانی عێراق ئیعجابی حکومەت و خەڵکی ئەمەریکایان بە دەستهێناوە. ئێستا لە کاتێکدا کوردەکان بە کۆدەنگ پشتیوانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکەن، ئەوا کەمتر لە سەدا ١٠ی تورکەکان پشتیوانیان بۆ ئەمەریکا هەیە. کەواتە کێ هاوپەیمانێکی متمانەپێکراوی راستەقینەیە؟

ئەوەی پەیوەندی بە عەرەفاتەوە هەبێت، ئەو چی کرد جگە لە پشتیوانییە سەرزارەکییەکانی بۆ سەدام حوسێن لە شەڕی ساڵی ١٩٩١ ی کوێتدا؟ بە دڵنیاییەوە، کوردەکان پشتگیریان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کرد. رۆبن نەیتوانیوە ئاماژە بەوە بکات چۆن یاسر عەرەفات تەواو شکستی هێنا لە

هەوڵەکانیدا بۆ ئەوەی لە چەکدارێکی گەریلاوە بگۆڕدرێت بۆ پیاوی دەوڵەت، لە کاتێکدا بارزانی و تاڵەبانی بەشێوەیەکی سەرنجراکێش سەرکەوتنیان بە دەستهێناوە، تا ئەو ئاستەی ئێستا تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراقە، لە کاتێکدا بارزانی سەرۆکی دەوڵەتێکی کوردی نیمچە سەربەخۆیە.

رۆبن بانگەشەی ئەوە دەکات کە لە تەممووزی ساڵی ٢٠٠٣دا، « بەرپرسەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان خاڵەکانی پشکنینیان بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی دزەکردنی ئێرانییەکان ئاسان بکەن بۆ ناو خاکی عێراق.» لە راستییدا لە تەممووزی ٢٠٠٣دا، ئەمەریکا «کۆماندۆ تورکەکانی لە سلێمانیدا دەستگیر کرد کە لە هەوڵی ئەوەدابوون کاری تێکدەرانە لە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدەن. بە دڵنیاییەوە، دەبێت تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان مامەڵە لەگەڵ ئێراندا بکەن لەبەر ئەوەی هێزێکی ناوچەیی گرنگە. رۆبن لە زەمینەیەکی لەرزۆکدایە کاتێك رەخنە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرێت لەبەر ئەوەی مامەڵە لەگەڵ ئێراندا دەکات لە کاتێکدا تورکیاش هەمان شت دەکات لەگەڵ ئێراندا.

**رۆبن راوێژکارێکی پارەپێدراوی تورکیایە، لە بەشێکیدا ئەو پارەیە بۆ ئەوەیە پڕوپاگەندەکانی تورکیا بکاتە حاڵەتێک لە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

***هەرێمی کوردستانی عێراق کە لە لایەن بارزانیەوە سەرۆکایەتی دەکرێت، تاقە ناوچەی ئارام و ئاسایشی عێراقە. بەڵام مایکڵ رۆبن دەیەوێت وەك ناوچەیەکی پڕ لە گەندەڵی و تیرۆر پیشانی بدات. بۆچی مایکڵ رۆبن ئەو پڕوپاگەندانە بڵاو دەکاتەوە؟**

-وەك یەکێك لە موحافیزکارە نوێیەکان و یەکێك لە ئەندامە تایبەتمەندەکان، لە ئامۆژگای ئەنتەرپرایزی ئەمەریکی، رۆبن راوێژکارێکی پارەپێدراوی تورکیایە، لە بەشێکیدا ئەو پارەیە بۆ ئەوەیە پڕوپاگەندەکانی تورکیا بکاتە حاڵەتێك لە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان. هەرچەندە هیچ شتێکی نائاسایی لەو کارەدا نییە. بەو پێیە، پێویستە بەوپەڕی وریاییەوە لە وتارەکەی رۆبن بڕوانین و بە دڵنیاییەوە بریتی نییە لە شیکردنەوەیەکی بابەتییانەی ئەکادیمی هەروەك ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکرێت.

پتر لەوە پێویستە سەرنجی ئەوە بدرێت کە موحافیزکارە نوێیەکانی وەك پۆل ولفویتز، ریتچارد پێرل و دۆگلاس فەیت، ئەو کەسانە بوون کە ئەو هەڵانەیان کرد ئەمەریکا دووچاری بوو لە کاتی رووخاندنی سەدام حوسێندا. گرووپی ریتچارد پێرلی موحافیزکارە نوێیەکان کە ئەندامێکی ئەو گرووپەیە کە پارەیەکی زۆر وەردەگرن لە بەرامبەر راوێژکارییەکانیاندا بۆ تورکیا. هەروەها رۆبن لە نووسینگەکەی ریتچارد پێرلدا بۆ پلانە تایبەتییەکان خزمەتی کردووە کە رۆڵی بینیووە لە دەرکردنی ٩٣٥ لێدوانی هەڵە کە بوونە بناغەی ئەوەی ئەمەریکا شەڕی ٢٠٠٣ ی بەرپاکرد. جەنەراڵ تۆمی فرانکس کە سەرکردایەتی هێزە داگیرکەرەکانی ئەمەریکای کرد لە ساڵی ٢٠٠٣دا) دۆگلاس فەیتی هاوڕێی رۆبنی وەك « خراپترین کەسی سەر زەوی» وەسفکردووە.

**دەبێت بارزانی و تاڵەبانی ئەوەیان لەبیر بێت کە رۆبن بریکارێکی پارەپێدراوی حکومەتی تورکیایە نابێت دابەزنە ئاستە نزمەکەی مایکل رۆبنەوە**

* بە پێی بنەماکانی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لە ئەمەریکا، پێویستە هەموو لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی بتوانێت زانیارییەکانی بسەلمێنێت. بەڵام ئەو سەرچاوەیەی مایکڵ رۆبن پشتی پێ بەستووە روون نییە، تا چ ئاستێك لەکەدارکردنی ناوی هاوپەیمانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئەمەریکادا رێپێدراوە بەبێ ئەوەی سەرچاوەی روون و بەرچاو هەبێت بۆ ئەو زانیارییانە؟

- کاتێك رۆبن بانگەشەی ئەوە دەکات بارزانی و تاڵەبانی دوو کەسی گەندەڵن، ئەوا دەبێت ئەو دوو سەرکردە کوردە ئەو راستییەیان لەبیر بێت کە زۆر زەحمەتە لە ئەمەریکادا بتوانین کەسایەتییەکی بە ناوبانگ لەکەدار بکەیت. ئەمە مانای ئەوەیە کە هەر کاتێك بویتە کەسایەتییەکی سیاسی، ئەوا دەبێت خۆت لەگەڵ زیادەڕۆی و درۆی ئاشکرادا بگونجێنیت کە بەشێکن لە خیتابی سیاسی. هەموو کەسێك ئەم راستییە دەزانێت و بە گومانەوە لەم بانگەشانە دەڕوانێت. هەروەك جارێکیان سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا هاری ترۆمان گوتی: « گەر ناتوانیت بەرگەی فشارەکان بگریت ئەوا دەست هەڵبگرە.» دەبێت بارزانی و تاڵەبانی ئەوەیان لەبیر بێت کە رۆبن بریکارێکی پارەپێدراوی حکومەتی تورکیایە کاتێك دەبێتە بەشێك لەو چالاکییە دژە کوردەکان دەکرێت و کاتێك ئەو رەخنە رەقانە دەنووسێت و رەوایەتی پێنەدەن بەوەی دابەزنە ئاستە نزمەکەی رۆبینەوە.

ئەوەی پەیوەندی بەوەوە هەیە کێ گەندەڵە و کێ گەندەڵ نییە، پێویستە سەرەتا روبن هەوڵی شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی ئەوە کارانە بدات کە دەوڵەتی تورکی ئەنجامیداوە لە چەند رووداوێکدا کە ناوبانگی خراپیان هەیە لە سەرسۆلۆك لە ساڵی ١٩٩٦ و سیمدینگلی لە ساڵی ٢٠٠٥دا. هەروەها رەنگە باشتر بێت بە دوایی گەندەڵی دارایی سەرکردەکانی تورکدا بچێت وەك تانسۆچیلەر و سولەیمان دیمیریل.

هەربۆیە موامەر کەیلان، کە رۆژنامەنووسێکی کەمالیستی خاوەن رێزە، زۆر بەجوانی ئەم حاڵەتە گەندەڵییانەی وەك هۆکارێك بۆ هەڵکشانی حزبی داد وگەشەپێدان و داکشانی عەلمانییەکان و دامەزراوەی سوپای ناو تورکیا خستۆتەڕوو.

●●●

**دەبێت کوردەکان ئەم راستییەیان لە بەرچاو بێت، بەشێوەیەکی دیبلۆماسییانە تێڕوانینەکانی خۆیان بۆ ئەمەریکا روون بکەنەوە و ئەوەیان لەبەرچاو بێت کە هەمیشە سەرکەوتوو نابن لە داواکارییەکانیاندا**

●●●

●●●

**رۆبن بریکارێکی پارەپێدراوی تورکیایە، لە بەشێکیدا ئەو پارەیە بۆ ئەوەیە پڕوپاگەندەکانی تورکیا بکاتە حاڵەتێک لە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

●●●

**پرۆفسیۆر کارۆل ئۆلیری**

**بەڕێوبەری پرۆگرامەکانی سەنتەری جیهانی بۆ ئاشتی لە زانکۆی ئەمەریکا بۆ گوڵان:**

# هێرشی مایکل رۆبن بۆ سەر شەخسی بارزانی و تاڵەبانی نیشانەی ئەوەیە رۆبن لە بنەماکانی ئەکادیمی بوون دەرچووە



●●●
من لەگەڵ مایکل رۆبین هاوڕانیم ، هاوڕانیم لەگەڵ ئەو بۆچوونەیدا کە کوردەکان هاوپەیمانێکی باش نین بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. کوردستانی عێراق، بە سەرکردایەتییەکەی و خەڵکەکەیەوە هاوپەیمانێکی باش و دڵسۆزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکان
●●●

●●●
من هاوڕام لەگەڵ بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانیدا کە لە کۆتاییدا کێشەی پەکەکە کێشەیەکی تورکیە
●●●

●●●
من بە تەواوی ئەو بۆچوونەی بەڕێز روبن ڕەت دەکەمەوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان زانیاری هەواڵگری ئەمەریکا دەداتە ئێران کە ئەوە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیە تا ئێستا، ئەوەش ڕاگەیاندنێکی ناڕاست و مەترسیدارە
●●●

■ پرۆفسیۆر کارۆل ئۆلیری کە ئوستادی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی ئەمەریکا لە واشنتۆن و هەروەها بەرێوەبەری پرۆگرامەکانی سەنتەری جیهانییە بۆ ئاشتی و تا ئێستا توانیوویەتی چەندین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی گەورە لە واشنتۆن بە ئامادەبوونی نوێنەرانی ئەمەریکا و عێراق و کورد و ئەکادمییەکانی تورکیا و ئێران و سوریا و عێراق ساز بکات کە دیارترینیان بریتییە لە:

١- کورد و گەڕان بە دوای ناسنامە

٢- کورد کلیلی سەقامگیری عێراقە

پرۆفسیۆر خاتوو کارول ئۆلیری چەندین جار سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە و لە نزیکەوە ئەو تۆژەرانە دەناسێت کەبایەخ بە کێشەی کورد و ناوچەکە دەدەن بە مایکل رۆبنیشەوە، بۆ قسەکردن لەسەر راپۆرتەکەی مایکل رۆبن کە لە مانگی رابردوو بەناونیشانی (ئایا کوردستانی عێراق هاوپەیمانێکی باشە؟) گوڵان پەیوەندی پێوەکرد و بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.■

**بەپێی تێگەیشتنی من هیچ کەسێکی ئەکادیمی لەگەڵ راپۆرتەکەی رۆبن نییە**
**کوردستانی عێراق، بە سەرکردایەتییەکەی و خەڵکەکەیەوە هاوپەیمانێکی باش و دڵسۆزی ئەمەریکان**

*** بیروڕای بەڕێزتان چیە دەربارەی راپۆرتەکەی مایکڵ رۆبـــن کە داوای کردبوو پێویســـتە ئەمەریکا لە کوردەکان دووربکەوێتەوە؟**

- یەکەمجـــار بە دڵنیاییەوە مـــن لەگەڵ مایکل رۆبین هاوڕانیـــم ، هاوڕانیم لەگەڵ ئەو بۆچوونەیدا کە کوردەکان هاوپەیمانێکی باش نین بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. کوردستانی عێراق، بە سەرکردایەتییەکەی و خەڵکەکەیەوە هاوپەیمانێکی باش و دڵســـۆزی وڵاتـــە یەکگرتووەکانی ئەمەریکان.

من لەگەڵ بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانیدا هاوڕام
کە لە کۆتاییدا کێشەی پەکەکە کێشەیەکی تورکیە

***مایـــکڵ رۆبن بارزانی و تاڵەبانـــی تۆمەتبار دەکات بە پشتوانیکردنی پەکەکە، تا چەند ئەوە ئەگەری راستی تێدا هەیە؟**

- من هیچ پەراوێزێکم نەبینی، هەروەها هیچ بەڵگەیەکم نەبینی لە راپۆرتەکەیدا کە ئەو تۆمەتە پشتڕاست بکاتەوە کە بەڕێزان تاڵەبانی و بارزانی پشتیوانی پەکەکەیان کردبێت. تێگەیشتنی من ئەوەیە کە بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانی زۆر راشکاو بوونە لەگەڵ ئەمەریکا و هاوڕێکانیان لە بەغدا و لەگەڵ تورکیادا کە پێویستە کێشەی پەکەکە لە چوارچێوەی تورکیادا لە رێی دیبلۆماسیەت و دانوستاندن و گفتوگۆوە چارەســـەربکرێت لە نێوان حکوومەتی تورکیا و نوێنەری کوردەکانی تورکیا بە ئامادەبوون و بەشداری لایەنی سێیەم کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە. کەواتە پێویســـتمان بە گفتوگۆ هەیە لە نێوان حکوومەتی تورکیا و کوردەکان و ئەمەریکا وەك لایەنی ســـێیەم بۆ ئەوەی سەرپەرشـــتی دانوستاندنەکان بکات. من هاوڕام لەگەڵ بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانیدا کە لە کۆتاییدا کێشـــەی پەکەکە کێشەیەکی تورکیە. هەروەها من هاوڕام لەگەڵ هەڵوێستی ئەمەریکادا کە حکوومەتی ئەمەریکا و خەڵکی ئەمەریکاش دەگرێتەوە کە لە دەرەوەی حکوومەتن بە بەڕێز رۆبنیشەوە بە خۆشمەوە کە پەکەکە رێکخراوێکی تیرۆریســـتییە. کە هێرش دژی مەدەنیە بێتاوانەکان و پۆلیس ئەنجام دەدات، کە هیچ یەکێك لە ئێمە پشـــتیوانی لەو رەفتارە ناکەین، ئەوەش دەزانین کە بەڕێزان تاڵەبانی و بارزانی ئەوانیش پشتیوانی لەو رەفتارە ناکەن. با ئەوەش بڵێم کە من بە توندی دژی تیرۆریزمم بە هەمان شێوەی حکومەتەکەم بە هەمان شێوەی بەڕێز روبن بە هەمان شێوەی بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانی کە هەموومان لەوەدا هاوڕاین. گرنگترین خاڵی من ئەوەیە کە ئەگەر ئێوە هەوڵبدەن پەکەکە لە خاکی عێراق بکەنە دەرەوە بە شێوەیەك بوونیان نەمێنێت ئەوا پێویستە پرۆسەیەکی گفتوگۆ هەبێت کە حکوومەتی هەرێمی کوردســـتان و بەغدا وئەمەریکا و حکوومەتـــی تورکیا و پەکەکە لە خۆبگرێت، بەو شـــێوەیە دەتوانین لـــە عێراقیان دەربکەیـــن. حکوومەتی هەرێمی کوردســـتان ناتوانێت بـــە تەنها مامەڵە لەگەڵ کێشـــەی پەکەکەدا بـــکات. بەدەر لە کێشـــەی پەکەکە گرنگترین خـــاڵ ئەوەیە من بە تەواوی ئـــەو بۆچوونەی بەڕێز روبن رەت دەکەمەوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان زانیاری هەواڵگری ئەمەریکا دەداتە ئێران کە ئەوە هیچ بەڵگەیەکی لەســـەر نیە تا ئێســـتا، ئەوەش راگەیاندنێکی ناڕاست و مەترسیدارە. بە پێچەوانەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەرکردایەتی کورد، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان زانیارییەکان لەگەڵ ئەمەریکیەکاندا دەگۆڕنـــەوە لەگەڵ ئێرانییەکاندا. لـــە کۆتاییدا من بەوە دڵتەنگـــم مایکڵ رۆبـــن لە کوردســـتانی عێراقدا ژیاوە، خەڵکی ئەویٚ دەناسێت و کەلتووری ئەوێش دەناسێت، ئایا شـــتەکان بیٚ کەم و کوڕین؟ نەخێر، ئایا دیموکراســـییەت لەوێدا بیٚ کەم کوڕییە؟ نەخێر، هیچ دیموکراسییەتێك بیٚ کەم وکوڕی نیە، بەڵام بە تێڕوانینی من ئەوەی بەڕێز رۆبن لە بیری چووە ئەوەیە کە وەزیرەکانی ئێوە، بەرپرســـەکانی ئێوە و هاوڵاتیانی ئێوە چەند لیبراوانە پێکەوە کاردەکەن بۆ ئەوەی هەرێمی کوردســـتان بە ئاڕاستەیەکی پێشکەوتوو و ئیجابی و هاوچەرخدا بڕوات. ئایا ئێوە گیروگرفتتان هەیە؟ بەڵـــیٚ، ئایا ئێوە رووبەڕووی تەحەددا بونەتەوە؟ بەڵیٚ، ئێوە هەمو جۆرە گرفت و تەحەددایەکتان هەیە، بەڵام سەرەڕای ئـــەو تەحەددیاتانە کاتێك من دەچم بـــۆ ئەویٚ دەبینم کە هاوڵاتیان زۆر بە لیبڕاوانە کاردەکەن لە پێناو باشـــترکردنی بارودۆخەکە لە بەرژەوەندی هەموو هاوڵاتیانی هەرێمەکە، من ئەوە دەبینم.

**بەڕێز بارزانی سەرکردەیەکی بەرپرسە دەیەوێت لە کاتێکی پڕ مەترسیدا گەلەکەی بەرەو ئایندەیەکی ئاشتییانە ببات**

***مایـــکڵ روبن لـــە راپۆرتەکەیدا دەڵێـــت حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڕەشـــەیە بۆ سەر ناوچەکە و بەڕێز بارزانی بە یاســـر عەرەفات دەشـــوبهێنێت کـــە پیاوێکی ئاشتیخواز نیە و پشتگیری تیرۆر دەکات؟**

- دەرفەت بدە ئەوە بڵێم کە هێرشـــی شەخســـی بۆ سەر بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانی لە لایەن مایکڵ رۆبنەوە تەعبیر لە ئەکادیمـــی بوون ناکات، تەعبیر لە شـــیکردنەوەیەکی

●●●
**من بەوە دڵتەنگم مایکڵ رۆبن لە کوردستانی عێراقدا ژیاوە، خەڵکی ئەویٚ دەناسێت و کەلتووری ئەوێش دەناسێت**
●●●

●●●
**بە تێڕوانینی من ئەوەی بەڕێز رۆبن لە بیری چووە ئەوەیە کە وەزیرەکانی ئێوە، بەرپرسەکانی ئێوە و هاوڵاتیانی ئێوە چەند لیبڕاوانە پێکەوە کاردەکەن بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بە ئاڕاستەیەکی پێشکەوتوو و ئیجابی و هاوچەرخدا بڕوات. ئایا ئێوە گیروگرفتتان هەیە؟ بەڵیٚ، ئایا ئێوە رووبەڕووی تەحەددا بونەتەوە؟ بەڵیٚ، ئێوە هەمو جۆرە گرفت و تەحەددایەکتان هەیە، بەڵام سەرەڕای ئەو تەحەددیاتانە کاتێک من دەچم بۆ ئەویٚ دەبینم کە هاوڵاتیان زۆر بە لیبڕاوانە کاردەکەن لە پێناو باشترکردنی بارودۆخەکە لە بەرژەوەندی هەموو هاوڵاتیانی هەرێمەکە**
●●●

●●●
**مایکل رۆبن تەنها بیربۆچوونی خۆیەتی و هیچ کاریگەرییەکی لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا نابێت لە ئاست کوردستاندا**
●●●

●●●

**بەڕێز بارزانی لە یاسر عەرەفات ناچێت، بەڕێز بارزانی سەرکردەیەکی بەرپرسە دەیەوێت لە کاتێکی پڕ مەترسیدا گەلەکەی بەرەو ئایندەیەکی ئاشتییانە ببات. بەڕێز عەرەفات شۆڕگێڕ بوو، بەڵام هەرگیز سەرکردە نەبوو و، بەڕێز بارزانی سەرکردەیە، بەڕێز تاڵەبانی سەرکردەیە. ئەوە راگەیاندێکی بێمانایە**

●●●

●●●

**کوردەکان هاوپەیمانێکی باش بۆ ئەمەریکا بەڵام دەبێت رۆژانە بە سەختی کاربکەن لە رێی نوسینگەکانتانەوە لە ئەمەریکا لە رێی دۆستە ئەمەریکیەکانتانەوە بۆ ئەوەی ئەو راستییە بیری ئەمەریکیەکان و کۆنگرێسی ئەمەریکا و دۆستەکانتان لە سوپای ئەمەریکا بخەنەوە کە ئێوە دۆستێکی باشن. دەبێت درێژە بە کارکردنی جیددی بدەن**

●●●

ناکات. بەڕێز بارزانی لە یاسر عەرەفات ناچێت، بەڕێز بارزانی سەرکردەیەکی بەرپرسە دەیەوێت لە کاتێکی پڕ مەترسیدا گەلەکەی بەرەو ئایندەیەکی ئاشتییانە ببات. بەڕێز عەرەفات شۆڕگێڕ بوو، بەڵام هەرگیز سەرکردە نەبوو و، بەڕێز بارزانی سەرکردەیە، بەڕێز تاڵەبانی سەرکردەیە. ئەوە راگەیاندێکی بێمانایە. من ناتوانم لەوە زیاتر بڵێم کە هیچ کەسێك ئەوەی لە مێژووی کورد یا مێژووی ناوچەکە یاخود مێژووی خودی بارزانی تێگەیشتبێت ناتوانێت بگاتە ئەو دەرئەنجامە. بە تەعبیرێکی تر من لەو باوەڕەدانیم کە هیچ کەسێکی ئەکادیمی لەگەڵ ئەو راگەیاندنەدا بێت.



**من ماوەیەکی زۆرە بەڕێز رۆبن دەناسم پێشتر قسەی جیاوازترم دەربارەی کوردستان لێدەبیست**

***تا ئێستا هیچ سەربازێکی ئەمەریکی لە کوردستاندا نەکوژراوە، کوردەکان بە توندی پشتگیری لە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەکەن، پێت وایە چی پاڵی بە رۆبنەوە ناوە تاوەکو ئەو راپۆرتە بنووسێت؟**

-من ناتوانم بڵێم چ پاڵنەرێك وای لە مایکڵ رۆبن کردووە تاوەکو ئەو راپۆرتە بنوسێت، من ناتوانم ئەوە شەرح بکەم. لەبەر ئەوەی من ماوەیەکی زۆرە بەڕێز روبن دەناسم و پێشتر قسەی جیاوازترم لێدەبیست دەربارەی کوردستان، من گوێم لێبو پشتیوانی لە فیدراڵیزم دەکرد، پشتگیری لە مافە کەلتووری و ئینسانی و سیاسییەکانی کوردی دەکرد لە قسەکانیدا. ئەوە جێی سەرسوڕمانی منە و من نازانم چی وای لێکردوە ئەو بنوسێت.

**من بومایە لە جێی ئێوە ئەو کاتەم بۆ مایکل رۆبن تەرخان نەدەکرد**

***بۆچی بەڕێز روبن دەیەوێت بەرژەوەندی هەردوو هاوپەیمانی ئەمەریکا، تورکیا و کوردەکان پێشێل بکات؟**

- من نازانم پاڵنەری پشت ئەوە چیە. بەڵام من یەك ئامۆژگاریم هەیە بۆتان ئەوەیش ئەوەیە ئەو تەنها کەسێکە من بومایە ئەو کاتەم بۆ تەرخان نەدەکرد، ئەو تەنها یەك وتاری نووسیوە پشتگوێی بخەن، کاتێکی زۆری پێوە مەکوژن.

**ئەم راپۆرتەی رۆبن هیچ کاریگەرییەکی لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا نابێت لە ئاست کوردستاندا**

*** دوا ووتەت چیە دەربارەی ئەم راپۆرتە؟ پێت وایە کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت؟**

- من لەو باوەڕدانیم کە کاریگەریەکی گەورەی هەبێت لەسەر چۆنیەتی دارشتنی سیاسەتی ئەمەریکا لە ئاست عێراق و ئەمەریکادا. من باوەڕم وایە مایکل رۆبن تەنها بیربۆچوونی خۆیەتی و هیچ کاریگەرییەکی لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا نابێت لە ئاست کوردستاندا.

**ئێوە دۆستێکی باشن بۆ ئەمریکا دەبێت درێژە بە کارکردنی جیددی بدەن**

***پێت وایە کوردەکان هاوپەیمانێکی باش بن بۆ ئەمەریکا؟**

- بە دڵنیاییەوە کوردەکان هاوپەیمانێکی باشن بۆ ئەمەریکا بەڵام دەبێت رۆژانە بە سەختی کاربکەن لە رێی نوسینگەکانتانەوە لە ئەمەریکا لە رێی دۆستە ئەمەریکیەکانتانەوە بۆ ئەوەی ئەو راستییە بیری ئەمەریکیەکان و کۆنگرێسی ئەمەریکا و دۆستەکانتان لە سوپای ئەمەریکا بخەنەوە کە ئێوە دۆستێکی باشن. دەبێت درێژە بە کارکردنی جیددی بدەن .


کۆلۆنێل ڕالف پیتەرز

خاوەنی نەخشەی Free Kurdistan و تۆژەر و لێکۆلەر لەسەر عێراق و کورد بۆ گوڵان:



# مایکل ڕۆبن کەسێکی گێلە و تورکەکان بە پارەی باش مامەڵەی لەگەڵ دەکەن

- بارزانی و تاڵەبانی دوو سەرۆکی گەورەن
- ئومێدی من ئەوەیە پاسپۆرتەکەم بدەم بە بەرپرسی بەشی پاسپۆرت و بڵێم سەردانی کوردستان دەکەم
- هەموو کەسێک هەڵە دەکات بەڵام چاوپۆشیکردنی ئەمەریکا لە تورکیا بۆ بۆردومانی کوردستان هەڵەیەکی گەورەبوو
- بۆ ئەوەی ڕووی هەرێمی کوردستان بشێوێنرێت تورکەکان پارەیەکی زۆریان لە واشنتۆن خەرجکردووە
- کورد بۆچوونێکی ڕاستی هەیە کاتێک پەسندکردنی یاسای نەوت بە پێویست دەزانێت




■ کە ناوی رالف پیتەرز دێت یەکسەر هەڵوەشانەوەی سنووره خوێناوییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نەخشەی کوردستانی ئازادتFree Kurdistan دێتە بەرچاو، ئەو یەکەم کەس بوو لە ئەمەریکا بانگهێشتی بۆ کوردستانی ئازاد لە ئەمەریکا کرد و داوای کرد سنووره خوێناوییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵبوەشێننەوە.

لە ئایاری ساڵی رابردوو کاتێك پەیوەندیمان پێوەکرد، ئەو زۆری پێ خۆشبوو لە رێگەی گوڵانەوە بیروبۆچوونەکانی بگاتە خەڵکی کوردستان، بەڵام پێی ناخۆش بوو بە نازناوی ژەنراڵ یان کۆڵۆنێل بانگی بکەین، ئەو پێی گووتین من دۆستی کوردم و حەزدەکەم لەگەڵ ئێوەش هاوڕێ بم، بۆیە پێم باشە هەر بە رالف پیتەرز بانگم بکەن.


پیتەرز بەردەوام حەزدەکات ئاگاداری بارودۆخی کوردستانی عێراق بێت و دوا سەردانیشی لە مانگی ئەیلولی رابردوو بووە، هەر کاتێکیش گۆڕانکارییەك لە کوردستان روویدات، پەیوەندی بەو کەسانەوە دەکات کەلە کوردستان دەیانناسێت و چەند جارێك بۆ گەیشتن بەراستی رووداوەکان بە تەلەفۆن و نامەی ئەلیکترۆنی پەیوەندی پێوەکردووین.

پیتەرز بێجگە لەوەی تۆژەر و لێکۆلەرە، لە هەمانکاتدا مانگانە ستونێکی لە (newsday) بڵاودەکاتەوە، نووسینەکانیش بە زۆری لەسەر کوردستان و عێراق و تورکیایە.

رالف پیتەرز چەندین کتێبی بەناوبانگی هەیە و پێنج لەو کتێبانە لەسەر ستراتیژییەت و کاروباری سەربازیین و راستەوخۆ پەیوەندییان بە عێراقەوە هەیە.

پیتەرز لە ساڵی(٢٠٠٣) نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کێشاوە و بڵاوی کردۆتەوە و لەم نەخشەیەدا سنووره خوێناوییەکان نەماون و سنووری راستەقینە جێگەی گرتۆتەوە و کوردستانی ئازاد یەکێکە لە دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.


سەبارەت بەرەوشی ئەمرۆی عێراق و سیاسەتی ئەمەریکا و پەیوەندی نێوان کورد و ئەمەریکا جارێکی دیکە پەیوەندیمان بە کۆڵۆنێل رالف پیتەرز کرد و بەرێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.■




**هەموو کەسێک هەڵە دەکات بەڵام پشتگیریکردنی تورکیا لەلایەن ئەمریکاوە هەڵەیەکی گەورە بوو**

*** کوردەکان خۆیان بە دۆست و هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەزانن، بەڵام وا هەست دەکەن ئەمەریکا ئەوانی فەرامۆش کردوە لە پێناو رازیکردنی تورکیادا و رێکخستنەوەی هەڵویستەکانی لە ناوچەکەدا، بۆ نموونە رێگەی بە تورکیا دا تاوەکو سنووری هەرێمی کوردستان ببەزێنێت و هێرشی سەربازی ئەنجام بدات. هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، من پێم وایە کە رێگەدان بە بۆردومانکردنی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی هەڵەبوو، بە دڵنیاییەوە ئەو بڕیارە لە واشنتۆندا درا نەك لە بەغدا. زۆر کەس بێئاگایانە لەو باوەڕەدان کە ئەمەریکا ناتوانێت بەرگەی لە دەستدانی بنکەی ئاسمانی ئەنجەرلیك بگرێت لەبەر ئەوەی بنکەیەکی زۆر زۆر گرنگە. مشتومڕێکی زۆر دەربارەی ئاینده دەکرێت لە واشنتۆن. هەموو کەسێك هەڵە دەکات، بەڵام پشتگیریکردنی تورکیا لەو رووەوە هەڵەیەکی گەورە بوو. لە لایەکی دیکەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان کارێکی ئەوتۆی لە بەرامبەر پەکەکەدا ئەنجام نەدا، راستە ئەوە مەسەلەیەکی هەستیارە بۆ کوردەکان و راستە حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆنتڕۆڵی بە سەر ئەو ناوچانەدا نییە بەڵام ئەمە نابێتە پاساو بەڵام پێویستە بە شێوەیەك لە شێوەکان پەکەکە بخرێتە ژێر کۆنتڕۆڵەوە. پەکەکە بۆ ماوەی ساڵێکە سەرگەرمی چالاکییە تیرۆریستییەکانە و زیانێکی زۆری بە کێشەی کورد و وێنەی کورد گەیاندووە لە ئەوروپادا. هەندێ جار دەبێت رێگاچارەی سەخت بگیرێتەبەر. لە ئەمەریکادا خەڵکێکی زۆر بە ئیعجاب و بە گیانێکی دۆستانەوە لە کوردەکان دەڕوانن. هەندێ خەڵکی گێل لە واشنتۆندا بڕیاری ئەوەیان دەرکرد کە پشتگیری لە تورکیا دەکەن لە بۆردومانکردنی هەرێمی کوردستاندا. من خۆم لە رۆژنامەکانی ئەمەریکادا ئەوەم خوێندۆتەوە کە خەڵك رەخنە لە بڕیارەکەی ئەمەریکادا دەگرن کاتێك چاوپۆشی لە تورکیا کرد بۆ هێرش کردنە سەر هەرێمی کوردستان. ئەمەریکا هەوڵی راگرتنی هاوسەنگی دەدات لە نێوان بەرژەوەندییە



جیاوازەکانی لە ناوچەکەدا، هەندێ جاریش هاوسەنگییەکەی ڕاست و دروست نییە، هەندێ جار بە هەڵە حوکم دەدات. کوردەکان هەڵە دەکەن و ئەمەریکییەکانیش هەڵە دەکەن، لە سیاسەت و لە ژیانیشدا هەڵە دەکرێت، هیچ کەس و لایەنێك بێ کەم و کوڕی نییە.

## ڕاپۆرتەکەی مایکل ڕۆبن ڕاپۆرتێکی گێلانەیە و لە لایەن کەسێکی گێلەوە نوسراوە

*** مایکڵ ڕۆبن ڕاپۆرتێکی بە ناوی «ئایا کوردستانی عێراق هاوپەیمانێکی باشە بۆ ئەمەریکا؟» بڵاوکردەوە، کە بارزانی بە کەسایەتی یاسر عەرەفات شوبهاندووە و کوردستان بە بنکەی تیرۆر ناوەدبات، ڕاوبۆچونت چیە دەربارەی ئەم ڕاپۆرتە؟ لەبەر ئەوەی ئێستا لە ڕاگەیاندنی کوردیدا مشت و مڕێکی زۆری لە بارەوە دەکرێت و پێشتریش مایکڵ ڕۆبن لە کوردستاندا ژیاوە. بۆچی بەم شێوە ڕەقە دژی کوردەکان دەنوسێت؟**


- بەشێوەیەکی گشتی خەڵکی ئەمەریکا ٣٠٠ ملیۆن کەس دەبن، چەندەها ڕۆژنامەنووس و مامۆستای زانکۆمان هەیە، بە هەزاران کەس ووتار دەنووسن و هەزاران ڕۆژنامە و گۆڤارمان هەیە. گەر تەنیا یەك ڕۆژنامە وەربگرێت وەك ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن و دواتر بگەنە ئەو دەرئەنجامەی کە هەموو ئەمەریکا دژی کوردەکانە، ئەوا کارێکی ڕاست و دروست ناکەن. لە ئەمەریکادا شتی شێتانە دەنوسرێن، ئێمە ئازادی ڕۆژنامەمان هەیە، گەر ئازادی ڕۆژنامە بەرخسێنیت پێویستە ئەو ڕاستییەش قبوڵ بکەیت کە خەڵکانێك هەن ئەو شتە بێسەروبەرانە دەنوسن. گەر کوردەکان لەو باوەڕەدابوون کە ئەمە بە شێوەیەکە سەد دەر سەد گوزارشت لە گۆشەنیگای ئەمەریکا دەکات ئەوا بە هەڵەداچوونە، ئەوەی ڕۆبن ڕاپۆرتێکی گێلانەیە و لە لایەن کەسێکی گێلیشەوە نوسراوە. ڕۆژانە بە سەدان ڕاپۆرتی لەو شێوەیە دەنوسرێن، ناکرێت تەنها ڕاپۆرتێك دەستنیشان بکەیت و وا بزانیت کاریگەرییەکی زۆری هەیە. من لەو باوەڕەدانیم کە ئەم ڕاپۆرتە هیچ کاریگەرییەکی بەسەر سیاسەتەکانی ئەمەریکاوە هەبێت. کوردەکان دۆستێکی زۆریان لە ئەمەریکادا هەیە، نابێت دەرفەت بدەین درز بکرێتە ئەو دۆستایەتییەوە، نابێت ڕێگا بدەین ناکۆکی دروست کەن لە نێوانماندا. بڵاوبونەوەی ڕاپۆرتی لەو شێوەیە دەیسەلمێنێت کەسانێك هەن هەوڵی دروستکردنی کەلێن دەدەن لە نێوان ئەمەریکا و کوردەکاندا.

## بە شەخسی مایکل ڕۆبن ناناسم و ناشمەوێت بە شەخسی بیناسم من پێم وایە مایکل ڕۆبن کەسێکی گێلە زۆر گوێ بۆ تورکەکان دەگرێت ڕەنگە تورکەکان بە پارەی باش مامەڵەی لەگەڵدا بکەن

***هەندێ کەس لە کوردستان پێیان وایە مایکڵ ڕۆبن هەمان لێدوانی جەنەراڵ تورکییەکان دووبارە دەکاتەوە، هەروەها ئەو دژی ئاڵای کوردستان دەوەستێتەوە. لەو بارەیەوە چی تێڕوانینێکتان هەیە؟**

- من پێم وایە مایکل ڕۆبن کەسێکی گێلە. ڕەنگە زۆر گوێ بۆ تورکەکان بگرێت، ڕەنگە تورکەکان بەپارەی باش مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. من بە شەخسی نایناسم و ناشمەوێت بە شەخسی بیناسم. بە لای منەوە مایکل ڕۆبن کەسێکی گێلە و کارێکی گێلانەشی کرد. گەر ئازادی ڕۆژنامە هەبوو دەبێت ئەو ڕاستییە قبوڵ بکەن. من ئەتوانم گەرەنتی ئەوەتان بدەمێ کە ئەم ڕاپۆرتە کاریگەرییەکی جیددی نابێت لەسەر واشنتۆن. ساڵێك پێش ئێستا هەندێ خەڵك لە کوردستاندا ڕایان گەیاند جەنەراڵ پەتریۆس خیانەتی لێکردین. گریمانەی ئەوە بکە جەنەراڵ پەتریۆس ئەو نوسینانەی بخوێندایەوە و ئەو تێڕوانینەی لە لا دروست ببوایە کە هەموو کوردەکان دژی منن، بەڵام لەبری ئەوە بەرگری لە کوردەکان کرد و زۆر بایەخی پێنەدا. من لەو ڕووەوە هاوسۆز نیم لەگەڵ تورکیادا، بەڵام تورکەکان پارەیەکی زۆریان لە واشنتۆندا خەرج کردووە.

## بارزانی و تاڵەبانی دوو پیاوی گەورە و دوو سەرۆکی گەورەن




*Free Kurdistan*

**چارەسەری ڕالف پیتەرز بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ**

**ڕێگەدان بە بۆردومانکردنی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی هەڵەبوو من خۆم لە ڕۆژنامەکانی ئەمەریکادا ئەوەم خوێندۆتەوە کە خەڵک ڕەخنە لە بڕیارەکەی ئەمەریکادا دەگرن کاتێک چاوپۆشی لە تورکیا کرد بۆ هێرش کردنە سەر هەرێمی کوردستان. ئەمەریکا هەوڵی ڕاگرتنی هاوسەنگی دەدات لە نێوان بەرژەوەندییە جیاوازەکانی لە ناوچەکەدا، هەندێ جاریش هاوسەنگییەکەی ڕاست و دروست نییە، هەندێ جار بە هەڵە حوکم دەدات**

**بە لای منەوە مایکل ڕۆبن کەسێکی گێلە و کارێکی گێلانەشی کرد. ئەتوانم گەرەنتی ئەوەتان بدەمێ کە ئەم ڕاپۆرتە کاریگەرییەکی جیددی نابێت لەسەر واشنتۆن**

**بارزانی و تاڵەبانی دوو پیاوی گەورە و دوو سەرۆکی گەورەن. ئەوەی پەیوەندی بە گۆڕانی سنورەکانەوە هەبێت، من هێشتا باوەڕم بە حەتمیەتی گۆڕانی ئەو سنورانە هەیە. ئەو سنوورانە دەگۆڕێن بەڵام نازانین کەی. من لە عەقڵ و لە دڵما باوەڕم وایە کە رۆژێک دێت کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ دەبینین. لە ئەمەریکادا ووردە ووردە دان بەوەدا دەنرێت کە ئەو سنوورانەی لە لایەن بەریتانی و فەرەنسییەکانەوە دارێژراون راست و دروست نین. ا**

**من باوەڕم وایە مێژو کوردستانێکی ئازاد دێنێتەدی. بەڵام رەنگە ئەوە هەندێ کات بخایەنێت**

***چ راسپاردەیەکت هەیە بۆ گەلی کوردستان؟ چۆن ئایندەی کوردســـتان دەبینیت؟ ئایا هێشتا باوەڕت بە گۆڕانی سنوورە خوێناویەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە؟**

- ســـەرەتا راســـپاردەی من بۆ بەڕێزان تاڵەبانی و بارزانی وەك راسپاردەی منالێکە بۆ کەسێکی پێگەیشتوو. بارزانی و تاڵەبانی دوو پیاوی گەورە و دوو ســـەرۆکی گەورەن. ئەوەی پەیوەندی بە گۆڕانی سنورەکانەوە هەبێت، من هێشتا باوەڕم بە حەتمیەتی گۆڕانی ئەو ســـنورانە هەیە. ئەو ســـنوورانە دەگۆڕێن بەڵام نازانین کەی. من لە عەقڵ و لە دڵما باوەڕم وایە کە رۆژێك دێت کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ دەبینین. مـــن دەتوانم ئـــەوەت پێبڵێم کە لە ئەمەریـــکادا ووردە ووردە دان بەوەدا دەنرێت کە ئەو ســـنوورانەی لە لایەن بەریتانی و فەرەنسییەکانەوە دارێژراون راست و دروست نین. لە داهاتودا ئەمەریکا کەمتر ئامادەی بەرگریکردن دەبێت لەو سنوورانەی پتر ئامادەی گۆڕینیان دەبێت. لە ساڵی ٢٠٠٣دا باوەڕم وابو کە ئەوە کاتێکی گونجاوە بۆ لێکهەڵوەشـــاندنەوەی عێراق بۆ ســـێ بەش، لە پێناو پێکهێنانی کوردستانێکی ئازاددا. ئەو کارەمـــان نەکرد، بەڵام من باوەڕم وایە مێژو کوردســـتانێکی ئازاد دێنێتەدی. بـــەڵام رەنگە ئەوە هەندێ کات بخایەنێت. هەڵوێســـتی شەخسی من ئەوەیە کە پێویستە خەڵکی مافی ئەوەیـــان هەبێت بە ئازادی بژین و خۆیان بڕیار لە شـــێوی وڵاتی خۆیان بدەن لەســـەر بناغەی دەنگی زۆرینە. من بەوە کۆتای بە قسەکانم دەهێنم، کە هیوادرام خوا بەرەکەت بخاتە کوردســـتانەوە و من چاوم لەو رۆژەیە هەروەك هەمیشە چاوم لێیبووە کە لە کوردستانێکی ئازاددا پاسپۆرتەکەم بدەمە دەست بەرپرســـی بەشی پاسپۆرت بۆ ئەوەی ســـەردانی کوردستان بکەم.

**من خۆشحاڵم یاساکان لە پەرلەمانی عێراقدا پەسەندکران و کوردستانیش توانی لە سەدا ١٧ داهاتی عێراق بەدەست بهێنێت**

*** ئەی چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق هەڵدەسەنگێنیت؟**

- ئەوە پرسیارێکی قورسە و پەیوەندی بە بەشە جیاوازەکانی عێراقـــەوە هەیە، من لە ئەیلولی رابردووەوە ســـەردانی عێراقم نەکـــردووە، بەڵام گوێ لە هاوڕێ و دۆســـتەکانم دەگرم لە عێراقدا. پێم وایە بارودۆخی بەغدا بەرەوپێشـــچوونی بەخۆوە بینیوە، بارودۆخی ئەنبار پێشـــکەوتنی بە خۆوە بینیوە و بە دڵنیاییەوە بارودۆخی کوردستانیش وەك هەمیشە لە بەشەکانی دیکەی عێراق باشـــتربووە. بەڵام کەســـانێك هەن دەیانەوێت کەرکووك نەگەڕێتەوە بۆ سەر کوردستان و شەڕی موسڵیش دەکەن. من پێـــم وایە بەریتانییەکان لە ناوچەی باشـــووردا لە ناوچە شیعەنشـــینەکاندا کارێکی باشـــیان ئەنجام نەدا، دەرفەتیان بە توندڕەوە شیعەکان، بە موقتەدا سەدر و سوپای مەهدی دا تاوەکو کونترۆڵی ئەو ناوچانە بکەن. کاتێك باس لە عێراق دەکەین، ئەوا وێنەکە ئاڵۆزە، ئەوەش دەوەستێتە سەر



ئەوەی چ بەشـــێکی عێراق لەبەرچـــاو دەگریت. بارودۆخی بەغدا بە بەراورد بە رابردوو باشترە، بارودۆخی کوردستانیش باشترە، هێشـــتا هەل و مەرجەکە لە ئەنبار و دیالە سەختە. من خۆشحاڵم یاســـاکان لە پەرلەمانی عێراقدا پەسندکران و کوردستانیش دەتوانێت لە سەدا ١٧ داهاتی نیشتمانی عێراق بەدەســـت بهێنێت. من خۆشـــحاڵم لایەنەکان سازشیان کرد و گەیشتنە رێککەوتن، لەبەر ئەوەی بە بێ سازشکردن عێراق سەرکەوتوو نابێت و هیچ پێکهاتەیەکی عێراقیش بە کورد و شیعە و سوونەکانەوە ناتوانن خواستەکانیان بهێننەدی.

**باشترین و بە تواناترین و لێهاتوترین سەرکردە سیاسییەکانی عێراق بریتین لە سەرکردە کوردەکان.**

**ئێوە وە کورد بۆچونێکی راست و دروستتان هەیە کاتێك باس لە پێویستی پەسندکردنی یاسای نەوت دەکەن**

**- ئێســـتا چەند کێشەیەك هەیە لە عێراقدا کە پێویستیان بە ئاوڕلێدانەوەی بە پەلە هەیە، وەك پەسندکردنی یاسای نەوت و پێکهێنانـــەوەی حکومەت بە شـــێوەیەکی هەمو لایەنەکان بەشـــداری تێدا بکەن. لەبەر ئەوەی ئێســـتا ســـوننەکان لە دەرەوەی حکومەتدان. چ حکومەتێك دەتوانێت ئەم کێشـــانە یەکلابکاتەوە؟**

- ئەوانە کێشە گەلێکی سەختن. لە رابردودا هیچ رێککەوتنێك نەبووەو، لەبەر ئەوەی نەتان دەتوانی لەگەڵ سەددام حوسێندا رێکبکەون. ئێســـتا لە عێراقدا ئازادی هەیە، خەڵکی عێراق دەست و پەنجە لەگەڵ ئەم ئازادیەدا نەرم دەکەن و سەرگەرمی ئەوەن فێری ئەوە ببن کە ئازادی مانای ئەوە نییە هەرچیەك بیخوازێت بەدەستی بهێنیت. هەروەها ئازادی بە مانای ئەوە دێت بەرپرســـیارانە رەفتار بکەیت. من لە ســـاڵی رابردودا زۆر نائومێـــد بووم لە ئـــەدای لاوازی پەرلەمانی عێراقی. بەڵام ئێســـتا پێشکەوتنێك هەیە، ســـێ یاسای گرنگ لە پەرلەماندا پەســـند کران، وەك یاسای بوودجە و لێخۆشبوون. ئێوە بۆچونێکی راســـت و دروســـتتان هەیە کاتێك باس لە پێویستی پەسندکردنی یاسای نەوت دەکەن، هەروەها عێراق پێویستی بە چەندین یاسای دیکەی هەیە. ئەمەریکییەکان بە هەڵـــەدا دەچن گەر دان بە خۆیاندا نەگرن، ســـاڵی پار کۆنگرێســـی ئەمەریکا کارێکی کەمی کرد، لەبەر ئەوەی سەرقاڵ بوو بە ناکۆکیەکانییەوە دەربارەی یاسا و پرۆگرامە جیاوازەکان. لە سەردەمی دیکتاتۆریەتی سەددامدا بڕیارەکان



بــە پەلە دەردەکران، لەبەر ئەوەی تەنیا کەســێك جڵەوی کار و بڕیارەکانی بە دەســتەوە بوو. ئێســتا دیموکراسی هەیە و دیموکراسیش پرۆســەیەکی خاو و لەسەرخۆیە. لەبەر ئەوەی زۆرینە دەبێت بگاتە ڕێککەوتــن. ئەمەش مانای ئەوە نییە حکومەتی مالیکی کامڵ بێت و بێ کەم و کوڕی بێت. من پێم وایە مالیکی کەسێکی زۆر لاوازە، هەڵبژاردنی مالیکی بۆ ســەرۆك وەزیران هەڵبژاردنێکی هەڵە بوو. بەڵام خەڵکی عێراق بــەو حکومەتە ڕازی بوون و پێکهاتــە جیاوازەکانی عێراق ڕێککەوتن لەســەری. حکومەتی ئەمەریکا ناتوانێت بیگۆڕێت. لە لایەکی دیکەوە، کوردەکان بە باشی نوێنەرایەتی دەکرێن لە سەر ئاســتی نەتەوەیی و مەحەلی. وەك بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانی، بەرهەم ساڵح و مەحمود عوسمان. گومان لەوەدا نییە، کە باشترین و بە تواناترین و لێهاتووترین سەرکردە سیاسییەکانی عێراق بریتین لە سەرکردە کوردەکان.

**کرۆکەر و پاترێوس ڕایان گەیاندووە گرنگە مالیکی دان بەو ڕاستییەدا بنێت**

**عێراق تەنها لە شیعە پێک نەهاتووە.**

*** زۆرێك لە شــارەزایان پێیان وایە هۆکاری چەقبەســتنی پرۆســەی سیاســی لە عێراقدا بۆ ئــەوە دەگەڕێتەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشــتگیرییەکی ڕەها و بێ مەرج لە سەرۆك وەزیرانی عێراق دەکات، ئەمەش سەرۆك وەزیرانی وا لێکردوە گوێ بە خواســتی لایەنەکانی دیکە نەدات. ئایا هاوڕانیت لەگەڵ ئەو بۆچونەی دەڵێت پێویســتە ئەمەریکا پشتگیرییەکی ســنووردار و مەرجدار هەبێت بۆ حکومەتی مالیکی؟**

- ئەوە بۆچونێکی ڕاســت نییە، ئەمەریکا پشتگیرییەکی بێمەرج لە حکومەتــی مالیکی ناکات. باڵیۆز کرۆکەر و جەنەڕاڵ پاترێوس ڕایــان گەیاندووە کە گرنگە مالیکی دان بەو ڕاســتییەدا بنێت کە عێراق تەنها لە شــیعە پێك نەهاتــووە. بەڵکو لە کورد و ســوننەکانیش. من ئەتوانم ئەوەت پێبڵێم کە فشــارێکی زۆر هەیە لە سەر حکومەتی مالیکی. بۆ نمونە، پاســەوانی گەڕەکەکان کە ســەر بە لیژنــە ئەمنییەکانن لەگەڵ ئەمەریکادا هاوکاری دەکەن، لەبەر ئەوەی لە لایەن حکومەتی مالیکیەوە پشــتگیری ناکرێــن، هۆکارەکەش ئەوەیە شــیعەکان نیگەرانن لەوەی ســوننەکان ڕۆڵی ڕابردو بەدەســت بهێننەوە. ئێمە هەوڵ دەدەین ئەو ڕاســتیەییان بۆ ڕون بکەینەوە کە سوننەکانیش پێویستیان بەوە هەیە گەڕەکەکانی خۆیان بپارێزن و هێزی پۆلیســی خۆیان هەبێت. لەبەر ئەوە پشتگیرییەکی ڕەها بۆ حکومەتــی مالیکی لە ئارادا نییە. هەروەها جەنەڕاڵ پاترێوس بەرگری لە مافی کوردەکان کرد.

**من زۆر نائومێدم لەو بڕیارەی واشنتۆن کە چاوپۆشی لە تورکیا کرد بۆ بۆردومانکردنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستاندا**

لە لایەکی دیکەوە من زۆر نائومێدم لەو بڕیارەی واشنتۆن کە چاوپۆشــی لە تورکیا کرد بۆ بۆردومانکردنی ئەوەی پێــی دەڵێن بنەکەکانــی پەکەکە لە ســنووری هەرێمی کوردستاندا. من پێم وایە ئەوە وەك بەرپاکردنی شەڕ وایە و پێشێلکردنی سەروەری عێراقە. تەنانەت لە دیموکراسیشدا هەمو کەســێك هاوڕا و هاوبۆچوون نییە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا. دواتر عێراق حکومەتێکی خاوەن ســەروەری هەیە و وڵاتــە یەکگرتووەکانی ئەمەریــکا ناتوانێت فەرمانی پێبــکات. بەڵکــو دەتوانێت هەوڵی قەناعــەت پێهێنانی بدات. گفتوگۆ و دانوســتاندنێکی زۆر لە پشــت دەرگا داخرەوەکانەوە بەڕێوە دەچێت کە هەمووی بۆ ڕای گشتی ئاشــکرا ناکرێت. فشارێکی زۆر هەیە لە سەر حکومەتی مالیکــی و ئەندامەکانــی ئەو حکومەتە بــۆ ئەوەی بە شــێوەیەکی بەرپرســیارانە ڕەفتار بکەن. لەبــەر ئەوەی گۆڕانــەکان بە گفتوگۆ و بە دیبلۆماســیەت دەکرێن و ناکرێت شــتەکان بە شێوەیەکی ئاشکرا بکرێن. ئێمە فشار لەســەر حکومەتی عێراق دەکات بەڵام حکومەتی عێراق خاوەن سەروەریە و ئێمە ناتوانین فەرمانی پێبکەین. بەڵام بۆ یەك ســاتیش وا بیر مەکەنــەوە حکومەتی ئەمەریکا ڕێگە بە حکومەتی مالیکــی دەدات هەرچی دەخوازێت ئەنجامی بدات بە بێ ئەوەی ڕەخنەی لێبگرێت. هەروەها حکومەتی مالیکی پشــتگیرییەکی تــەواوی پێکهاتەی شــیعەکانی بەدەست نەهێناوە، لە ناو شــیعەکاندا پارتی سیاسی جیاواز و گرووپی جیاواز هەیە. مالیکی کارێکی ســەختی لە پێشە و من پێم وانییە ســەرۆك وەزیرانێکی باش بێت. من پێم وایــە نابێت ئەمەریکی و عێراقییەکان چاوەڕوانــی هێنانــەدی ئامانجگەلێکــی زۆر بکەن لە کاتێکی کەمدا. هێشــتا عێراقییــەکان لە هەوڵی ئەوەدان باشترین ڕێگە بۆ سەرکەوتنی دیموکراسی بدۆزنەوە. حاڵی حــازر گەندەڵییەکی زۆر لە عێراقــدا هەیە کە خراپترین دوژمنی عێراق و ئایندەی عێراقە. هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد دیموکراسی پرۆسەیەکی ئاسان نییە، بە پێچەوانەوە پرۆســەیەکی قورســە، بڕوانە وڵاتی کینیا، هەندێ جار دیموکراسی شکست دەهێنێت، هەمیشە سەرکەوتن بە دەست ناهێنێت. لەبەر ئەوە چاوەڕوانی ئەوە مەکە دیموکراسی بێ کەم و کوڕی بێت، تەنها خوا بێ کەم و کوڕییە.

●●●


**لە ئەمەریکادا شتی شێتانە دەنوسرێن، ئێمە ئازادی ڕۆژنامەمان هەیە، گەر ئازادی ڕۆژنامە بڕەخسێنیت پێویستە ئەو ڕاستییەش قبوڵ بکەیت کە خەڵکانێك هەن ئەو شتە بێسەروبەرانە دەنووسن، ئەوەی ڕۆبن ڕاپۆرتێکی گێلانەیە و لە لایەن کەسێکی گێلیشەوە نوسراوە. لەو باوەڕەدانیم کە ئەم ڕاپۆرتە هیچ کاریگەریەکی بەسەر سیاسەتەکانی ئەمەریکاوە هەبێت. بڵاوبونەوەی ڕاپۆرتی لەو شێوەیە دیسەلمێنێت کەسانێک هەن هەوڵی دروستکردنی کەلێن دەدەن لە نێوان ئەمەریکا و کوردەکاندا**

●●●

●●●

**بەریتانییەکان لە ناوچەی باشووردا لە ناوچە شیعەنشینەکاندا کارێکی باشیان ئەنجام نەدا، دەرفەتیان بە توندڕەوە شیعەکان، بە موقتەدا سەدر و سوپای مەهدی دا تاوەکو کۆنترۆڵی ئەو ناوچانە بکەن**

●●●



فوئاد سدیق

# مایکل رۆبین و گرووپە رۆژنامەگەرییەکەی لە کوردستان دا !!

ئەوەی مایکل رۆبین لەسەر کوردو سەرکردایەتییەکەی نووسی، چاوەڕوانکراو نەبوو، چاوەڕوانکراو نەبوو بۆیە مقۆ مقۆی زۆر و زۆر لێکدانەوەی جیاوازی بۆ کرا ,ئیتر چ سایتی سبەی، چ رۆژنامەی هاوڵاتی لە لایەك بۆ هەڕمێنکردنی بڵاوکراوەکانیان ,لە لایەکیتریش بۆ بەربەرەکانیکردنی حکومەتی کوردستان و پشتگیرییەکی ئەوانەی کە دژی کوردو حکومەتی کوردین ,گرنگیان بەم بابەتەی رۆبین دا ,بەتایبەتی ئەو راستییە لەوکاتەوە دەردەکەوێت کە رۆبین ئەم بابەتەی خۆی بە ئیمەیلی تایبەت بۆ سایتی سبەی ناردووە بۆ بڵاوکردنەوە، سەرباری ئەوەش دەقە ئینگلیزییەکەی هاوکات لەگەڵ دەقە کوردی و تورکیەکە واتا بە وەرگێڕدراوی بۆ سەر کوردی و تورکی لە یەك کاتدا لە ((ئەمریکان ئینتەرپرایس )) بڵاوکراوەتەوە ,بە شێوەیەك سێرچ لێبدەیت ئەم بابەتە نایەت تا ناوی رۆبین ئینتەر نەکەیت!! کەواتە چ سایتی سبەی، چ رۆژنامەی هاوڵاتی ، بابەتەکەیان بە ئامادەکراوی و بەبێ دەستکاریکردن بۆ هاتووە بۆ بڵاوکردنەوەی، ئەمە ئەگەر ستافی سایتی سبەی یا هاوڵاتی بەر لە بڵاوکردنەوەی دەقە ئینگلیزییەکە بۆ خاتری رۆبین نەیانکردبێتە کوردی و بۆیان ناردبێتەوە تا پێکەوە بە سێ زمان ئینگلیزی و کوردی و تورکی بڵاوبکرێتەوە، سەیری ئەم سیناریۆیە بەرنامەرێژکراوە بکەن، نووسینەکەی رۆبین لە واشنتۆن پۆست یا هەر رۆژنامەیەکی دیکەی ئەمریکی یا بەریتانی بڵاونەکراوەتەوە تا ئەوانیش وەریبگرن و لای خۆیان بڵاوی بکەنەوە، بەڵکو لەکاتی نووسینی ئەم باسەی رۆبین تەنها سایتی سبەی هەروەها رۆژنامەی هاوڵاتی و بەرەی تورکمانی و هەروەها تورکیش دەیلی نویز ئاگاداری جۆرە نووسینێکی لەم جۆرە بوونە، ئەگینا سایتی سبەی چ وەها زوو پێی زانی و بڵاوی کردەوە ؟!!، ئەی هاوڵاتی جگە لە بڵاوکردنەوەی نووسینەکەی رۆبین، بۆچی دیمانەی تایبەت بە نارازیبوونی سەرکردایەتی کوردی لەگەڵدا کردو نان و شەکری پێوە خوارد ؟!، ئەی باشە رۆژنامەی رۆژنامە بۆچی راستەوخۆ لە دوای هاوڵاتی دیمانەیان لەگەڵدا کرد و بە دوو قۆڵی (رۆژنامەی رۆژنامە و هاوڵاتی) دیمانەیان لەگەڵدا دەکرد و، زیاتر مەسەلەیەکی وەهایان دەورووژاند ؟!

ئەوەی لە گوتارەکانی ئەم چەند ساڵەی رابردووی سەرۆکی کوردستان (مەسعود بارزانی ) و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (نێچیرڤان بارزانی) ورد ببێتەوە، ئەو راستیانە هەست پێدەکات کە ئەو دوو سەرکردەیە لەبەردەم چ تەحەدییەکی گەورەی ناوەخۆو هەرێمی و نێودەوڵەتین، کەچی لەگەڵ ئەم هەموو تەحەدییانەوە لە کاتێکدا ئەم سەروتارەی گوڵان دەنووسم سەرۆکی حکومەتی کوردستان نێچیرڤان بارزانی لە کۆریای باشوورەو بڕی (١٢) دوانزە ملیار دۆلاری لەگەڵ کۆریا مۆر کردووە کە هەر هەمووی بۆ کارە خزمەتگوزارییەکانی هاوڵاتیانی کوردستانە، بە پێچەوانەی ئیرادەو ویستی حکومەتی مالیکی، کە هەموومان دەزانین چۆن بەردەوام لە گرفت نانەوەن بۆ حکومەتی هەرێم، وێڕای هەموو ئەمانەش بڕواناکەم کەسێك هەبێ بڵێ لە کوردستاندا هیچ گرفت و ئاڵۆزییەك لە ئارادا نییە، بەڵام ئەرکی نیشتمانی ئەوەیە هەموومان کار بکەین بۆ نەهێشتنی کەمو کورتییەکان و بەڕێوەچوونی ئیدارەیەکی سیستەماتیکی و دامەزراوەیی کە بتوانێت باشترین شێوەی حوکمڕانی تێدا بەرقەرار بکرێت . ئەرکی نەك تەنها رۆژنامەگەری کوردی، بگرە هەر تاکێکی کورد پێویستە ئەوە بێت داوای باشترین شێوەی حوکمڕانی بکەین بە راستکردنەوەی هەڵەو کەموکورتیەکان ، نەك سەنگەر گرتن لەگەڵ ناحەزانی کورد.